# سێ خولگەی ڕەخنەیی
# لە ئەدەبی کوردی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# سێ خولگەی ڕەخنەیی
# لە ئەدەبی کوردی

دکتۆر لەتیف محەمەد حەسەن
پرۆفیسۆری یاریدەدەر
کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر



**پێشکەشەبە:**

**تۆ کە یەکەم کەس بووی جریوەی ئەستێرەی ئاسمانی**
**خۆشەویستیت پێ بەخشیم...**
**ئێستا ئەو دیو پەردەی ئەم جیهانە جێگەتە**
**ئەی دایە گەورەم (حەلاوە خان)**
لطیف (لەتە)

ناوی کتێب: سێ خولگەی ڕەخنەیی لە ئەدەبی کوردی
نووسینی: دکتۆر لەتیف محەمەد حەسەن
بلاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ١٥٠
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: خۆشنووس محەمەد زادە
پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالق – دلاوەر صادق
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر– ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣١٨)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

# پێشەکی

ئەوەی ئەم سێ لێکۆڵینەوەیە لە دوو توێی ئەم کتێبەدا کۆ ئەکاتەوە شیکردنەوەیەکی رەخنەیی پراکتیکییە بۆ دەقە ئەدەبییەکان، پێویستە لەم پێشەکییەدا بوترێت، لەبەر ئەوەی هەریەک لەم سێ لێکۆڵینەوەیە پێشەکی تایبەتی خۆی هەیە، سەرلەنوێ نووسینی پێشەکییەکی دی دوورودرێژ دەربارەی کرۆکیان لەوانەیە کارێکی زیادە بێت.

لێرەدا بەکورتی ئەوەی رەچاو دەکرێت هەرچەندە ئەم سێ خولگە رەخنەییە شیکردنەوەیەکی جوانکاری دەقە هونەرییەکانی گرتۆتە خۆی، بەڵام لە نێو هێڵکاری شیکردنەوەدا سێبەری چەند بیروبۆچوون و هەڵوێست و فەلسەفەیەک خۆیان حەشار داوە کە سوودمەندن بۆ بیر و هۆش و رۆشنبیری تاکە کەس و کۆمەڵ... لەو باوەڕەدام هەناسەی نەرمونیان و لەسەرخۆی ئەم چەند دەقە هونەرییە و سێبەری جوانکاری شیکردنەوە رەخنەییەکان هەناسە و ئاواتی هەموو مرۆیەکی خێرخواز و نیشتمانپەروەرە و، ئاهێک بەئێشوئازاری مرۆیی و نەتەوایەتیماندا دێنێتەوە، سۆز و هەست و بیری جوان و ناسکی دەقەکان دەبێتە هۆی ئارامی گیان و دەروون، بێجگە لەو نرخ و بەها هونەرییانەی شیکردنەوەکان دەیانخەنە ڕوو، بەپێی ڕێبازێکی رەخنەیی هاوچەرخانە کە هیوادارم کەلێنێک لە رەخنەی کوردی ئەمڕۆمان پڕ بکاتەوە.

**خولگەی یەکەم:**

# دیالێکتیکی (وردیلەیی و قەبەیی) لە هۆنراوەی (جوانی بێ ناو)ی گۆراندا

**دەروازە:**

زەمینەی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکهاتووە لە یەکێک لەو دووانانەی بایەخێکی دیار و تایبەتییان هەیە لە هزر و ژیانی مرۆڤدا، لە نێوان دوو جەمسەری ئەم دیالێکتیکەدا (وردیلە/ قەبە) هەڵوێستی مرۆڤ بەرامبەر زۆر لە دیاردە و ڕووداوەکانی ژیان لە ڕووی بیر و سۆز و دەروون و کۆمەڵایەتییەوە گەڵاڵە دەبێت، مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە شتە قەبە و وردەکان سەرنجی ڕادەکێشن و دەبنە هۆی دروستبوونی دید و هەڵوێستی جیا جیا بەرامبەریان لە نێوان (قین/ خۆشەویستی)، و (سڵەمینەوە/ هۆگربوونیان)دا، لای هەر کەسێک یان کۆمەڵێک چەند شتێکی ورد و قەبە خۆشەویست و پیرۆز دەبن و چەند شتێکی ورد و قەبەی دی بەپێچەوانەوە.

هەرچەندە پانتایی ئەم لێکۆڵینەوەیە مەیدانی دیدی جوانییە بەڵام لە ڕاستیدا ئەم دیدە - ئەگەر دیدی تاکە کەسیش بێت - پەیوەندە بەجۆری پەروەردە بوونی مرۆڤ و هەڵوێستی کۆمەڵەوە، ئەوەی گرنگە لەم بازنەیەدا زیاتر سۆز و بیری مرۆڤ - بەتایبەتی کۆمەڵە ناشارستانییەکاندا - بەرەو بایەخدان بەشتە قەبەکان دەچێت، جا هۆی ئەم دیاردەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەو هێزە گەورەیەی کە زۆر جار شتە قەبەکان هەیانە، یان بۆ پەروەردەی کۆمەڵایەتی، کە منداڵ و نەوەکانی کۆمەڵ لەسەر هەڵوێستێک ڕادەهێنرێن شتە گچکەکان زۆر جار فەرامۆش بکەن، هەر ئەم هەڵوێستەیە بووە بەهۆی دروستکردنی چەند هەڵەیەک لە دەروون و ژیانی کەسایەتی و کۆمەڵایەتیدا، زۆر جار بەهرەداران لە بوارە جیا جیاکاندا فەرامۆش کراون، یان بەلایەنی کەمەوە ئاوڕی تەواویان لێ نەدراوەتەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی بەقەبارە گەورە نەبوون، هەر لەبەر ئەمەیە لە پەندی پێشینانی هەر نەتەوەیەکدا، کە زادەی ئەزموونی ژیانی کۆمەڵایەتییە، چەند پەندێک دەبیسترێن کە سکاڵا لەم هەڵە کۆمەڵایەتییە دەکەن، وەک (زلی بێ حونەر) و (لیرەش بچووکە) و (هەر دەوەنە و دەبێت بەدار) و لای عەرەبیش (طول طول النخلة، عقل عقل الصخلة)...





لاپەڕەکانی مێژوو هەڵەی ئەم دیدە زیاتر ئەسەلمێنن کە توانا و بەهرە بەتەنیا بۆ کەسانی قەبە و مەزن تەرخان نەکراون، بەڵکو چەندەها کەسانی وردیلەی بەقەبارە بچووک بەهرەدار و بەتوانا بوون و لە ژێریدا مەزن بوون، بۆ نموونە، ئیمامی عەلی (خ.ڕ) و غاندی و ئێنیشتاین و زۆرەهای تر...، ڕۆڵی خۆیان هەبووە لە ڕووداوی ژیانی کۆمەڵایەتیدا و تا ڕادەیەکی زۆر لە گۆڕینی ڕەوڕەوەی مێژووشدا.

هەروەها گرنگی ئەم دیالێکتیکە لە چالاکی مرۆڤدا بەتایبەتی لە بواری هونەریدا زۆر دێرینە، بنیاتی زۆربەی ئەفسانە و حیکایەت و داستانەکان پەنایان بردۆتە بەر هەڵقولانی هێزێکی مەزن لە تاکە کەسێکدا یان بەشێوەیەکی نامەعقول بوونەوەرێکی هەرە مەزن لە گەڵمتک (قمقم)ێک دێتەدەر، یان بەپێچەوانەوە دەچێتە ناو قەبارەیەکی زۆر بچووکەوە، بەپێی چالاکی ئەندێشە و تەکنیکی فەنتازی(١).

لە بواری زانستیدا هەوڵ و تەقەلاکان لە بازنەی ئەم دیاردەیەدا دەخولێنەوە بۆ بینینی شتە هەرە وردەکان و دەرخستنی بایەخیان، یان بۆ بەدەستهێنانی هێزێکی مەزن لە بوونێکی گچکەدا، لەم مەیدانەدا تەقینەوە ئەتۆمییەکان بنیات نراون لەسەر ئەو بەڵگە زانستییەی کە قەبارەیەکی گچکەی تەن. دەشێ ببێت بەقەبارەیەکی گەلێ مەزنی وزە(٢) هەر لەم بازنەیەدا جێی خۆیەتی بوترێت بەتەنیا شتە گەورەکان کاریگەر نین لەسەر ژیانی مرۆڤ، بەڵکو بوونەوەرە هەرە گچکەکانیش وەک بەکتریا و ڤایرۆس و بچووکتریش کاریگەری تەواویان هەیە چ سوود بێت یا زیان.

ئەمە دەربارەی بنەمای دیالێکتیکی (وردیلەیی/ قەبەیی) کە نیوەی پێکهاتەی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەیە، و دەربارەی نیوەی دووهەمی کە دیدی گۆران و هۆنراوەکەیە لە چوارچێوەی دیالێکتیکی دیاریکراودا، لەم بوارەدا، بەر لە هەموو شت لە ڕووی هونەرییەوە، وەک ئاشکرایە دوو جۆر شێواز بەگشتی لە هونەردا دەردەکەون شێوازێکی سادە و ساکار، و شێوازێکی تەمومژاوی(٣)، لێرەدا دەقا و دەق شێوازی هونەری گۆران بەگشتی، کە شێوازێکی سادە و ساکارە لە جۆری ئاسانی نائاسان (السهل الممتنع)ە، و بەتایبەتی شێوازی سادەی ئەم هۆنراوەیە، لەگەڵ دیدی گۆران لە بواری ئەم دیالێکتیکەدا دەگونجێ، لەبەر ئەوەی شێوازی تەمومژاوی پەنا دەباتە بەر پێکهاتە مەزنەکان بۆ بنیاتی دەقە هونەرییەکان لە ئاستی دەنگ و وشە و زاراوە و دەستەواژە و ڕستە و واتادا، ئەم ئاستانە پێکهاتەی خۆیان لە زاراوەکانی سیحر و ئەفسانە و سرووت (طقوس) و بیری ئایینی و فەلسەفی و دیاردە و ڕووداوە مەزن و پیرۆزەکان لە هزری کۆمەڵدا وەردەگرن چونکە (سیمای مەزنی - کە گەورەیی

ڕاستەقینەیە لە شیعردا – بەشێوەیەکی ئاسایی شان بەشانی تەمومژاوی ئەو بیرەی مەبەست بووە وێنەی بکێشرێت هاتووە و هەر لەبەر ئەم مەبەستەش دەستەواژەی (بیرێکی روون) هاوشانی بیرێکی گچکە (وردیلە) بووە)[٤]، گۆران لێرەدا بەم شێوازە بێ گرێ و ساکارە دەیەوێت لە گێژاوی شتە مەزن و ترسناکەکان دوور بکەوێتەوە، و بەرەو ئیحای مەبەستی هۆنراوەکە کە جوانییە بەئاسانی بکشێت.

هەرچەندە هەر یەکێک لەم دوو شێوازە گرنگی خۆیان هەیە لە شوێنی خۆیاندا بەپێی پێویستی بابەت و تەکنیکی گونجاوی دەقەکان، و ناتوانرێت لە بایەخی هیچیان کەم بکرێتەوە، بەڵام گرنگی ئەم شێوازە ساکارە لای گۆران لەوەدایە، تان و پۆی هۆنراوەکان تاڵ بەتاڵ چەند ئاست و ڕست (النسق)ێک بەیەکەوە تاڵ بەند دەکەن لە چنینی وێنە شیعرییەکاندا، ڕەنگ و دەنگ و جوولە و وەستان و کات و شوێن و گەورە و گچکە و کەم و زۆر و دوور و نزیک و خود و بابەت (الذات والموضوع) یەکتر لە ئامێز دەگرن و ئاوێتەی یەکتر دەبن لە یەک وێنە یان تابلۆی چروپری بیر و سۆز هاژێنەردا:

بۆ مەبەستی دیاریکراوی ئەم دیالێکتیکە، و تەواوی تەوەرەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە – بەپێی بۆچوونێکی ڕەخنەیی – کۆپلەی:

کانییەکی روونی بەر تریفەی مانگەشەو
لە بنیا بلەرزێ مرواریی زیخ و چەو
جوانترە لە لای من لە دەریای بێ سنوور
شەپۆلی باتە بەر تیشکی ڕۆژ شلێپو هوور[٥]

لە دەقی هۆنراوەکەدا دەبێتە بیلبیلە (بۆرە)ی سەرجەم هۆنراوەکە، خۆ ئەگەر وشە و وێنەکانی ئەم کۆپلەیە بێنینە گۆ واتاکانیان چەند دووانەیەک وێنە ئەکێشن کە سەراپا ئەم دووانانە لە نێوان شتە وردەکان و قەبەکاندا کۆ دەبنەوە کە دەچنە بازنەی سەرەکی ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە (وردیلەیی/ قەبەیی) و دەبنە پێکهێنەری تەوەرەکانی کە بریتین لە:

**تەوەرەی یەکەم:** ڕستی ڕەنگ (کاڵ/ تۆخ): لە (... روونی بەر تریفەی مانگەشەو، تیشکی ڕۆژ) هەڵدەگۆزرێت.

**تەوەرەی دووەم:** ڕستی دەنگ (نزم/ بەرز): کە (بلەرزێ و شلێپ و هوور) پێکی دەهێنن.

**تەوەرەی سێیەم:** ڕستی چەندێتی (کەم/ زۆر) بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ





(کانییەکی) کە تاکە و کەمە بەرامبەر (دەریای بێ سنوور) کە زۆر و فراوانە، دەری دەخات.

**تەوەرەی چوارەم:** ڕستی ڕواڵەت و پایە (ساکار/ ڕازاوە و پایەدار) کە دیسانەوە شاراوەیە لە ساکاری کانیدا بەرامبەر توانا و دەسەڵاتی دەریا هەروەها لە شوێنی نزمی زیخ و چەوی ژێر کانییەکەدا بەرامبەر هەڵچوون و بەرز بوونەوەی شەپۆلی سەر دەریا.

**تەوەرەی پێنجەم:** ڕستی کات و جوولە:

أ- ڕستی کات (کورت/ درێژ) کاتی هەڵقولانی هۆنراوەکە پابەندە لە نێوان دوو کاتدا کاتی وەستانی گۆران لەسەر دەریا (ئێستای هۆنراوەکە) و کاتی تەمەنی زووی گۆران کە پابەندی کانییە.

ب- ڕستی جوولە: (هێواش/ توند): (بلەرزێ) بەرامبەر (شلێپ و هوور) گەلاڵەی دەکات.

تەوەرەی شەشەم: ڕستی قەبارە (وردیلە/ قەبە): (کانی) بەرامبەر (دەریا) پێکی دەهێنێت.

***

**تەوەرەی یەکەم:** ڕستی ڕەنگ (کاڵ/ تۆخ):

دوای ناونیشانی هۆنراوەکە بەبیستنی یەکەم وشەی هۆنراوەکە (قژ) ڕستی ڕەنگ پێکدێت لەگەڵ ئەو چەپکە واتایەی قژ دەیگرێتە خۆی وەک، نەرمی/ زبری، کورت/ درێژ، لول/ خاو، هزری مرۆڤ بەر لەمانە زیاتر بەبیستنی ناوی (قژ) بۆ ڕەنگ دەچێت، ڕەش یان سپی، قاوەیی یان زەرد و کاڵ، لێرەدا بەر لەوەی هزری مرۆڤ پەرش و بڵاو بێت لە نێوان ئەم واتایانەدا یان خۆی بۆ خۆی ڕەنگێک لە خەیاڵی خۆیدا بۆ قژی ئەم جوانە بێ ناوە دابنێت – بەتایبەتی ڕەنگی ڕەشی قژ کە زیاتر زاڵ و باوە لە چاو ڕەنگەکانی تریدا و بووە بەبۆماوە و داب و نەریتێکی دیدی جوانی کۆمەڵایەتی و لە شیعری زۆربەی شاعیرانیشدا ڕەنگی داوەتەوە، تەنانەت لای گۆرانیش[٦] – لێرەدا خێرا وشەی (کاڵ) ڕەنگەکەی دیاری دەکات:

قژ کاڵی......

ئەم ڕەنگە کاڵە دەبێتە هەوێنێک و زۆربەی ئەو ڕەنگانەی لە وێنەکانی دوای ئەم وێنەیەدا دێن ئەم ڕەنگە (کاڵ)ە دەنوێنن لە بازنەی ڕەنگی تۆخ و زەق دێنە دەر:

**قژکاڵی، لێو ئاڵی،** پڕشنگی نیگا **کاڵ**
ئەی کچە جوانەکەی سەر گۆنا **نەختێک ئاڵ**

هەرچەندە ڕەنگی (ئاڵ) مام ناوەندییە، بەڵام لەچاو سووردا یان جگەریدا کاڵە ~ بێجگە لەوەی ڕەنگی لێو لە واقیعدا هەر ئەم ڕەنگەیە و وەک قژ ڕەنگی کەی نییە دوای ڕەنگی ئاڵی لێوەکانی ئەم جوانە کە مەیلەو کاڵە، پڕشنگی نیگاش کاڵە، واتە سەرچاوەی ئەم پڕشنگەش کە چاوە کاڵە، گۆناش هەر بەم ڕەنگە کاڵە جوانی خۆی ئەنوێنێ بەڵکو زیاتریش کاڵ دەبێتەوە: سەر گۆنا نەختێک ئاڵ.

ئاشکرایە ڕەنگ دیاردەیەکە پەیوەستی ڕووناکییە و لە یەکتر جیا نابنەوە(٧) لەم ڕووەوە وێنەی (پڕشنگی نیگا کاڵ) هەردوو دیاردەکە ڕووناکی و ڕەنگ (پڕشنگ/ نیگا کاڵ) بەیەکەوە گرێ دەدا و دەریان دەخات، ئەم لایەنە زیاتر لە کۆپلەی بیلبیلەدا (کانییەکی ڕوونی بەر...)دا دەبینرێ، دیدی جوانی لای گۆران - وەک وترا - بەرەو جوانی ڕەنگە کاڵ و ڕوونەکان ئەڕوات، دەیەوێت ڕەنگ هێمن بێت، نەک تۆخ و زەق، ئەگەرچی ڕەنگی تیشکی ڕۆژی بەسوودیش بێت، لەم وێنەیەدا لە تیشکی ڕۆژی توند و تیژ بێزارە و بەرەو ڕووی خەرمانەی (تریفەی مانگەشەو) مل ئەنێت کە تیشکێکی هێمن ئەبەخشێت - نە تۆخی شەوی نوتەک و نە توند و تیژی تیشکی ڕۆژ - هەر لەبەر ئەمەیە (کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو) جوانترە لە شەپۆلی دەریای بێ سنووری بەر تیشکی ڕۆژ.

وێنەی (ئەستێرەی بەربەیان)یش بەتیشکێکی کزی هێمنەوە دەچێتە پاڵ جوانی ئەم وێنەیە:

لە هەموو ئاسمانا **ئەستێرەی بەربەیان**
ئەخاتە دڵی من هەستێکی سپی و جوان

هەروەها ئەو گوڵانەی جێگەیان سەر چڵە و زەق و بینراون لەبەر تیشکی ڕۆژدا:

با ڕەنگیان پەرداخت بێ و جێگەیان سەر چڵ بێ
بەواتەی خەڵکی تر با ناویان شاگوڵ بێ

گیانی گۆران ناهەژێنێ وەک گوڵە وەنەوشەیەکی بەر سێبەرێک کە تەنیا ڕووناکییەکی ناڕاستەوخۆی هێمن لێی دەدات، و بەدوورە لە ڕۆشنایی و خۆدەرخستن، و شاراوەی ژێر سێبەری تووتڕکە:

گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە
کە لە **ژێر سێبەری** تووتڕکا خامۆشە





**تەوەرەی دووەم:** ڕستی دەنگ (نزم/ بەرز):

دەنگ بەستە و ئاوازە و پێوەرێکە بۆ جوانی ئافرەت و ئاستی ڕۆشنبیری و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی... دەنگی ئەم جوانە بێ ناوە لێرەدا دەنگێکی ئارام و مەنگە، لێوەکانی بەئاستەم ئەبزوێن و بەچپە دەدوێن دوور لە شاتە شات و بانگ و هەڵا:

ئەی کچە **مەنگەکەی** بەدەنگی **چپە دوو**
گەندەمووی دەموچاو مەچەک هەڵنەگرتوو

جوانی چنینی ئەم وێنە دەنگییە هەردوو ئاستی واتا و مۆسیقا دەگرێتەوە، هەر سێ دەستەواژەی (مەنگەکەی، بەدەنگی چپە دوو، گەندەموو) لە ڕووی واتا و مۆسیقاوە گونجاون و هارمۆنییەکی ساز پێکدێنن بۆ دەرخستنی ڕووی جوانی (وردیلەیی) ئەم کیژە، بێجگە لە جوانی چنینی ئەم دوو ئاستە لە ڕووی کێش و مۆسیقاوە سەروای دێرەکە (ـوو) دیسانەوە دەڕژێتە ئاراستەی ئەم هارمۆنییەتەوە، لە نیوەی دووهەمدا چوار یان سێ [لەبەر ئەوەی دەنگی واو لە وشەی (چاو)دا نیمچە بزوێنە (semi - vowel) بزوێنی تەواو نییە وەک سێ دەنگەکەی دی، بەڵام لە ڕووی کەشی نووسینەوە(٨) لەگەڵ سێ دەنگەکەی تریدا یەک دەگرێتەوە] جومگەی مۆسیقای گونجاو (~ **موو**، - **دەم و چاو**، ~ **گرتوو**) پێکدەهێنێت...

لەسەرو ئەم جوانکارییانەوە بۆ زیاتر دەرخستنی جوانیی (وردیلەیی) ئەم دەنگی سەروایە (~ دوو) لە دوو ڕووەوە هێڵکاری جوانی وێنەکە ئەنەخشێنێت لە ڕووی واتاوە خۆی لە خۆیدا مانای دەنگ (دووان) دەبەخشێت، و لە ڕووی مۆسیقاوە بنیاتی دەنگی (~ وو)ی سەروا و جومگەکان دەنگێکی ناسک و نەرمن، چونکە (وو) لە دەنگە بزوێنەکانە، کە دەناسرێن بەوەی بایی (هوائی)ن(٩)، کاتی وتن لە ناو قوڕگ و دەمدا هیچ ئەندامێک ڕێیان لێ ناگرێت لەبەر ئەمە ئەم دەنگانە بەردەوام و مۆسیقی و نەرم و ناسکن(١٠) ئەم لایەنەش گونجاوە لەگەڵ (مەنگ، و چپە، و **گەندە** موو)دا و جوانی و ناسکی وردیلەیی دەنگ و وێنەکە چڕ دەکاتەوە، ئەم وێنە دەنگییەش وردیلە و هێمن و ئارامە و لەسەر یەک ڕست لەگەڵ قژی کاڵ و چاوی کاڵی ئەو جوانە یەک دەگرێتەوە، هێمای بارێکی دەروونی ئارام ئەنوێنن لەگەڵ نازێکی سادەی بێ مەکری گونجاو لەگەڵ ساکاری بێ ئارایشتی ئەو جوانە، لە ڕووالەت و جلوبەرگیدا:

گەندە مووی دەم و چاو، مەچەک هەڵنەگرتوو
..........................................
ئەی بەرگی ساکارت دڵگیر تر لە هی بووک

هاوتا لەگەڵ ئەم چەپەیە لە هەزار و یەک نەغمە و ئاوازدا پلەی دەنگی کامیان نزمترە ئەویان لە دیدی گۆراندا شیرینترە:

لە تەختێک هەڵدەستێ هەزار و یەک نەغمە
ئەوەیان شیرینترە دێتە گوێم **زۆر نزمە**

ئەم وێنەیەش جەخت لەسەر ئارامی و ناسکی (وردیلەیی) دەنگ دەکات لەسەر ڕستی دەنگ تێکەڵ بەکۆپلەی (کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو...) دەبێت، کە دوو دەنگی نزم و بەرز بەراورد دەکات، جوولەی ئاوی کانییەکە کە دەنگێکی نزمە – ئەگەر خوڕەش بێت – لە چاو شڵپ و هووڕی شەپۆلی دەریای بێ سنووردا:

کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو
لە بنیا بلەرزێ مرواریی زیخ و چەو
جوانترە لە لای من لە دەریای بێ سنوور
شەپۆلی باتە بەر تیشکی ڕۆژ شڵپ و هووڕ

**تەوەرەی سێیەم**: ڕستی چەندێتی (کەم/ زۆر):

ئەم دیالێکتیکە هەر لە سەرەتاوە لە ناونیشانی هۆنراوەکەدا خۆی حەشار داوە (جوانی بێ ناو) واتە تەنیا جوانێکە، و زیاتر ئەم تاکییە تۆخ دەبێتەوە بەوشەی (بێ ناو) کە ئەو تاکە جوانە بێ ناو و نەناسراوە، ئەم نەناسینە لە بازنەی کۆمەڵایەتیدا زیاتر ئەو جوانە بچووک دەکاتەوە، هەروەها ئەم لایەنە تاکە ئاشکرایە لە سەرجەم ئەو بانگ کردن (نداء)انەدا کە دەستپێکەری دێرە شیعرەکانن:

قژ کاڵی...
ئەی کچە جوانەکەی...
ئەی ئەندام وردیلەی...
ئەی بەرگی ساکارت...

هەتا ئەم تاکییە (کەمییە) دەچێتە وێنەیەکی بەراوردەوە لەگەڵ پۆلی جوانان (زۆر)دا لە کۆپلەی:

ئەی کچە کاڵەکە جوانی تر با زۆر بن
لە باخچەی بەهارا گوڵباخی بەر خۆر بن
با ڕەنگیان پەرداخت بێ و جێگەیان سەرچڵ بێ
بەواتەی خەڵکی تر با ناویان شاگوڵ بێ





گیانی من بۆ **تەڵێ** وەنەوشە پەرۆشە
کە لەژێر سێبەری تووترکا خامۆشە

زۆری جوانان سەرنج ڕاکێش نییە، تەنیا جوانی جوانی ئەو چڵە وەنەوشە بێ ناوەیە کە لە ژێر سێبەردا فەرامۆش کراوە و لەوانەیە کەس نەیبینێ و بایەخی پێ نەدات... شان بەشانی ئەم چڵە وەنەوشەیە، تاکە ئەستێرەیەکی بەربەیان کە کز کز ئەسووتێ، لە ناو هەموو ئاسمانی پڕ ئەستێرەی درەوشاوەدا، جوولێنەری هەست و بەخشەری سۆز و یادێکی سپی و جوانە بەدڵی گۆران:

لە هەموو ئاسمانا ئەستێرەی بەربەیان
ئەخاتە دڵی من هەستێکی سپی و جوان

دوا بەدوای تاکە ئەستێرەی لاوازی بەربەیان تاکە دەنگێکی نزم و هێواش لە ناو هەزار و یەک دەنگدا لە هەموویان بەئاوازترە:

(لە تەختێک هەڵدەستێ هەزار و یەک نەغمە
ئەوەیان شیرینترە دێتە گوێم زۆر نزمە)

بێجگە لە جوانی وێنەی ئەو تاکە کانییە کە ئاوێکی کەمی هەیە لە چاو زۆری ئاوی دەریای بێ سنووری بێ بندا.

**تەوەرەی چوارەم**: ڕستی ڕواڵەت و پایە (ساکار/ ڕازاوە و پایەدار):

ئەم دوانەیە زیاتر هەڵقوڵاوی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە، و بۆتە هۆی پێکهێنانی چەند چینێکی جیا جیا لە کۆمەڵدا یان بەرز و نزمی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵدا، چەند پێوەری جیا جیا دروست بووە لە دیدی کۆمەڵدا بۆ هەڵسەنگاندنی تاکە کەس و توێژەکانی کۆمەڵ یان نەتەوە جیاوازەکان، بەپێی بۆچوونێکی ڕەگەزایەتی، یان بەپێی لاوازی و بەهێزی، و بێ دەسەڵاتی و دەسەڵاتداری، دەوڵەمەندی و هەژاری... هتد... بێگومان ئەم پێوەرانە هەرچەندە زادەی بیری ناشارستانین، بەڵام هەتا ئێستا کاریگەریان کەم تا زۆر هەیە لە لای ئەندام و توێژەکانی کۆمەڵ ئەگەر لە نەست (لا شعور)یشان دابێت، لە هەڵسوکەوتیاندا دەردەکەوێت و پیادە دەکرێت لە زۆر ڕووی کۆمەڵایەتییەوە.

لێرەدا دیدی گۆران دەیەوێت هەوساری ئەم بۆچوون و پێوەرە کە وەک یاسایەکی کۆمەڵایەتی لێ هاتووە بپچڕێت و دید و بۆچوونێکی تایبەت بەخوودی خۆی بێنێتە کایەوە، ئەو وشە و دەستەواژانەی واتای (خود) دەبەخشن لە دەقەکەدا (من ڕێبوارم،

ئەڕوانم، گیانم، برینم، گیانی من، دڵی من، گوێم، لە لای من، دەربەست نیم، ڕێبوارم، ڕەوتەنیم، شپرزە و دەربەستی ئێجگار چیم، لە یادم، ئاخ) ڕۆشنکەرەوەی ئەم دیدەی خودی گۆرانن بۆ جوانی کە لە دیدی کۆمەڵ (بەواتای خەڵکی تر) دەترازێ.

سەرەتا شێوەی ساکاری بێ ئارایش و ڕازاوەی ئەم جوانە بێ ناوە، خۆیی و جل و بەرگی پەسندترە لەم دیدەدا لەو کیژانەی هەر ڕۆژە بەجۆرێ ئارایشی خۆیان دەکەن و بەرگی ڕازاوەی جۆراوجۆر لەبەر دەکەن با بەرگی نایابی بووکیش بێت:

گەندەمووی دەم و چاو، مەچەک هەڵنەگرتوو

..........................................................................

ئەی ئەندام وردیلەی نەرمۆڵەی ئێسک سووک

ئەی بەرگی ساکارت دڵگیرتر لە هی بووک

بەجەختکردنی وێنە شیعرییەکان لەسەر دەربڕینی بێزار بوون لە ڕواڵەتی ڕازاوەی دەستکرد دەردەکەوێت ئەو جوانییەی پەسندە لە دیدی گۆراندا جوانییەکی ساکاری خۆڕسک و جوانی ناخ و دەروونە، هەر لەبەر ئەمەیە هەرچەندە ئەو جوانانە لە دیدی کۆمەڵدا پایەدار بن (گوڵباخی بەر خۆر و جێگەیان سەرچڵ بێ و ناویان شاگوڵ بێ):

ئەی کچە کاڵەکە جوانی تر با زۆر بن

لە باخچەی بەهارا گوڵباخی بەر خۆر بن

با ڕەنگیان پەرداخت بێ و جێگەیان سەرچڵ بێ

بەواتەی خەڵکی تر با ناویان شاگوڵ بێ

بەڵام دیدی گۆران لەسەر ئەم ڕواڵەت و ڕووکەشە قەتیس نامێنێ و ئەکشێ بەرەو ناخ و قوڵایی گیان، و جوانی ئارام و بێ دەنگ و بێ پلە و پایە و ڕواڵەتی دەوێت و ئەو گیانە پەرۆشە بۆ قوڵایی جوانی:

گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە

کە لە ژێر سێبەری تووترکا خامۆشە

ئەم وێنە بەراوردە لە نێوان جوانان و ئەو تاکە جوانە لە پانتایی دووانەی (ساکاری/ پایەداری)دا دووانەیەکی تر (سەر «بەرز»/ ژێر «نزم») پێکدەهێنێت، جوانەکان شوێنیان دیار و بەرزە، گوڵباخی بەر خۆرن و جێگەیان سەرچڵ و ناویان شاگوڵی بەر خۆرە، بەرامبەر جێگەی نزمی ئەم تاکە جوانە کە لە ژێر سێبەردایە، بێجگە لە دیالێکتیکی (ڕۆشنایی/ سێبەر) کە لەوە و پێش باس کراوە، کە تێکەڵ بەم





دیالێکتیکە (نزم/ بەرز)، و دیالێکتیکی (سادە/ ناودار) دەبێتەوە.

پێویستە ئەوەش بوترێت، وێنەی (... لە ژێر سێبەری تووترکا خامۆشە) واتا بەخشە و ئاماژە بۆ بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی نالەبار دەکات کە بۆتە هۆی ئەم فەرامۆشکردن و دەرنەکەوتنی ئەو چڵە وەنەوشە جوانە، دەشێ ئەو جوانە پابەندی هەندێ داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بێت، یان نێوانی شاعیر و ئەو جوانە بەدڕک تەنرابێت، لێرەدا وشەی (تووترک) وەستایانە وێنەکەی چنیوە، وەک پێکهاتەی وشەکە خۆی کە لێکدراوە، دوو واتا هەڵدەگرێ، و هەروەها واقیعی ڕووەکەکە خۆیشی، بەرێکی جوانی خۆشی هەیە لە نێوان لق و گەڵای دڕکاویدا. بەهەمان شێوە هاوشان لەگەڵ دیالێکتیکی (بەرز/ نزم)دا لە کۆپلەی بیلبیلەدا (کانییەکی ڕوونی...) لەرەی زیخ و چەوی کانی جوانتر لە شەپۆڵی دەریای بێ سنوور لە ژێرەوەیە و شەپۆڵی بەتینی دەریا لەسەر ڕووی دەریا ئەجمێ و بەئاشکرا تەوژم دەدات.

***

**تەوەرەی پێنجەم**: ڕستی (کات و جووڵە):

أ- ڕستی کات (کورت/ درێژ)

بێجگە لە کاتی نووسینی هۆنراوەکە و پەیوەندی ئەم کاتە بەهزر و سۆزی شاعیرەوە، وەک ئاشکرایە لە ناوەخنی هۆنراوەکەدا کردار هەمیشە کات لە ئامێزە، ئەگەر خودی شاعیر بکەر بێت یان ئەو توخمانەی بەکار هاتوون، دوای ئەوەی خودی شاعیر بەبینینی ئەم جوانە نەناسراوە دەهەژێ و دەکەوێتە بانگەوازی قژ کاڵی لێو ئاڵ... بۆ چەسپ کردنی ئەم کاتە بەئەڵقەی زنجیرەی چرکەی بەردەوامی ژیانی شاعیرەوە، لەم ڕووەوە جوانی و دیمەنی ئەم کیژە لەگەڵ جوانی کانی ئاوێتەی یەک دەبن و بەرامبەر وێنەی ترسناکی دەریا دەوەستن:

ڕاستە من ڕێبوارم سەرپێیی ئەڕوانم

بەڵام وا جوانی تۆ کاری کرد لە گیانم

ئەڵێی، نەک هەر ئێستا، عومرێکی درێژە

بەو دەست و پەنجانەت برینم سارێژە

عومری درێژ و خودی شاعیر دەکەونە ژێر ئەو دەست و پەنجانە و پابەندیان دەبن، لە ژێر کاریگەری دوو جەمسەری (ئێستای ڕاگوزەر) و (کۆنی عەمرێکی درێژ) شاعیر دەیەوێت ئەم کاتە ڕاگوزارە بڕاوەیە تێکەڵ بەکۆن (عومرێکی درێژ)ی خود بکات،

هەرچەندە شاعیر هۆشیارە و دەزانێت ئەم دوو کاتە (کاتی جوانی بێ ناو/ کاتی خودی شاعیر) دوو کاتی بەیەک نەگەیشتوون، ئینجا لە دوو کۆپلەی هۆنراوەکەدا دەکەوێتە دڵخۆشی دانەوەی خۆی، لە وێنەیەکی ڕاڕادا لە نێوان دەربەست بوون و نەبوون و شپرزە بووندا:

**دەربەست نیم** ڕێبوارم، **دەربەست نیم** ڕەوتەنیم
**ئەزانی شپرزە** و **دەربەستی** ئێجگار چیم

لە یەک کات و وێنەدا ململانێی دەربەست بوون و نەبوون کۆ دەبێتەوە، ململانێی ئەم دوو کاتە بێ زاڵبوونی لایەنێکیان ئەمێنێتەوە، لەم وێنەیەدا دوو جار (دەربەست نیم، دەربەست نیم) بەرامبەر وشەی (شپرزە و دەربەست) دێت بەشێوەیەکی هاوسەنگ کە هەردوو هێزەکە وەک یەک دەمێننەوە لە هزری شاعیردا و بەردەوامی دەدەن بەڕاڕایی و خەمی شاعیر، هەر لەبەر ئەمەیە شاعیر دەیەوێت خۆی لەم خەم و ئازارە ڕزگار بکات و لە کاریگەری ئەم جوانە بێ ناوە دەربازبێت، بەڵام وای پێدەچێ نەتوانێت لەبەر ئەمە لە دوا وێنەی دەقەکەدا دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵدانی درێژکردنەوەی ئەم کاتە ڕەوتەنییە بۆ کاتی خودی نەبڕاوە بەڵام ئەم جارە (ئێستای ڕاگوزەر) بۆ داهاتووی خودی شاعیر درێژ دەبێتەوە، بەنەخش بوونی یادگاری ئەم جوانە لە یادی شاعیردا، بەئاخێکی قووڵەوە لە یەک کاتدا کەشی هۆنراوەکە و جوانی بێ ناویش بەجێ دەهێڵێت:

ئەزانی شپرزە و دەربەستی ئێجگار چیم
هی ئەوەی نیگارێک لە یادم کێشراوە
شۆخێکی نایابە بەڵام **ئاخ** بێ ناوە

ئەوەی سەرنج ڕاکێشە لەم کۆپلەیەدا، کۆتایی هاتنی دەقەکەیە بەوشەی سەرەتای ناونیشانی هۆنراوەکە (بێ ناو) کە کاتێکی خولاوەی بازنەیی دروست دەکات بەم گەڕانەوەیە بۆ خاڵی سەرەتا، لەم ڕووەوە مانەوەی ئەم کیژە جوانە لە سەرەتاوە تا کۆتایی وەک خۆی بەبێ ناوی و (نەناسراوی) زیاتر ئەم دیالێکتیکە لە نێوان کاتی ئەم جوانە و کاتی خودی شاعیردا قووڵ دەکاتەوە. کە دوو کاتی پچڕاون و هێمایە بۆ پچڕانی کاتی شاعیر لەسەر دەریا و غەریبی لە کاتی کانی (نیشتمان)، لە هەمان کاتدا ئاماژەیە بۆ کاتی خود لەم غوربەتەدا کە ئاسانەکاتە[11] و کاتێکی شپرزە و نائارامە (ئاخ).

ب- ڕستی جووڵە (هێواش/ توند)

کردار هەروەکو کات لە ئامێزە، جووڵەش دەگرێتە خۆی، ئەو کردارانەی بەزەقی





جووڵەیان تێدایە و دەکەونە ڕستی دیالێکتیکی (هێواش/ توند)ەوە، لە کۆپلەکانی ئەم هۆنراوەیەدا دەتوانرێت بەڕوونی لە کۆپلەی بیلبیلەدا ببینرێن، لەرە و لەرزەی مرواری زیخ و چەوی بن ئاوی کانی بەر تریفەی مانگەشەو جووڵەیەکی هێواش و لەسەرخۆیە بەرامبەر جووڵەی شەپۆلی سەخت و توندڕەوی دەریا کە لە توند و تیژیدا دەیکاتە شڵپ و هووڕ:

کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو
لە بنیا بلەرزێ مرواریی زیخ و چەو
جوانترە لە لای من لە دەریای بێ سنوور
شەپۆلی باتە بەر تیشکی ڕۆژ شڵپ و هووڕ

ئەو پرسیارەی لێرەدا سەر هەڵدەدات، بۆچی دیدی جوانی گۆران شەیدای ئەم جووڵە نەرم و لەسەرخۆیەیە ؟!

وەک ئاشکرایە نەک لەم وێنەیەدا بەڵکو لە سەرجەم وێنەکاندا، لە هەموو ئەو کردار و جووڵانەی لە بکەری ڕووداوی دیمەنەکان دەوەشێتەوە یان ئەو ڕەگەزانەی جووڵە دەیانگرێتەوە، دیدی جوانی شاعیر بەرامبەر جووڵەی ئارام و ناسک دەبزوێت، گیان شەیدای تەلێ وەنەوشەی خامۆش (ئارام)ە نەک بزێو، ڕۆح شەیدای تروسکەی ئەستێرەی بەربەیانە، گوێ شەیدای نزمترین نەغمەی هەزار و یەک نەغمەیە...

وەڵامی ئەم پرسیارە لە لای هەمان وێنەی بیلیبلە خۆیەتی، شاعیر لەسەر دەریاوە دەڕوانێتە کانی و بەراوردیان بەیەک دەکات، سڵ دەکاتەوە لە دەریا و هۆگر و شەیدای کانییە، لەو غوربەتەیدا هەست بەبچووکی خۆی دەکات بەرامبەر دەریا کە ون بوونی خۆی تێدا دەبینێ و شەپۆلی ترسناکە و ڕاپێچی دەکات بۆ نوقم بوون و نەمان.

بەڵام زیخ و چەوی بنی کانی ڕوون مرواری و ئاوێنەن تریفەی مانگەشەو دەداتەوە و شاعیر خودی خۆی تێدا دەبینێ.

کات و شوێن لەسەر دەریا ئاسانە شوێن و کاتن، ئاسانە کات کورت یان درێژ بێت ئارام نییە، هەروەها ئاسانە شوێن هەرگیز لانە نییە و ئارامی تێدا نییە. هەر لەبەر ئەمەیە شاعیری دوورە وڵات تامەزرۆی درێژ بوونەوەی ئەو تەمەنە ڕابردووەیە کە غوربەت لێی پچڕیوە، هەروەها تامەزرۆی گەڕانەوەیە بۆ باوەشی نیشتیمان و ئەو لایەنەی هۆگریان بووە...

***

**تەوەرەی شەشەم**: ڕستی (وردیلە/ قەبە):

ئەگەر بکرێت دیدی هۆنراوەکە چڕ بکرێتەوە لە وشەیەکی بیلبیلەدا – وەک لە وێنەی (کانییەکی...)دا چڕ بۆتەوە – لێرەدا وشەی (وردیلە) لە وێنەی:

ئەی ئەندام **وردیلەی** نەرمۆڵەی ئێسک سووک
ئەی بەرگی ساکارت دڵگیرتر لە هی بووک

دا، دەبێتە بیلبیلەی دەقی هۆنراوەکە بەگشتی و ڕستی ئەم تەوەرەیەش بەتایبەتی لەم وشەیەدا کۆ دەبێتەوە، (وردیلە) دەبێتە چەقێک هەموو وێنەکان کە لە سەرجەمی تەوەرەکاندا باسیان کراوە پێیدا تێپەڕ دەبن یان لێوەی دەردەچن و بۆی دەگەڕێنەوە.

ڕەنگە کاڵەکان، و دەنگە نزمەکان، و ڕواڵەتە ساکارەکان و تاکە (کەمە) شتەکان، و جووڵە هێواشەکان سەراپا هەموو وردیلەن، لە گیان و دڵ و گوێ و چاودا، دڵگیرتر و کاریگەرتر و ڕۆشنتر و سپیتر و شیرینتر و جوانترن لەچاو شتە تۆخ و بەرز و زۆر و ناودار و توند و تیژ و قەبە و مەزنەکاندا.

ئەوەی سەرنج ڕاکێشە لەم وشە بیلبیلەیەدا (وردیلە) شێوەی بچووککراوەی (ورد)ە کە خۆی لە خۆیدا مانای گچکەیی دەگەیەنێت، بەڵام ئەم شێوە بچووک کراوەیە هەروەک مانای (وردتر) ئەبەخشێت لە هەمان کاتدا واتای جوانی زیاتر دەبەخشێت کە وشەی (ورد) نایبەخشێت(١٢).

لەگەڵ ئەوەی شاعیر لە بەراوردکردنی شتە وردیلەییەکان لەگەڵ قەبەکاندا چەند وشەیەکی (تفضیل) بەکار دێنێت وەک (دڵگیرتر، شیرینتر، جوانتر...) لە بەرژەوەندی شتە وردەکان، لە وێنە شیعرییەکانیشدا زیاتر تای وردیلەیی زاڵە بەسەر قەبەییدا، لەم بوارەدا ئەگەر سەرنج بدرێت لە بنیاتی سەراپا وێنە شیعرییەکان، ئەو زاراوانەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە بازنەی واتای وردیلەییدا دەخولێنەوە وەک (قژ کاڵ، لێو ئاڵ، نیگا کاڵ، نەختێک ئاڵ، مەنگەکەی، چپە دوو، گەندەموو، ئەندام وردیلەی، نەرمۆڵە، ئێسک سووک، ساکار، سەرپێیی، ڕەوتەنی، دەست و پەنجە، کاڵەکە، تەڵێ وەنەوشە، ژێر، سێبەر، خامۆش، ئەستێرەی بەربەیان، زۆر نزمە، کانی، ڕوون، تریفەی مانگەشەو، بن، بلەرزێ، مرواری، زیخ و چەو، ڕێبوار، ڕەوتەنی، نایاب، بێ ناو...) دەبنە پێکهێنەری بنیاتی سەر و ژێری وێنەکان، سەراپا بەسێبەر و واتای خۆیان دایان دەپۆشن و زاڵ دەبن بەسەر شتە قەبە و مەزنەکاندا، واتا و هێما و ئیحای وردیلەی ئەو وێنانە ڕادەکێشن و لە بازنەی جوانیی وردیلەییدا کۆیان دەکەنەوە.

ئەم دیالێکتیکە (وردیلەیی/ قەبەیی)یە تەنیا لە ئاستی وشە و زاراوە و دەستەواژە





و وێنە و ئیحائدا ناوەستێ کە لەم تەوەرەیە و سەرجەمی تەوەرەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا شیکراونەتەوە، بەڵکو لە ڕووی هونەری وێنەگرتنی سیناریۆ یان سینەماییشەوە، کۆپلەکانی ئەم هۆنراوەیە ئەم دیالێکتیکەیان تێدا دەردەکەوێت، هەندێ سیمای وێنەی شیعری کە بابەتێکی نەخشە کێشراوە لەگەڵ گرتەی(١٣) سینەمایی (اللقطة السينمائية)دا یەک دەگرنەوە(١٤).

دووانەی (وردیلەیی و قەبەیی) لە بواری گرتەدا لە ڕواڵەتی گرتەی نزیک (اللقطة القريبة) کە گرتەیەکی بچووکە، لەگەڵ گرتەی دوور (اللقطة البعيدة) کە گرتەیەکی گەورەیە، دەردەکەوێت.

سەرەتا چاوی کامێرا (چاوی شاعیر) بۆ نەخشاندنی وێنەی جوانی بێ ناو بەگرتەیەکی بچووک دەست پێدەکات (قژ کاڵی) بەدواییدا دەگوازرێتەوە بۆ گرتەیەکی گچکەتر (لێو ئاڵی) بۆ گرتەیەکی بچووکتر (پڕشنگی نیگا کاڵ) لەم گرتە بچووکانەوە چاوی کامێرا دەگوێزرێتەوە و دوور دەکەوێتەوە بۆ گرتەیەکی گەورە (دوور) یان کۆی زنجیرەی گرتە بچووکەکان گرتەیەکی گەورە دروست دەکەن(١٥)، تەواوی باڵای کیژی جوانی بێ ناو دەردەخات (ئەی کچە جوانەکەی...)و بەخێرایی کامێرا نزیک دەبێتەوە و گرتەیەکی زۆر نزیک/ بچووک (سەرگۆنا نەختێک ئاڵ).

بەم جۆرە ئەو گرتانەی تایبەتن بەدەرخستنی جوانی ئەم کیژە بێ ناوە، لە نێوان گرتەی گەورە و بچووکدا دابەش دەبن، چاوی کامێرا لە نێوانیاندا دەجووڵێت لەمەوە بۆ ئەو، بەم شێوەیە لە گرتەیەکی گەورەوە (ئەی کچە مەنگەکەی) بۆ دوو گرتەی بچووک (گەندەمووی دەم و چاو/ مەچەک هەڵنەگرتوو) دیسان بۆ گرتەیەکی گەورە (ئەی ئەندام وردیلەی نەرمۆڵەی ئێسک سووک) دەشێ ئەم گرتە گەورەیە پێکهاتەی چەند گرتەیەکی یەک بەیەک ئەندامی وردیلە و نەرمۆڵەی ئەو ئێسک سووکە بێت. لەگەڵ بەرگی ساکاری جوانتر لە هی بووکدا، دەبن بەگرتەیەکی گەورە بۆ دەرخستنی جوانی تەواوی کاریگەری ئەو کیژە، (جوانی تۆ وەها کاری کرد لە گیانم) پاشان چاوی کامێرا دەگوێزرێتەوە بۆ گرتەیەکی بچووک (بەو دەست و پەنجانەت).

ئەو گرتە بچووک و گەورانەی دیمەنی ئەم کیژە دەخەنە ڕوو دەبنە گرتەیەکی بچووک لە چاو گرتەیەکی گشتی گەورەی کراوەی دەوروپشتی ئەم جوانە:

............................................ جوانی تر با زۆر بن
لە باخچەی بەهارا گوڵباخی بەر خۆر بن
با ڕەنگیان پەرداخت بێ و جێگەیان سەرچڵ بێ

بەواتەی خـــەڵکی تر با ناویان شـــاگـــوڵ بێ

ئەم گـرتە گـشـتـیـیـە کـراوەیە بەئاسـۆیی دەچێت بۆ گـرتەیەکی بچـووک (تەڵێ وەنەوشـە...)، دیسـانەوە چاوی کـامـێـرا بەرەو گـرتەیەکی دووری گـەورەی بەرفـراوان دەکشێت (لە هەمـوو ئاسمانا) تا جێگیر دەبێت لەسەر گرتەیەکی بچووک (ئەستێرەی بەربەیان)، لەم گرتە بچووکەوە دوای تێکەڵبوونی دەنگ (لە تەختێک هەڵدەستێ......) چاوی کـامێرا دێتـەوە بۆ گرتەیەکی مـام ناوەندی (کـانیـیـەکی ڕوونی...) یان بچـووک لەچاو گـرتەی گەورەی فـراوانی دەریادا (دەریای بێ سنوور شـەپۆلی باتە بەر تیـشکی ڕۆژ شلێپ و هووڕ) لە گواستنەوەی چاوی کامێرا لە نێوان ئەم دوو گرتەیەدا (کـانی) و (دەریا)، گرتەیەکی نزیک (بچووک) دەردەکەوێت کە (مرواریی زیخ و چەو)ە.

بەم شێوەیە گرتەکان لە نێوان ئەم جموجۆڵەدا لە گرتەیەکی بچووکەوە بۆ گەورە یان بەپێـچـەوانەوە، دەتـوانرێت بـوترێت چەنـد دیمەنێـک دروست دەکـەن کـە شـوێن و کـات تیـایاندا دەگـۆڕڕێن(١٦) تا دەگـەڕێتـەوە بۆ کـۆپلەی یەکـەمی هۆنراوەکـە، ئەوسا چاوی کـامێرا لە ئاستی ئەم دیمەنانە دەنووقێ، کـە چاوی دەکـاتەوە ئاڕاسـتـەی بەرەو ڕوو و دەروونی شاعیر خۆی دەچێت، شاعیر خۆی لە دیدی خۆیدا دەبینێ و وێنەی دەگرێت:

دەربەست نیم ڕێبـــوارم، دەربەست نیم ڕەوتەنیم
ئەزانی شـــپـــرزە و دەربەســـتی ئێـــجگار چیم
هی ئەوەی نـیگارێک لـە یادم کـــێـــشـــراوە
شـــــۆخـــــێکی نـایابە، بـەڵام ئاخ بـێ نـاوە

بۆ دەرخـسـتنی ڕووە جـوانەکـانی ئەم کـیـژە بێ ناوە گرتەکـان لە سێ ئاسـتـدا وێنەی خـۆیان دەگـرن (ئەندامـە وردیلە جـوانەکـانی ئەم کـیـژە) و (وێنەی تەواوی) و (دیمەنی دەوروپشـتی) کـە ئەم گـرتانەش بەشـێـوەیەکی ڕێژەیی (نسـبي) دەتوانرێت بەسێ جـۆر دابنرێن (بچووک) و (مام ناوەندی) و (گەورە).

شـایانی وتنە دەربارەی ئەم گـرتە سـینەمـاییـیـانە هەندێ جـار وێنەکـان دەنگ و جـووڵەیان تێـدایە (بەدەنگی چپـە دوو)، (لە تەخـتـێک هەڵدەسـتێ هەزار و یەک نەغـمـە)، و (لە بنیـا بلەرزێ مـرواریی...) (شـەپۆلی باتە بەر تیـشکی ڕۆژ شـلێپ و هووڕ...) ئەم لایەنەش تا ڕادەیەک وێنە و گـرتەکـان نزیـک دەخـەنەوە لـە وێنە و گـرتەی سینەمایی کە زیاتر پەنا بەجووڵە دەبات.(١٧)

***





## ئەنجام:

خـــوێندنەوەی ئەم هۆنراوەیە لە بازنەی دیالێکتـــیکی دیاریکراودا (وردیلەیی/ قـەبەیی)، وا دەردەخـات لە هەردوو ڕووی پێکهـاتەی زمـان و واتادا، ئەو وشـانەی لە خانەی وردیلەییدا کۆدەبنەوە زاڵن بەسەر ڕووی هۆنراوەکەدا، هەروەها ئەو واتا و بیر و ئیحایانەی وێنە شیعرییەکان دەیبەخشن کە لە هەمان خانەدا دەخولێنەوە، زاڵن بەسەر کـەشی هۆنراوەکـەدا، تا ڕادەیەکی زۆر ئەم لایەنە چڕ دەبێـتـەوە دەبێت بەدیاردەیەکی سـەرەکی لە پێکهـاتەی هەمـوو وێنە شـیـعرییـەکـاندا، تەنانەت یەک وێنە زیاتر لە دیالێکتیکێک لەو دیالێکتیکانەی ڕستی تەوەرەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکدەهێنن دەگرێتە خۆ، لەم ڕووەوە وێنەکان هەرچەندە لە شێوازدا سادە و ساکارن، بەڵام لە ڕووی چنینەوە چڕ و تاڵ بەندن بۆ نەخشـاندنی مـەبەستی هۆنراوەکـە بەشێوەیەکی هونەری و دەرخستنی دیدی جوانی شاعیر و خوێندنەوەی ئەم دیدە لەم جوانە بێ ناوە نەناسراوەدا، هەر ئەم لایەنەشـە بۆتە هۆی ڕەچاوکـردنی دیاردەی دەست نیـشـانکراوی ناونیـشـانی لێکۆڵینەوەکە، لە هەمان کاتدا بۆتە هۆی بەکارهێنانی وێنەکان زیاتر لە یەک تەوەرەدا بۆ شـیکردنەوە و دەرخـسـتنی مـەبەسـتێکی نوێ لە هەریەکێ لەو بەکـارهێنانانەدا، لەم ڕووەوە نەک هەر وێنەیەک بەڵکو تاکـە وشـەیەک لە هەندێ شـوێندا زیاتر لە واتایەک هەڵدەگرێ لە ڕستی ئەو وێنانەدا.

دەربارەی دیدی شـاعـیـر بۆ جـوانی ئافـرەت کـە کـیـژێکی وردیلەی ئێـسـک سـووک پەسندترە لە لای لە کـیـژێکی دامـەزراوی گـۆشـتنی قـەڵەو هەروەها لە بارەی ڕواڵەتی ڕازاوە و پۆشـاکەوە، کـیـژێکی سـادەی سروشـتی بێ ئارایشـت و ڕازانـدنەوە جوانتـرە لە پۆشـتـە و پەرداخی ڕازاوەی ئارایشـکراو، - لە کـاتێکدا دیدی کـۆمـەڵ و بۆ جـوانی لەو سەردەمەدا - کاتی نووسینی هۆنراوەکە - بەلای ئافرەتی پڕی قەڵەوی قەبەدا چووە، و لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە زیاتر پۆشتە و پەرداخ و دەوڵەمەند و پایەدار و ناسراو پەسند بووە.

ئەم جـیـابوونەوەیە لە دیدی کـۆمـەڵ لە لای گـۆران لە هەردوو ڕووی دیدی جـوانی و بۆچوونی کـۆمـەڵایەتـیـیـەوە کـە شـاراوەیە لەم دیدە جـوانیـیـەدا، لەو کـاتەدا، ئەتـوانرێت بەشـۆڕشـێـک دابنرێت و لەسـەر هەردوو ڕووی ڕێبـازی ڕۆمـانتـیـکی - بەتایبـەتی ڕۆمـانتـیکی شۆڕشگێڕانە - و ڕیالـیزم بخوێنرێتـەوە(١٨)، سـەربەستی خـود (الذات) و زاڵبـوونی سـۆز و سـەربەسـتی کـۆمـەڵایەتی تێـدا دەردەکـەوێت و لە هەمـان کـاتدا ڕیالـیزمـیـیـانە دەیەوێت لە هەوسـاری جیـاوازی چینایەتی دەرباز بێت و شـۆڕشـێکی

بەسەردا بەرپا بکات، لەم ڕووەوە خود و واقیع لە یەک کاتدا بەیەک دەگەن بۆ پێکهێنانی ئەم دیدە بۆ جوانی.

بۆ گەیشتن بەکرۆکی ئەم دیالێکتیکە و ئەو دیدەی دەیگرێتەخۆی وا دەردەکەوێت کە خودی شاعیر خولیای شتە وریلەییەکانە و بێزارە لە شتە قەبە و مەزنەکان، وەک بەچڕی لە کۆپلەی بیلبیلەدا (کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو......)دا دەردەکەوێت، هۆی ئەم دیدەش لە سێ ئاستدا کۆ دەبێتەوە.

١- ئاستی دەروونی: سۆزی مرۆڤ لە هەڵسوکەوتدا زیاتر حەز دەکات مامەڵە لەگەڵ شتێکی ناسراوی وردی دیاریکراودا بکات، تا هۆش و بیری پەرش و بڵاو نەبێت لە نێوان شتە زۆر و گەورە و نەناسراوەکاندا.

لەم خاڵەدا تێبینی دەکرێت لە جیهانی یاری منداڵاندا شتە گەورەکان بۆ نموونە وەک، چیا و کۆشک و ئامێرە گەورەکان بۆ یاری منداڵان لە قەبارەیەکی بچووکدا دروست دەکرێن هەروەها پەیکەرەکان دەبن بەبووکە شووشەیەکی وردیلە، تا لە ڕووی دەروونییەوە منداڵان زاڵ بن بەسەریاندا و هەست بەبچووکی و بێ توانایی خۆیان نەکەن بەرامبەر ئەو شتە مەزنانە و نەبنە ڕێگر لە چەسپاندنی خود (تحقيق الذات)یان، لە هەمان کاتیشدا ئەندێشەی منداڵ ئەم شتە وردکراوانە بەگەورە و مەزن دەبینێت.

٢- ئاستی فەلسەفی: دیسانەوە ئەم ئاستە لەگەڵ ئاستی دەروونیدا یەک دەگرێتەوە مرۆڤ لەم ئاستەدا سڵ دەکاتەوە لە شتە گەورەکان و دیاردە مەزنەکان وا هەست دەکات ڕێگرن لە ویستی خود (ارادة الذات)، مرۆڤ لە نێوانیاندا گوم دەبێت، هەر ئەمەشە نهێنی ململانێی مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو لەگەڵ سروشت و دیاردەکانیدا، لەم ئاستەدا گۆران ئەسڵەمێتەوە لە دەریای مەزن و شەپۆڵی سەختی بەرەو نەمانی دەبات، بۆیە ڕوو لە کانییەکی بچووک دەکات کە خۆی تێدا ببینێ، وەک لە کۆپلەی بیلبیلەدا دەردەکەوێت ئەم کۆپلەیە وێنەیەکی دوو دیوە لە چوارچێوەی یەک وێنەدا، ڕوویەکی وێنەکە (کانییەکی ڕوونی...) بچووک کراوەی ڕووەکەی تریانە (دەریای بێ سنوور)، تێیدا دەریا بچووک بۆتەوە بۆ کانی و تیشکی ڕۆژ بۆ تریفەی مانگەشەو، و شەپۆڵ بۆ لەرزەی زیخ و چەو، گۆران لێرەدا بەزمانی وێنەیەکی شیعری (هۆگۆ) ئاسا دەڵێت: (کاتێ بەدڵسۆزی لەگەڵ شتە وردیلەکاندا دەژیم، ئەم کارە دوورم دەخاتەوە لە جیهانی دەوروپشتم، و یارمەتیم دەدات ئەم جیهانە لە خۆمدا بتوێنمەوە...)[١٩]

٣- ئاستی نەتەوایەتی: گۆران ئەم هۆنراوەیەی لە نامۆیی و غوربەتێکی جەسەدی و دەروونیدا داناوە، لە شاری (حەیفا) کە لەسەر کەناری دەریایە، لەم وێنە دوو ڕووەدا،





(دەریا) شوێنی غوربەت و نامۆییە[٢٠]، و (کانی) نیشتمانی خۆڕسکی خود و نەتەوەیە، خود هەمیشە پەیوەست و هۆگری ڕەگ و ڕیشەی لانەی منداڵییە[٢١]، و ئاڵۆدەی مەڵبەند و نیشتیمانی نەتەوەییەتی.

ئەم سێ ئاستە، وەک هۆ، لە یەک کاتدا تێکەڵ بەیەکن و لەیەک بازنەدا دەخولێنەوە و هەریەکەیان پەیوەست و ڕاکێشەری ئەوانی ترە، لە هەر سێ حاڵەتەکەدا شتە وردیلەییەکان لە سەرجەم وێنە و دیمەنەکاندا جیهانێکی ئارام و پڕ لە دڵنیایی دروست دەکەن، بەپێچەوانەی شتە قەبە و مەزنەکانەوە، لەسەر ئاستی (هۆش و بیر و دڵ و دەروون) جوانی و ئارامی لە (وردیلەیی)دا دەبینێت.

***

**پەراوێزەکان:**

١- ئەڕوانرێ بۆ (جماليات المكان: جاستون باشلار، ترجمة غالب هلسا، كتاب الاقلام (١)، دار الجاحظ للنشر، وزارة الثقافة والاعلام - بغداد، سنة الايداع ١٩٨٠) لا:١٧٧ - هەروەها بۆ (أدب الفنتازيا - مدخل الى الواقع، ت.ي - ايتر. ترجمة: صبار سعدون السعدون، دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد ١٩٨٩) بەگشتی.

٢- ئەڕوانرێ بۆ (القنبلة النيوترونية: د. محمد عبداللطيف مطلب، الموسوعة الصغيرة (١٠٢)، منشورات دار الجاحظ - بغداد) لا: ١١، هەروەها بۆ (الطاقة الذرية واستخداماتها: د. خضر عبدالعباس حمزة، و د. غسان هاشم الخطيب، منشورات منظمة الطاقة الذرية العراقية، ط٢، ١٩٨٩) لا:٨٦

٣- ئەڕوانرێ بۆ (قضايا في النقد الادبي: ك.ك روثفن، ترجمة: عبدالجبار المطلبي، دار الشؤون الثقافية بغداد، آفاق عربية ط١ سنة ١٩٨٩) لا: ٧٥-١١١.

٤- قواعد النقد الادبي: لاسل آبر كرومبي، ترجمة: محمد عوض محمد، دار الشؤون الثقافية العامة، وزارة الثقافة والاعلام، العراق ط١ سنة ١٩٨٦، لا: ١٧٤.

٥-ديوانی گۆران: گۆران، كۆكردنەوە و ئامادەكردن و پێشەكی و پەراوێز، نووسینی: محەمەدی مەلا كەریم، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق، بغداد ١٩٨٠، سەرجەمی دەقی هۆنراوەكە كەوتۆتە لا (٤٥ - ٤٦)ەوە.

٦- بۆ نموونە وەک ئەم وێنانە:

كـــــام ڕەشی ئەگـــــات بە**ڕەشی** چاوی
برژانگی، برۆی، ئەگـــریجـــەی خـــاوی
(گۆران: ١٠)

***

كـــــوانێ **زولـفـی ڕەش**
كـــولـمـی ئاڵ و گـــەش
(گۆران: ١٣)

***

٧- ئەڕوانرێ بۆ (سايكولوجية ادراك اللون والشكل: قاسم حسين صالح، وزارة الثقافة والاعلام، الجمهورية العراقية، دار الرشيد للنشر ١٩٨٢: لا: ٢٧).





٨- كـەشی نووسین ڕووی پەیوەندی جـۆری نووسین و دەق دەردەخـات، ئەڕوانرێ بۆ (البنيوية وعلم الاشارة: ترنس هوكز: ترجمة، مجيد الماشطة، بغداد ط: ١٩٨٦، لا ١٢٤).

٩- ئەڕوانرێ بۆ (كتاب العين: خليل بن احمد الفراهيدي: تحقيق د. مهدي المخزومي و د. ابراهيم السامرائي: دار الرشيد ١٩٨٠ لا: ٥٧ - ٥٨).

١٠- ئەڕوانرێ بۆ (في الاصوات اللغوية - دراسة في اصوات المد في اللغة العربية، د. غالب فاضل المطلبي، وزارة الثقافة والاعلام، سنة ١٩٨٤ لا: ٢٥، ٨٨، ٩٠).

١١- ئاسانە شوێن و كات ئەو شوێن و كاتەیە خود تیایاندا نائارام و ڕاڕایە. بۆ سوود وەرگرتن ئەڕوانرێ بۆ (الفضاء الروائي في الغربة (الاطار والدلالة): محمد منيب البوريمي، دار النشر المغربية - دار البيضاء ١٩٨٤) بەشێوەیەكی گشتی.

١٢- ئەوەی سەرنج ڕاكێشترە دەربارەی بەخشینی مانای جوانی زیاتر لەم شێوە بچووككراوەیەدا (صيغة التصغير) كە وشەی (ورديله) دەیبەخشێ، ئەو لێكچوونەیە لەگەڵ زمانی لاتینیدا وشەی (Bellus) بەمانای جوان لە (Benulus) وەرگیراوە كە شێوەیەكی بچووككراوەی پشت گوێ خراوی (Bonus)ە بەمانای باش (القضايا في النقد الادبي ك.ك روثفن، ترجمة: عبدالجبار المطلبي، بغداد ١٩٨٩: لا ٣٧٩).

١٣- سید فیلد پێناسەیەكی ئاسانی گرتە (اللقطة) دەكات و دەڵێت (گرتە ئەوەیە كامێرا دەیبینێت) (السيناريو: سيد فيلد: ترجمة سامي محمد، دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد ١٩٨٩: لا ١٧٣).

١٤- دەربارەی پەیوەندی نێوان شیعر و وێنەكێشان هەر لە زۆر كۆنەوە سیمۆندس وتوویەتی:(شیعر وێنەیەكی دوواوە، و وێنە شیعرێكی بێ دەنگە) (النقد الادبي الحديث: محمد غنيمي هلال، دار النهضة، مصر، الفجالة - القاهرة: لا: ٥٥).

هەر لەم مەیدانەدا هۆنراوەی ئۆپەرێت نموونەیەكە بۆ دەرخستنی مانا و مەبەستی هۆنراوە لە چەند وێنە و دیمەنی نمایشكراودا، لەم سەردەمەدا ئەم پەیوەندییە بەهۆی پێشكەوتنی تەكنیكییەوە زیاتر دەركەوتووە، نەک هەر گۆرانی ئۆپەرێت بەڵكو زۆر هۆنراوەی لیریكیش كە دەكرێت بەگۆرانی لەگەڵ وێنە و دیمەنی گونجاو لەگەڵ مەغزای هۆنراوەكەدا پێشكەش دەكرێت، هەر لەبەر ئەمەشە ئەشێ هونەری

سیناریۆ لە شیعری لیریکیشدا بەدی بکرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، وەک لێکۆڵینەوە بەنرخەکەی د. ابراهیم قادر کە لەسەر هۆنراوەکانی مەولەوی کردوویەتی بەناونیشانی (سیمای سیناریۆ لە شیعرەکانی مەولەوی تاوەگۆزیدا) لە (گۆڤارا زانکۆیا دهۆک - مرۆڤایەتی ئەکادیمی، بەرگی (٢) ژمارە ٦ ساڵی ١٩٩٩: لا:٨٥٧)دا.

١٥- ئەڕوانرێ بۆ (کیف نکتب السیناریو: صلاح أبو سیف: الموسوعة الصغیرة (٩٨)، دار الجاحظ - بغداد آب ١٩٨١: لا: ٥٦).

١٦- ئەڕوانرێ بۆ: السیناریو: سید فیلد : ١٣٧

١٧- دەربارەی ئاوێتەبوونی وێنە و جووڵە لە سینەمادا (جیل دولوز) دەڵێت (سینەما وێنەکانمان پیشان نادات و پاشان جووڵەی بۆ زیاد بکات، بەڵکو وێنەی جووڵەمان پیشان دەدات ( الصورة - الحرکة او فلسفة الصورة، جیل دولوز: ترجمة: حسن عودة: وزارة الثقافة... دمشق ١٩٩٧: لا: ٧).

١٨- ڕێبازە ئەدەبییەکان لەیەک ناپچڕێن، بەڵکو هەریەکەیان زادەی ڕێبازی پێش خۆیانن لەم ڕووەوە ڤان تیغیم دەڵێت:( ڕۆمانسییەت خۆی لە خۆیدا هەڵگری تۆوی ڕیالیزم بوو) (المذاهب الادبیة الکبری في فرنسا ڤان تیغیم، ترجمة: فرید انطونیوس، منشورات عویدات، بیروت - لبنان - باریس، ط١ عام ١٩٦٧ لا: ١٧٨)

١٩- جمالیات المکان: ١٨٩.

٢٠- بەپێچەوانەی ئەم وێنەیەوە کاتێ دەریا دەبێت بەبەشێک لە خودی گۆران، وێنەیەکی هێمن و ئارام وەردەگرێت وەک ئەو وێنەیەی لە (هەڵبەستی دەروون)دایە:

ئەمویست دەروون بکرایەوە وەک تۆمار
دەرکەوتایە دنیای جوانتر لە بەهار
دەرکەوتایە مانای **مەنگی دەریایی**
کە **نەرمە با** لە ڕووی ئەدا **ئەسپایی**
(دیوانی گۆران: ١٢١)

٢١- ئەڕوانرێ بۆ: جمالیات المکان: ٤١.





**سەرچاوە:**


١- أدب الفنتازیا، مدخل الی الواقع، ت.ي، ایتر. ترجمة: صبار سعدون السعدون، دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد ١٩٨٩.

٢- البنیویة وعلم الاشارة: ترنس هوکز: ترجمة، مجید الماشطة، بغداد ط١، سنة: ١٩٨٦.

٣- جمالیات المکان: جاستون باشلار، ترجمة: غالب هلسا، کتاب الاقلام (١)، دار الجاحظ للنشر، وزارة الثقافة والاعلام، بغداد، سنة الایداع ١٩٨٠.

٤- دیوانی گۆران: گۆران، کۆکردنەوە و ئامادەکردن و پێشەکی و پەراوێز نووسینی: محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بغداد ١٩٨٠.

٥- سایکولوجیة ادراك اللون والشکل: قاسم حسین صالح، وزارة الثقافة والاعلام، الجمهوریة العراقیة، دار الرشید للنشر ١٩٨٢.

٦-السیناریو: سید فیلد: ترجمة سامي محمد، دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد ١٩٨٩.

٧- سیناریۆ لە شیعرەکانی مەولەوی تاوەگۆزیدا: د. ابراهیم قادر محمد (گۆڤارا زانکۆیا دهۆک، مرۆڤایەتی، ئەکادیمی، بەرگی (٢) ژمارە (٦) ساڵی ١٩٩٩.

٨- الصورة، الحرکة أو فلسفة الصورة، جیل دولوز: ترجمة حسن عودة: وزارة الثقافة، دمشق ١٩٩٧.

٩- الطاقة الذریة واستخداماتها: د. خضر عبدالعباس حمزة، و د. غسان هاشم الخطیب، منشورات منظمة الطاقة الذریة العراقیة، ط٢، ١٩٨٩.

١٠- الفضاء الروائي في الغربة (الاطار والنسق والدلالة): محمد منیب البوریمي، دار النشر المغربیة، دار البیضاء ١٩٨٤.

١١- في الاصوات اللغویة، دراسة في اصوات المد في اللغة العربیة، د. غالب فاضل المطلبي، وزارة الثقافة والاعلام، سنة ١٩٨٤.

١٢- قضایا في النقد الادبي: ك.ك روثفن، ترجمة عبدالجبار المطلبي، دار الشؤون الثقافیة بغداد، آفاق عربیة ط١ سنة ١٩٨٩.

١٣- القنبلة النیوترونیة: د. محمد عبداللطیف مطلب، الموسوعة الصغیرة (١٠٢)، منشورات دار الجاحظ، بغداد ١٩٨١.

١٤- قواعد النقد الادبي: لاسل آبر کرومبي، ترجمة: محمد عوض محمد، دار الشؤون الثقافیة العامة، وزارة الثقافة والاعلام، العراق ط١ سنة ١٩٨٦.

١٥- كتاب العين: خليل بن احمد الفراهيدي: تحقيق د. مهدي المخزومي و د. ابراهيم السامرائي: دار الرشيد ١٩٨٠.
١٦- كيف نكتب السيناريو: صلاح ابو سيف: الموسوعة الصغيرة (٩٨)، دار الجاحظ، بغداد آب ١٩٨١.
١٧- المذاهب الادبية الكبرى في فرنسا ڤان تيغيم، ترجمة: فريد انطونيوس، منشورات عويدات، بيروت، لبنان، باريس، ط١ عام ١٩٦٧.
١٨- النقد الادبي الحديث: محمد غنيمي هلال، دار النهضة، مصر، الفجالة، القاهرة، بدون تاريخ.

***





## جوانی بێ ناو

قژ کاڵی، لێو ئاڵی، پرشنگی نیگا کاڵ،
ئەی کچە جوانەکەی سەر گۆنا نەختێک ئاڵ!
ئەی کچە مەنگەکەی بەدەنگی چپە دوو،
گەندەمووی دەم و چاو مەچەک هەڵنەگرتوو...
ئەی ئەندام وردیلەی، نەرمۆڵەی، ئێسک سووک،
ئەی بەرگی ساکارت دڵگیرتر لە هیی بووک!
ڕاستە من ڕێبوارم سەرپێیی ئەڕوانم،
بەڵام وا جوانیی تۆ کاری کرد لە گیانم،
ئەڵێی، نەک هەر ئێستا، عومرێکی درێژە
بەو دەست و پەنجانەت برینم سارێژە!...
ئەی کچە کاڵەکە! جوانی تر با زۆر بن،
لە باغچەی بەهارا گوڵباخی بەر خۆر بن،
با ڕەنگیان پەرداخت بێ و جێگەیان سەرچڵ بێ،
بەواتەی خەڵکی تر با ناویان شاگوڵ بێ،
گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە،
کە لە ژێر سێبەری تووترکا خامۆشە!
لە هەموو ئاسمانا ئەستێرەی بەربەیان!
ئەخاتە دڵی من هەستێکی سپی و جوان!
لە تەختێک هەڵدەستێ هەزار و یەک نەغمە:
ئەوەیان شیرینترە دێتە گوێم زۆر نزمە!
کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو:
لە بنیا بلەرزێ مرواریی زیخ و چەو،
جوانترە لە لای من لە دەریای بێ سنوور
شەپۆلی باتە بەر تیشکی ڕۆژ شلپ و هوور!
قژ کاڵی، لێو ئاڵی، پرشنگی نیگا کاڵ،
ئەی کچە جوانەکەی سەر گۆنا نەختێک ئاڵ!
دەربەست نیم ڕێبوارم، دەربەست نیم ڕەوتە نیم
ئەزانی شپرزە و دەربەستی ئێجگار چیم؟

هیی ئەوەی نیگارێک لە یادم کێشراوە،(١)
شۆخێکی نایابە، بەڵام ئاخ، بێ ناوە!...

(١) نیگار: ڕەسم، صورەت



## خولگەی دووهەم:

# من و تۆ لە نێوان بوون و هەبووندا لە دیوانی ڕۆژان ئەڕوا و تۆ هەر خۆشەویستی منی فەرەیدون عەبدول بەرزنجیدا

## پێشەکی:

ئەو بابەتەی ئەم لێکۆڵینەوە ڕەخنەییيە ئەیگرێتە خۆی بابەتێکی فەلسەفی ئامێزە بەڵام فەلسەفەیەکی هونەرییە و بیروڕا فەلسەفییەکان لە دەرەوەی دەق ناخوازێت بەڵکو لە دەقەکان دەریان ئەهێنێت، وشە و دەستەواژە و وێنەی شیعری و واتاکانی فەرهەنگی شیعری دیوانەکە دەینێتە گۆ بۆ مەبەستی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە، کە دیالێکتیکی (من و تۆ)یە، لە هەمان کاتدا ئەم دیالێکتیکە خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی زەق و سەرنج ڕاکێشە لە سەرجەمی هۆنراوەکاندا، و گرنگی ئەم دیاردەیەش زیاتر تۆخ ئەبێتەوە کاتێ کە دوو بیری فەلسەفی دیالێکتیکی تێکەڵ بەیەک، (بوون/ هەبوون) ئەگرێتەوە خۆی.

بۆ گەیشتن بەمەبەستی دیاریکراو، چاپتەرەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەقە شیعرییەکان لە ناوەوە شی ئەکەنەوە بەپێی نەخشەیەک کە لە پێنج بەش داڕێژراوە:

١- دەروازە و کەشی نووسین.

٢- (من و تۆ) و بوون/ هەبوون.

٣- گۆڕاو/ نەگۆڕ.

٤- جولاو/ وەستاو.

٥- کات و شوێن.

بەشی یەکەم (دەروازە و کەشی نووسین) لە بەرگی دیوانەکەوە دەست پێدەکات و ئەو هێمایانەی کە پەیوەندییان بەدیاردەی سەرەکی (من/ تۆ)وە هەیە ئەخاتە ڕوو بەپێی بۆچوونێک کە بەرگ و ناونیشانی دیوانەکە پەیوەستی ناوەڕۆکن و دیالێکتیکی سەرەتا و کۆتایی پێک ئەهێنن، بەرگ دەروازەیە بۆ ناوەوە و لە هەمان کاتدا لە ناوەوەی دیوانەکە وەرگیراوە و هێڵی بۆ کێشراوە. ئەم تێهەڵکێشکردنەش لە نێوان بەرگ و ناونیشان و ناوەڕۆکدا لە پێناوی مەبەستی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەدایە و

بنەمایەکە بۆ سەرجەمی بەشەکان.

بەشی دووهەم (بوون/ هەبوون) چوار ئاست ئەبەستێت بەیەکەوە و پلە بەپلە هەنگاو ئەگوێزێتەوە بۆ قووڵایی لایەنە فەلسەفییەکە، لەم بوارەدا بۆ زیاتر کشان بۆ قووڵایی کرۆکی باسەکە، هەر سێ بەشەکەی تر لەم بەشە (بوون/ هەبوون) لە دایک ئەبن. بەشی سێیەم لایەنی گۆڕاو و نەگۆڕ لە (من/ تۆ)دا دەرئەخات و بەشی چوارەم پەردە لەسەر (جولاو وەستاو) لە (من/ تۆ) لا ئەدات و ئەوەش لە یاد نەکرێت کە کردارەکان ڕۆڵێکی تەواو ئەبینن لەم ڕووەدا، هەر ئەمەشە پەیوەندی نێوان بەشی چوارەم و بەشی پێنجەم (کات و شوێن) خەست ئەکاتەوە، هەمیشە کردار پەیوەستە بەکاتەوە و کاتیش لە باوەشی (شوێن)دا خۆی ئەبینێتەوە و لێی ناپچڕێت.

دوا بەدوای ئەم پێنج بەشە سەرەنجامێک کۆتایی بەلێکۆڵینەوەکە ئەهێنێت بەمەبەستی خەست کردنەوەی بۆچوونەکان و ڕۆشن کردنەوەی چەند لایەنێک لە لێکۆڵینەوەکە.

ئاواتەخوازم ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدانێک بێت بۆ ترازان لەو بۆچوونە ڕەخنەییانەی کە لەسەر ئاستی ئاسۆیی ئەگیرسێنەوە و لە دەرەوەی دەقەکان شەن و کەوی ڕەخنەیی ئەکەن و هێڵی قووڵایی فەرامۆش ئەکەن.

**دەروازە و کەشی نووسین** (Writing Space)(١)

ئەگەر پەیوەندی نێوان ناونیشان (عنوان) و ناوەڕۆکی دەقە هونەرییەکان بکەین بەیەکەم هەنگاو بۆچوونە ناو کرۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیە – لەبەر ئەوەی زۆرجار ناونیشان یان وێنەی بەرگی پەڕاوە هونەرییەکان لە ناوەڕۆکەکانیان هەڵئەگوێزرێن، وە هەندێ جاریش دەقەکان پابەندی سەر باسەکان و ناونیشانەکانیان ئەبن(٢)، ئەوا وێنەی بەرگ و ناونیشانی ئەم دیوانە (ڕۆژان ئەڕوا و تۆ هەر خۆشەویستی منی)(٣) ئەبن بەدوو هێڵی ڕۆشن کەرەوەی سەرەکی بۆ ئەو سەرنجە ڕەخنەییانەی ئەیانەوێت بۆ تونێلی کەشی دەقەکان بکشێن.

– **هێڵی یەکەم (وێنەی بەرگ)**: کلێشەی بەرگی دیوانەکە پێکهاتووە لە دوو بەش، کە کۆمەڵێ هێما ئەگرنە خۆیان، بەشی سەرەوەی بریتییە لە وێنەی کیژێک کە دۆش دامان و سەرسوڕمان لەسەر ڕووی ئەبینرێت، وەک بەرامبەر دووڕیانێک وەستابێت و نەزانێت سەر بۆ کوێ بەرێت، ڕەنگی سپی زاڵە بەسەر سەراپا ڕوویدا و لەمەش زیاتر ئەم ڕەنگە قژی ڕەشی کیژەکە ئەداتە بەر شەپۆلی خۆی و چەند جۆگەیەکی سپی لەناو تاریکی قژیدا ئەکێشێ، ئەمەش تا ڕادەیەک ئەشێ هێما بێت بۆ ڕۆشنی و جوانی تۆ/





خۆشەویست لە لای خودی شاعیر یان لەوانەیە ئاماژە بێت بۆ دوا کۆپلەی دیوانەکە، کە تۆ/ خۆشەویست کچی وڵاتی بەفرە و پرچ سپییە:

(تۆ کچی وڵاتی بەفری
هەر دێیتەوە و کە دێیتەوە
بێگومانم
ئێستا لە جاران جوانتری)(٤)

هەروەها وێنەی ئەم کیژە ناتەواوە و دەم و لێوی نادیارە، ئەمەش دەقاودەق گونجاوە لەگەڵ بێدەنگی تۆ/ خۆشەویستدا لە زۆربەی هۆنراوەکاندا و شاعیر بەزۆر ئەیەوێت بیهێنێتە گۆ:

(بۆ بێدەنگی
کێ وەک من خۆشی ویستوی؟
بۆ بێدەنگی
کام نهێنی لەناو دڵتا حەشار ئەدەی؟)(٥)




تەختی بەردەمی ئەم وێنەیە ئاسۆیەکی سوورە، دەربارەی ئەم ڕەنگە ئەتوانرێت ئاماژە بکرێت بۆ ئەو هێمایانەی ئەم ڕەنگە ئەیبەخشن، بەر لە هەموو شت ئەم ڕەنگە نیشانەی پاکیزەیی ئافرەتە، هەروەها ئاماژەیە بۆ ڕەنگی خۆر لە کاتی ڕۆژهەڵاتن و ئاوابووندا کە سەرەتا و کۆتایی خۆشەویستی شاعیر ئەگرێتە خۆ وەک کۆتایی نەهاتنی خۆرهەڵاتن و ئاوابوون خۆشەویستی لە

لای شاعیر بێ کۆتاییە و هەردوو دەری لە خودی شاعیر داخستووە و لە نێوانیاندا ئەخولێتەوە، بێ لەوەی ڕەنگی سوور هێمای غیرە کردن و شۆڕش بەرپاکردنیش ئەگرێتە خۆی(٦). لەم بوارەدا ئەم ڕەنگە ئەبێت بەتاڵە بەنێک و بەشی سەرەوە و خوارەوەی وێنەکە ئەبەستێت بەیەکەوە، وەک لەو دیو پەردەوە بتکێتە خوارەوە و هێڵ بەهێڵ ناوی دیوان (ڕۆژان ئەڕوا و تۆ هەر خۆشەویستی منی) و ناوی شاعیر (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی) و ساڵی لە چاپدان (١٩٨٣) بەڕەنگی خوێنینی شۆڕشگێڕی ئەکێشێ لە چوارچێوەی شوورەیەکدا کە بەڕەنگی ڕەش گەمارۆی هەرسێکیانی داوە. لەگەڵ وشەی (شیعر) کە بەتەنها لەناو ئەم شوورەیەدا بەڕەنگی ڕەش کێشراوە، وەک ڕەنگی قژی کیژ و دیواری ئەم شوورەیە ڕەشپۆشە(٧)، و شین و زایەڵەی خۆی ئەگێڕێت لە چاوەڕوانی خۆشەویستێکی گۆدۆ ئاسادا کە هەرگیز ناگەڕێتەوە لە هەمان کاتدا ئەم وشەیە (شیعر) بەرامبەر ڕاڕەوێکی نیمچەکراوەی نەخشەی شوورەکە ڕاوەستاوە و تەنها دەنگی شیعرە بتوانێت بەم ڕاڕەوەدا ئاودیو ببێت و بگاتە (تۆ/ خۆشەویست) و وێنەی بکێشێ و کەلێنی ئاوارەبوونی پڕ بکاتەوە و ببێتە بریکاری خەیاڵی بۆی. هەر بەم بۆنەیەوە (شیعر) و (تۆ)ی خۆشەویست لە زۆر وێنەی هۆنراوەکاندا هاوشانی یەک ئەوەستن و ئەبن بەیەک و هەریەکیان ئەبێتە ئاوێنەی ئەوی تریان و (تۆ) وەک دوو تۆیی بەرگی ئەمسەر و ئەوسەری هۆنراوەیە لای خودی شاعیر:

(تۆ هۆنراوەی
هۆنراوە تۆی)(٨)

– **هێڵی دووهەم (ناونیشانی دیوانەکە):** لە هەمان ڕوانگەی پەیوەندی نێوان ناونیشان و دەقەوە کە لەمەوبەر ئاماژەی بۆ کرا، ناونیشانی دیوانەکە (ڕۆژان ئەڕوا و تۆ هەر خۆشەویستی منی) بێجگە لەوەی کە وەرگیراوە لە ناونیشانی هۆنراوەیەک لە








هۆنراوەکانی ناو دوو تۆیی دیوانەکە خۆی ئەتوانرێت چوار ئاستی سەرەکی کێشە و ڕووداو و کرۆکی هۆنراوەکان لەم ناونیشانەدا بدۆزرێتەوە «بێجگە لەوەی شێوەی (کەشی) نووسینی ئەم ناونیشانە دەقاودەق گونجاوە لەگەڵ ئاستی گۆڕاو نەگۆڕدا، (ڕۆژان ئەڕوا و) لەسەرەوەیە و وەک ئاوی کانییەک ئەجوڵێ و ئەڕوا (تۆ هەر خۆشەویستی منی) وەک زیخی بن ئاو جێگیر و نەگۆڕە».

١- لە ئاستی کەسایەتییەکانەوە: من/ تۆ

٢- لە ئاستی گۆڕاو نەگۆڕەوە: ڕۆژان ئەڕوا و/ تۆ هەر...

٣- لە ئاستی کاتەوە: ڕۆژان ئەڕوا...

٤- لە ئاستی بابەتەوە: خۆشەویستی...

خۆ ئەگەر بمانەوێت بگەڕێین بۆ ئاستی (شوێن) لەم بوارەدا وەک ئاستی پێنجەم. ئەوا ئەو شوێنانەی لەناو هۆنراوەکاندا هاتوون پەیوەستن بەکاتی کردارەکانی هۆنراوەکانەوە لە ناوەوە لەبەر ئەمەشە کات و شوێن لە یەک تەوەردا باسیان لێوەکراوە.

ئەم ئاستانە و ئەو هێمایانەی لێیان ئەوەشێتەوە چەند خولگەیەک پێک ئەهێنن کە ڕووداوەکان بەدەوریا چەند دووانەیەک (ثنائية) دروست ئەکەن، کە زۆربەیان لە ئاستی دووانەی (من/ تۆ)دا کە بنەمای سەرەکی سەرجەم ئەم ئاست و خولگە و دووانانەیە، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ ئەسووڕێنەوە و پێوەی پابەندن.

بەرلەوەی بچینە ناو قووڵایی ئەم چوار یان پێنج ئاستەوە کە پەیکەر و گۆشت و خوێنی ئەم باسە لەسەریان بنیات نراوە پێویستە ئاوڕێک لە بەشێکی کەی کەشی نووسینی دیوانەکە بدەینەوە.

– دوو تۆیی ئەم دیوانە (٦٣) لاپەڕەی نامیلکەیی (بچووکی) لێ ڕاخستووە و (٢٠) هۆنراوە نیشتەجێی ئەم نیشتمانەن، کاتی لەدایکبوونیان لە نێوان ساڵانی ١٩٧٧ - ١٩٨٣ دایە، بێجگە لە پێشەکییەک کە لە ژێر ناوی (چەپکێ سەرنج) دایە، لەگەڵ (چرپەیەک) دوای تێپەڕبوونی (٦) هۆنراوە لە دیوانەکە. سەرجەمی دێڕی هۆنراوەکان (٤٤٨) دێڕە بەشێوەی تازە نووسراون، تاڕادەیەکی زۆر دێڕی هۆنراوەکان کورتن و لە دەوری کێشی چوار برگەیی و دووجاکانی (١٢،٨) ئەخولێنەوە. لە ڕووی نووسینەوە تەختی سپی (نەنووسراو)ی لاپەڕەکان زاڵن بەسەر ڕەشی نووسراودا(٩)، وەکو بیانەوێت ڕۆشنایی ئاوات ببەخشن بەتاریکی چاوەڕوانی ئەو خۆشەویستەی کە لە تاریکستاندا ونە لە خودی شاعیر، جا نازانین چرای ئەم پەڵە سپییە ڕووناک ئامێزە

ڕووناک بینیی شاعیر دەرئەخات یان بەپێچەوانەوە بێ هیوایی لای شاعیر ئەیەوێت کلاوڕۆژنەی هیوا لەسەر ڕووی لاپەڕەکان دروست بکات، یان ئەشێ شاعیر بێزار بێت لە جەنجاڵی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆ کە خودی مرۆڤ تێیدا ونە بەهۆی چەند لایەنێکی داب و نەریتی کۆمەڵەوە خود بەئاواتەکانی ناگات و مافەکانی لێ زەوت ئەکرێت ئەمەش ئەبێتە هۆی نیگەرانی و خۆ ون کردنی، لەم ڕووەوە شاعیر ڕۆمانسییانە شەیدای کەشێکی کراوە و چۆڵە و ئەیەوێت بەتەنها خۆی و تۆ/ خۆشەویست پێکەوە بن و دەستی کەسیان نەگاتێ:

(... شیعر دەکەم بەپەرژین و

هەر چوار لاتی پێ دەتەنم

تا دەستی کەست نەگاتێ)(١٠)

– لە ڕووی کرۆکەوە سەرجەمی هۆنراوەکان بەدەوری یەک خولگەدا کە خولگەی خۆشەویستییە ئەخولێنەوە، لێرەدا ئەتوانرێت وەک دەربارەی شاعیری عەرەب (ابراهیم ناجی) وتراوە بوترێت (هەموو هۆنراوەکانی یەک هۆنراوەی خۆشەویستییە)(١١) بێجگە لە دوو هۆنراوە (دوو دیمەن) و (بەیادی گۆرانەوە)(١٢)، یەکەمیان بەئاسانی ڕەچاو ئەکرێت کە بەدەوری بابەتێکی دوور لە ئافرەت و خۆشەویستیدا ئەسووڕێتەوە، ئەم هۆنراوەیە وەک مووی بەر لووت وایە و بەزۆر خزێنراوەتە ناو دیوانەکەوە، ئەشێ هۆی ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ کاردانەوەی هەستی یا نەستی شاعیر هەتا بەپێی ڕێبازێکی هونەری تاوانبار نەکرێت کە شاعیرێکی خودییە و هیچ ڕەنگدانەوەی ئێش و ئازاری کۆمەڵ لە هۆنراوەکانیدا دیار نییە، هەروەها هۆنراوەی دووهەمیان هەرچەندە ئافرەت بابەتی هۆنراوەکەیە بەڵام پەیوەندی نێوان (من و تۆ) جۆرێکی جیاوازە لە ڕستی ئەو خۆشەویستییە ئەپچڕێت کە سەرجەمی هۆنراوەکانی بەیەکەوە گرێ داوە. وا دەرئەکەوێت ئەزموونی ئەم هۆنراوەیە جیاوازە لەوانی تر و ئەزموونێکی سەرپێیی و کاتییە هەروەکو ناونیشانی هۆنراوەکە دەری ئەخات (بەیادی گۆرانەوە)(١٣) کە لاسایییە، بێجگە لە شیکردنەوەی ناوەوەی هۆنراوەکە کە لە شوێنی پێویستی خۆیدا لە لاپەڕەکانی داهاتوودا ڕوون ئەبێتەوە(١٤)، لەم بوارەدا هۆنراوەیەک ئەمێنێتەوە کە ئەتوانرێت بەدوو جۆر بخوێنرێتەوە، ئەویش هۆنراوەی (نامەیەکی کراوە بۆ خاتوو زین)ە(١٥) خوێندنەوەیەکیان بەرەو لای ڕامیاری مل ئەنێت و لەبەر کۆت و زنجیری سیاسی سەردەمی هۆنراوەکە نەیتوانییوە بەئاشکرا خۆی دەربڕێ و دەمامکی ئافرەتی پۆشیوە و چەند وێنەیەک پەردە لەسەر ئەم دەمامکە لا ئەدات وەک (عەشقێکی شێت منی کردۆتە





دەروێشی بیابانی سوور) یان (خۆشم ئەوێی وەک خۆشەویستی نالی بۆ شارەزوور) کە بەرەو سنگی خاکی نیشتمان ئەمان بات. خوێندنەوەی دووهەم لە جیهانی ئافرەت و خۆشەویستی دوور ناکەوێتەوە و ئەتوانرێ وێنەکانی هۆنراوەکە لەسەر هەمان ڕستی خۆشەویستی و ئافرەت بگیرسێنەوە. لەم بازنەیەدا تێک ئاڵانی نیشتمان و ئافرەت ئاشکرایە لە هونەردا و زەمینە بۆ ئەم خوێندنەوەیە خۆش ئەکات، بێجگە لە ناوی (خاتوو زین) وەک هێمایەک ئەم لایەنە تۆخ ئەکاتەوە و ئاماژەیە بۆ (مەم و زین)ی خانیی بەناوبانگ... بەم پێیە ئەگەر ئەم هۆنراوەیە بەبارە ڕامیارییەکەدا بخوێنرێتەوە ئەوا ئەو هۆنراوانەی جەدەلی بەردەوامی (من/ تۆ) ون ئەکەن ئەبنە سێ هۆنراوە لە دیوانەکەدا. یەکەم هۆنراوە (دوو دیمەن) خۆی لە خۆیدا بەتاڵە لە (من/ تۆ)(١٦) دووهەم هۆنراوە (بەیادی گۆرانەوە) تێیدا (تۆ) ئەبێت بەتۆیەکی سەرپێیی و ڕاگوزار، لە سێیەم هۆنراوە (نامەیەکی کراوە بۆ خاتوو زین)دا (تۆ) ئەبێت بەنیشتمان – هەرچەندە بەلای منەوە نەپچڕانی لە (تۆ)ی ڕەسەنی سەرجەم هۆنراوەکان پەسندترە – هەروەها ئەشێ لەم بوارەدا چەند هۆنراوەیەکی تریش هەبێت (تۆ) کەسێکی تر بێت، بەواتا (تۆ) یەک (تۆ) نەبێت لە سەرجەمی هۆنراوەکاندا لەگەڵ ئەمەشدا ئەتوانرێت بوترێت تەنانەت لەو دوو هۆنراوە جیاوازەشدا (بەیادی گۆران) و (نامەیەکی کراوە...) تۆی خۆشەویستی سەرەک ماک و کرۆکی هەموو تۆ جیا جیاکانە و شاعیر لەمانەدا وێنەی ئەو (تۆ) ڕەسەنە ئەبینێ و ئەمان ئەوی بەیاد دێننەوە. هەر لەبەر ئەمەیە ئەتوانرێت جەدەلی (من/ تۆ) ڕەچاو بکرێت لە سەرجەم هۆنراوەکاندا بۆ دیاریکردنی هەستی (بوون/ هەبوون) لەم دیالێکتیک و پەیوەندییە لە نێوان (من/ تۆ)دا.

**(من/ تۆ) و بوون و هەبوون:**(١٧)

لە فەرهەنگی شیعری ئەم دیوانەدا کۆی بەکارهێنانی (من) ئەکاتە (١٩٨) جار، و کۆی بەکارهێنانی تۆ (٢٤٨) جارە(١٨)، بەکارهێنانی (تۆ) زیاترە لە بەکارهێنانی (من) بەڕادەی (٥٠) جار، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (تۆ) پتر کەشی هۆنراوەکانی پڕ کردۆتەوە، لەم ڕووەوە ئەگەر هاوسەنگی نێوان هەردووکیان بکەین بەنموونەی خۆشەویستی بوون (وجود)ی لەسەر ئەو بنەمایەی کە لە خۆشەویستی ڕاستیدا نابێت هیچ لایەک نە زاڵ و نە ملکەچی ئەوی تریان بێت، ئەوا پلەی خۆشەویستی شاعیر لە خاڵی نموونەیی دێتە خوارەوە بەرەو خۆشەویستییەکی (هەبوونی) لەبەر ئەوەی ڕێژە (نسبە)ی بەکارهێنانی تۆ لەگەڵ مندا یەکسان نییە و دەکاتە (١:١,٢٥٢).

بەکارهێنانی هەردوو وشە (من/ تۆ) ئەگەرچی خۆی لە خۆیدا نیشانەیە بۆ بوونی

دیاردەیەکی زەق و ئاشکرا لە فەرهەنگی شیعری هونەرمەندا(١٩)، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ گەیشتن بەمەبەستی دیاریکراوی چاپتەرەکان بۆچوونەکان لە ئاستی فەرهەنگی شیعریدا قەتیس نامێنن و ئەم پلەیە پەیوەستە بەپلەیەکی ترەوە وشەکان لە ئاستی دەستەواژە و ڕستەکاندا خۆیان ئەبیننەوە و وێنەی شیعری و سێبەری واتا پێک ئەهێنن کە ئەم ئاستەش بەرەو ئاستێکی قووڵتر شۆڕ ئەبێتەوە کە بارە دەروونی و فەلسەفییەکە ئەگرێتەوە، لە میانەی ئەم ئاستانەی کە تێک ترنجاون و لە یەکتردا تواونەتەوە، بۆچوونی ئەم لێکۆڵینەوەیە و تێڕوانین (رؤیة)ی شێوە و ناوەڕۆک لە یەک ڕوودا ئەخوێنێتەوە و لە یەکیان دانامالێ، دوای ئەوەی فەرهەنگی شیعری دیاردەی زەقی دوانەی (من/ تۆ) دروست ئەکات، لە هەمان کاتدا ئەم دیاردە سەرنج ڕاکێشە، لە ئاستی ڕستەکاندا، ڕستەی داخوازی ئەبێتە دیاردەیەکی تر و جاروبار ئەم ڕستە داخوازییانە ڕستەی مەرجیش ئەگرنە خۆیان(٢٠)، ئەم دوو ئاستە (فەرهەنگ و ڕستە) تێکەڵ بەیەک و لەسەر یەک هێڵ واتا و هێمای وێنە شیعرییەکان ئەکێشن و جۆری خۆشەویستی و پەیوەندی نێوان (من/ تۆ) لە ناخی شاعیردا دەرئەخەن.

بەر لەوەی بچینە ناو قووڵایی ئەم پەیوەندییە بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی یارمەتیمان ئەدات بۆ گەیشتن بەم پەیوەندییە و دەرخستنی، شێوازی داخوازییە لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە کە ئاماژە بۆ بارە دەروونی و فەلسەفییەکە ئەکات ئەویش لە بازنەی ویستی خود (ارادة الذات)دا و خود هێنانەدی (تحقیق الذات)دا ئەخولێتەوە(٢١).

لە تێکەڵەی ئەم ئاستانەدا لەسەر بناغەی ئەو واتایانەی ڕستە داخوازییەکان ئەیبەخشن بۆ دیاریکردنی پەیوەندی نێوان داواکەر و داوالێکراو کە سەرجەم لە سێ واتادا کۆ ئەبنەوە:

١- فەرمان، لە گەورەوە بۆ بچووک.

٢- تکا، لە بچووکەوە بۆ گەورە.

٣- داوا، لە نێوان دوو هاوشاندا.

هەرچەندە جیاکردنەوەی ئەم سێ واتایە لە یەک - کاتێ کە داوەکەر و داوالێکراو ناگۆڕێت - کارێکی گرانە لەبەر ئەوەی داوالێکراو (تۆ) یەک کەسە و سێ کەسی پلە جیاواز نییە، بەڵام ئەم تاقە کەسە سێ حاڵەتی جیا جیا وەرئەگرێت لە هەست و خودی شاعیردا، واتە هەڵوێستی خود لە ڕووی دەروونییەوە بەرامبەری ئەگۆڕێت جارێک هەست بەملکەچی و جارێک هەست بەگەورەیی و جارێک هەست بەهاوشانی ئەکات بەرامبەر بە(تۆ)، لەگەڵ ئەم گرانییەدا لەبەر ڕۆشنایی شێواز و وێنە شیعرییەکاندا تا





ڕادەیەکی کەم یا زۆر ئەتوانرێت پەردە لە ڕووی خۆشەویستی هەڵبدرێتەوە و سێ جۆر لە پەیوەندی نێوان (من/ تۆ) دیاری بکرێت:

١- خۆشەویستی زایەندی / سێکسی (الحب الجنسي).

٢- خۆشەویستی سۆزی / دەروونی (الحب العاطفي).

٣- خۆشەویستی بوونی / ئارایی (الحب الوجودي).

ئەگەر ئەم دوو پۆلێن کردنە، پۆلێنی واتای داخوازی و جۆری خۆشەویستی ببەستن بەیەکەوە، ئەوا جۆری یەکەم (فەرمان) و جۆری دووهەم (تکا) لە حاڵەتی جیا جیادا هەردوو جار جار لە دەوری خۆشەویستییە سێکسییەکە ئەسووڕێنەوە و جارجاریش لە دەوری دەروونییەکە، ئەم دوو خۆشەویستییە بەشێوەیەکی گشتی ئەکەونە بازنەی (هەبوون)ەوە بەڵام جارجاریش بەشێک لە خۆشەویستییە دەروونییەکە هەڵئەکشێت بۆ ئاستی (بوون)، جۆری سێهەم (داوا) ئەکشێ بەرەو خۆشەویستییەکی بوونی کە بێگومان لە بازنەی (بوون)دا خۆی ئەبینێتەوە. هەروەک دەربارەی ڕستە داخوازییەکان وترا کە جیاکردنەوەیان کارێکی گرانە، جیاکردنەوەی ئەم سێ جۆر خۆشەویستییە و پەیوەندی نێوان (من/ تۆ)ش کارێکی گرانە لەبەر تێکەڵ بوونیان بەیەک، لە هەستی شاعیردا لە یەک کاتدا یان پەیوەندی نێوان (من/ تۆ) خێرا ئەگۆڕێت لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر.

لەسەر ئەم بنەمایانە ئەگەر بکەوینە شەن و کەو کردنی هۆنراوەکان لە هەردوو لایەنی (بوون/ هەبوون)ەوە:

- لە ئاستی (هەبوون)دا، خودی شاعیر (تۆ) وەک کەرەسەیەک بەکارئەهێنێت بۆ چێژوەرگرتن، چ ئەو چێژە سێکسی بێت یان ویستی خودی خۆی پێ بێنێتە دی. لە بواری چێژە سێکسییەکەدا (تۆ)ی کەرەسە زیاتر لە (تۆ)ی خۆشەویستی ڕەسەنی شاعیر جیا ئەبێتەوە، نموونەی ئاشکرا بۆ ئەم بابەتە هۆنراوەی (بەیادی گۆرانەوە)یە، شان بەشانی جیابوونەوەی (تۆ)ی ڕەسەنی سەرجەم هۆنراوەکان، (من)ی شاعیر لە (خود) جیا ئەبێتەوە و لەناو کۆمەڵدا (ئەو لاوانەی لەسەر ڕێتان)دا ئەتوێتەوە و خۆی ون ئەکات:

(**ئەو لاوانەی** لەسەر ڕێتان

دڵیان مشتێ گۆشت و خوێنە

**منیش** وەکو **ئەو لاوانە**

دەمی حەزم گاز ئەگرێ لە

هەموو پارچەیەکی لەشت). (٢٢)

لەم وێنەیەدا سێبەری هەموو وشە هزرییەکان بەرەو لایەنە تەنییەکە (مادي) ئەڕۆن، دڵ ئەبێ بەمشتێ گۆشت و خوێن(٢٣)، (من) ئەو منە نییە و کەسایەتی تایبەتی خۆی نییە بەڵکو لاسایی ئەو لاوانە ئەکاتەوە، خۆشەویستی ئەبێت بەحەز(٢٤)، و حەزیش دەمی لێ ئەڕوێ و، دەم ماچ ناکات بەڵکو گاز ئەگرێت و گاز تەنها لە دەم و لێو و کولم ناگرێت، بەڵکو لە هەموو پارچەیەکی لەش ئەگرێت، بەپێچەوانەی ئەم وێنەیەوە هیچ کاتێک شاعیر ئەم گازەی لە هیچ شوێنێکی (تۆ)ی خۆشەویستی نەگرتووە، بێجگە لەوەی لێرەدا بەمەشەوە ناوەستێ و کەسانی کەش هاوبەشن لەم گاز گرتنەدا:

(منیش وەکو ئەو لاوانە

دەمی حەزم گاز ئەگرێ لە

هەموو پارچەیەکی لەشت)

بەڵام بەپێچەوانەوە بەدەوری **(تۆی ڕەسەن)**دا پەرژین ئەکا و ئەیخاتە ناو چوارچێوەیەکەوە تا دەستی کەسی نەگاتێ:

(شیعر ئەکەم بەپەرژین و

هەر چوار لاتی پێ دەتەنم

تا دەستی کەست نەگاتێ) (٢٥)

ئەم هۆنراوەیە (بەیادی گۆران) تاقە هۆنراوەیە لە تەواوی دیوانەکەدا کە دەقاودەق و سەرتاپا بەدەوری خۆشەویستییە سێکسیێکەدا ئەخولێتەوە خۆ لەوانەیە چەند وێنەیەکی کەی دیوانەکە بەتایبەتی دوو وێنە کە باس لە ماچ ئەکەن سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێ و لەم بازنەیەدا بخولێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ناتوانرێت ماچ کردن تەنها بەدیاردەیەکی سێکسی لە قەڵەم بدرێت بەڵکو لەسەر خاڵێکی هاوبەش ئەوەستێت، ئەتوانرێت بەهەردوو بارەکەدا سێکسی و دەروونی دابنرێت و جاروباریش بەرز بێتەوە بۆ خۆشەویستییە وجودییەکەی کە لە (هەبوون) جیا ئەبێتەوە و ئەچێتە دەریای (بوون)ەوە:

وێنەی یەکەم:

(ئێستاش پەپولەی ماچی من

بەسەر گوڵی





لێوتەوەیە) (٢٦)

هەرچەندە پەپولەی خودی شاعیر زۆر بەنەزاکەت و لەسەرخۆ شیلەی لێوەکانی (تۆ) ئەمژێت، بەڵام بۆنی خۆشەویستییەکی سێکسی لێ دێت و لە هەمان کاتدا ئەشێت لە خانەی خۆشەویستییەکی دەروونیدا بخوێنرێتەوە.

وێنەی دووهەم:

(ئەی مامۆستای گەورەترین خۆشەویستی

تۆ خۆت فێری ماچت کردم

ئێستا بۆ بێ ماچم ئەکەی...) (٢٧)

تاڕادەیەک پلەیەک زیاتر مل ئەنێ بەلای خۆشەویستییە دەروونییەکەدا و ماچ ئەبێتە هێمای پەیوەندییەک کە ئێستا پچڕاوە لە نێوان (من) و (تۆ)دا. و ئەم دوو وێنە هاوبەشە ئەبن بەپلەیەک و سەرنجە ڕەخنەییەکان بەرەو ئاستی خۆشەویستی دەروونی ڕائەکێشن. هەستی دەروون ئەبێت بەبنەمایەک بۆ وێنەی ئەو خۆشەویستییەی هۆنراوەی جۆلانە ئەیکێشێت، لە ناخی شاعیردا خۆشەویستییەکی سادەی منالی خۆی حەشار داوە و خودی شاعیر داوا لە (تۆ/خۆشەویست) ئەکات چیتر نەڕوا و دوور نەکەوێتەوە:

(بۆ کوێ دەڕۆی

...

گەر دەترسی

شیعر دەکەم بەپەرژین و

هەر چوار لاتی پێ دەتەنم

تا دەستی کەست نەگاتێ) (٢٨)

غیرەکردن لە خودی شاعیردا ئەوەندە بەهێزە ئەیەوێت (تۆ/خۆشەویست) لە پەرژینێکدا بتەنێت، دوور لە هەموو کەسێک، دەستی خۆی نەبێت دەستی کەسی نەگاتێ، ئەم جۆرە پچڕانە لە خەڵکی و ژیان و تەرخانکردنی خودی خۆشەویست بەتەنها بۆ خودی شاعیر جۆرێکە - تاڕادەیەک نزیک - لە خۆشەویستییەکی ساکار و منداڵانە، ئەم خۆشەویستییە منداڵییە هەرچەندە شاعیر نایەوێت دەری بخات و ڕاستەوخۆ ئاماژەیەک لە هۆنراوەکەدا نییە بۆی، بەڵام لە دەروونی شاعیردا چەسپاوە و ناتوانێت بیشارێتەوە بۆیە نەست (لاشعور)ی شاعیر خۆی پێ ڕاناگیرێ و ناڕاستەوخۆ هەر هەوسار ئەپچڕێنێ و ئەکەوێتە ڕوو، وێنەیەک لە وێنە شیعرییەکانی (هێمن) کە

شاعیر خواستوویەتی ئەبێتە لابەری ئەم پەردەیە. ئاڵوگۆڕکردنێک لە نێوان خودی شاعیر و خودی (تۆ)دا دروست ئەکات و شاعیر منداڵی خۆی ئەگوێزێتەوە و ئەیچەسپێنێ بەسەر (تۆ)دا:

(لە دڵما بە گەر پرسیان
ئەڵێم دڵم جێی کیژێکی خان و مانە
منداڵە و ئۆقرە ناگرێ
بۆم دروست کردووە جۆلانە)(٢٩)

لە ڕاستیدا دڵی شاعیر خۆی منداڵە و بزێوە و ئۆقرە ناگرێ، نەک ئەو کیژە خان و مانە – لەم ڕووەوە وشەی (جۆلانە) کە بەرامبەر بە(دڵ) ڕادەوەستێت ئەبێتە دەلیل بۆ ئەم ئاڵوگۆڕکردنە و ترازاندنە، واتە دڵی شاعیرەکە جولاوە و ئۆقرە ناگرێت.

لەسەر هەمان هێڵ لە هۆنراوەی (تۆ)دا خودی شاعیر ئەیەوێت تەنها خۆی بێ و بەس و خۆشەویستی هەموو کەسانێکی تر لە خۆشەویست دابڕێت:

(گیانە ئەوەی
لە من زیاتر تۆی خۆشدەوێ
بێگومان بەدرۆ دەکا)(٣٠)

بەم جۆرە دابڕینی خۆشەویست لە دەوروبەری و تەرخانکردنی بۆ خودی شاعیر لە بازنەی هەستی (هەبوون)دا ئەگیرسێتەوە و ناچێتە ئاسۆی (بوون)ەوە.

هەروەها لە هۆنراوەی (ڕۆژان ئەڕوا و تۆ...)دا هەستی (هەبوون) زاڵە بەسەر خودی شاعیردا تاڕادەیەک شاعیر بەرەو نێرگزییەت ڕائەکێشێ، لە کاتێکدا کە پێویستە هەردوو خودی شاعیر و تۆ هاوشان بن و لە یەکتردا بتوێنەوە، لەم هۆنراوەیەدا هەرچی پەیوەندی بەخودی شاعیرەوە هەیە جوانترە و گەشترە لە جوانی (تۆ)ی خۆشەویست:

«هۆنراوەیەکت بۆ ئەڵێم
هیچ شاعیرێک نەیوتبێ
شیعرێ خۆشتر بێت لە ناوت
شیعرێ گەشتر بێت لە چاوت
(شیعرێ ڕەنگی وەکو ڕەنگت)
شیعرێ ناسکتر لە دەنگت





شیعرێ ناسکتر لە دەنگت» (٣١)

خۆ ئەگەر خۆشەویستی شاعیر لە مەودای (بوون)دا بسووڕایەتەوە ئەوا ئەبوایە وەک لە تاقە دێڕێکدا ئەڵێت: (شیعرێ ڕەنگی وەکو ڕەنگت)(٣٢) لە سەرجەمی دێڕەکانی تریشدا بیگوتایە:

شیعرێ خۆش بێت وەکو ناوت
شیعرێ گەش بێت وەکو چاوت
...............
شیعرێ ناسک وەکو دەنگت)

لە هۆنراوەی (دووری)دا خۆشەویست (تۆ) دوو وێنەی جیا جیا ئەگرێتە خۆی لەسەر هەردوو جەمسەری (بوون و هەبوون):

(ئێستا دوورم
نە ئەتوانم
لە باوەشتا تێر بنووم هەتاکو ئەمرم
نە ئەتوانم
بۆ زاخاوی مێشکی ماندووم
گوێ لە قاقا و
دەنگت بگرم)(٣٣)

(لە باوەشتا تێر بنووم هەتاکو ئەمرم) توانەوەیە لە خودی خۆشەویست/ تۆدا و لەسەر جەمسەری (بوو) ئەوەستێتەوە، لە (بۆ زاخاوی مێشکی ماندووم، گوێ لە قاقا و دەنگت بگرم)دا، خۆشەویست / تۆ ئەبێت بەئامێرێک بۆتە سەلای خودی شاعیر و تاڕادەیەک وێنەکە دادەبەزێت بۆ (هەبوون).

لاسەنگی نێوان خودی شاعیر و خودی تۆ / خۆشەویست هۆی گەورە و سەرەکییە کە نایەڵێت خۆشەویستی نێوانیان لە میحرابی (بوون)دا بمێنێتەوە. ڕستە داخوازییەکان ئەوە ئەگەیەنن کە جارێک شاعیر ئەیەوێت فەرمان بۆ (تۆ) دەرکات و وەک ئامێرێک بۆ چێژ و مەبەستی خۆی بەکاری بێنێت و بایەخی (تۆ) لەم کاتەدا دائەبەزێ و هاوسەنگی نێوانیان ون ئەبێت، و جارێکی تر خودی شاعیر وەک منداڵ داوای شیر لە دایک بکات بەرامبەر تۆ ڕادەوەستێت و ملکەچی تۆ دەبێت، دیسانەوە هاوکێشەکە لاسەنگ دەبێت و هەستی خۆشەویستی لە هەردوو حاڵەتدا بەرەو (هەبوون) ئەچێت.

بۆ نموونە خودی شاعیر لە یەکەم هۆنراوە (دیاری شاعیر) هەست بەوە دەکات کە لەسەر دووڕیانێک وەستاوە، خۆشەویست ماڵئاوایی لێ ئەکات و جیا ئەبێتەوە هەرچەندە هاواری لێ ئەکات ئاوڕ ناداتەوە و گوێ ناگرێ و دیاری شاعیر وەرناگرێ:

(تەنها دیاریم هۆنراوەیێکە
بۆم هێناوی لێم وەرگرە...
گۆرانی بۆ تۆ دەڵێم و
گوێم لێ بگرە
گیانە ئەگەر ئاوازەکەی
وەک قاقای تۆ و گریانی من
بەجۆش نەبوو
نۆتەکانی لەت و پەت کە
بیان دڕە)(٣٤)

دووانەکان (بۆم هێناوی/ لێم وەرگرە) و (دەڵێم/ گوێم لێ بگرە)، (قاقای تۆ/ گریانی من) بەڕۆشنی ئەو لاسەنگییە دەرئەخەن لە نێوان هەردوو خوددا. لێرەوە پەردە لەسەر پەیوەندی شلۆقی نێوان (من و تۆ) لادەچێت و تا دەڕوات ئەم پەیوەندییە شلۆقتر ئەبێت لە واقیعدا، بەڵام بەرامبەر ئەم شلۆقییەی واقیع هەنگاو بەهەنگاو لە هەست و نەستی شاعیردا خۆشەویستی (تۆ) چەسپاوتر ئەبێت و بەرەو بارێکی نەگۆڕ ئەڕوات.

هەر لەبەر ئەمەیە ڕاڕایی دەروونی شاعیر لە نێوان واقیع و ئەندێشەدا ئەیەوێت چارەسەری تێکچوونی ئەم هاوکێشەیە بکات، لە جیهانی هۆنراوە و داهاتوودا بۆ (تۆ/خۆشەویست) ئەگەڕێت، پەردەی ئەم دیوی دنیا لائەبات و بەرەو قووڵایی ئەودیوی هەنگاو ئەنێت:

(عاشق چاوی لە ئەودیوی شتەکانە
بۆیە لەو دیو(٣٥)
نیگای چاوەکانی تۆوە
ڕەنگی بەیانی ئەبینم
لە دەروونتا نەخشەی جیهانێکی تیایە





خەڵکەکەی هەموو شاعیرن)(٣٦)

چاوی (تۆ/خۆشەویست) ئەبێت بەدەروازەیەک خودی شاعیر لێوەی ئەچێتە ناو جیهانی خۆشەویستی و جوانییەوە، لە وێنەیەکی تەمومژاویدا کە نازانین (خود) ئەیەوێت ببێت بەهەموو ئەو کەسانەی لە جیهاندا ئەژین یان ئەوان ببن بەخودی شاعیر، بەهەرحاڵ نیشتمانی ئەم جیهانە دەروونی تۆی/خۆشەویستە و خودی شاعیر تاڕادەیەک ئەیەوێت لەم جیهانەدا ون بێت و بتوێتەوە.

**بوون:**

کاتێ بەرامبەر هۆنراوەی (نامەیەکی کراوە بۆ خاتوو زین) ڕائەوەستین وشەی (خاتوو زین) ئەبێتە کلیلی دەرگای ئەو سەرنجە ڕەخنەییانەی ئەیانەوێت پەردە لەسەر جیهانی (بوون) لابدەن، یەکێ لە سیمای خۆشەویستی ڕاستی ئەوەیە کە عاشق بەشێوەیەکی زەق باس لە خۆشەویستەکەی نەکات و ناوی نەدرکێنێت لێرەدا بێگومان (خاتوو زین) ناوی خۆشەویستی شاعیر نییە، وەک لەمەوبەر وترا ئەم هۆنراوەیە ئەشێ بەدوو باردا بخوێنرێتەوە(٣٧)، باری ڕامیاری و باری خۆشەویستی، لە یەکەمدا خاتوو زین دایکی نیشتمانە و لە دووهەمدا نازناوی (تۆ/خۆشەویست)ە، کە تا ئێستا شاعیر لە هیچ هۆنراوەیەکدا – ئەوەندەی من بزانم – ناوی نەوتووە، ئەمە لە لایەک و لە لایەکی ترەوە ئەوەی ئاماژە بۆ خۆشەویستییەکی (بوون)ی بکات شان بەشانی ئەم لایەنە بەشێوەیەکی گشتی ئەوەیە شاعیر خودی تۆی خۆشەویست پارچە پارچە ناکات و کەم جار – تاڕادەیەکی زۆر – ئەو پارچانەی بۆنی سێکسیان لێدێت بەکاریان دێنێت، لەسەرژمێری شوێنەکانی (ئەندامەکانی) مرۆڤدا، دڵ و چاو کە بەرەو واتای هزری دەڕۆن زاڵن بەسەر هەموو ئەندامەکانی تری لەشدا(٣٨).

ئەگەر ئەم هۆنراوەیە (خاتوو زین) لە چوارچێوەی خۆشەویستیدا بخوێنینەوە (شیعر و خود و تۆ) ئەبنە یەک بوون و لە یەکتر جیا نابنەوە:

(شیعر هاوڕێی
شەوانی تەنهایی منە و
منیش هاوڕێی خەمەکانی تۆم خاتوو زین
شیعر ژانێکی بەسۆیە و
لەگەڵ خۆشەویستی تۆدا
لەناو سنگی منا ئەژین

ئەی خاتوو زین)(٣٩)

(شیعر) و خۆشەویستی (تۆ) و سنگی شاعیر ئەبنە یەک و جیاکردنەوەیان نیشانەی تەنهاییە، کە بەرەو واتای هەست کردن بەنەمان ئەچێت، ئەتوانرێت تەواوکەری ئەم وێنەیە لە هۆنراوەی (تۆ ئەمشەو لە چاوی منا نووستی)دا بدۆزرێتەوە:

(ئەگەر زانیت
بۆ ژیانم وەک هەناسە
وەکو خوێن بووی بەپێویستی
ئەزانی چەند
لام پیرۆز و خۆشەویستی
بۆیە وەکو
شەوانی ڕابووردوو
تۆ ئەمشەو لە چاوما نووستی)(٤٠)

هەرچەندە لەم وێنەیەدا وا دەرئەکەوێت وێنەیەکی هاوبەش بێت لە نێوان بوون و هەبووندا، چونکە شاعیر (تۆ) وەک کەرەسەیەک بەکاردێنێت بۆ پێویستی خۆی، بەڵام ئەوەی ئەم وێنەیە هەڵئەکێشێت بەرەو (بوون) ئەو پێویستییانە چەند توخمێکی دەرەوە (هەبوون)ی شاعیر نین و بەڵکو پارچە و ئەندامی (بوون)ی خودی شاعیرن، (هەناسە و خوێن)ن.

جیابوونەوەی (تۆ) لە (خود) و پسانی ئەم بەیەک بوونە شاعیر بەرەو تەنهایی ئەبات و هەستی نەمان گەمارۆی ئەدات:

(کە جێم دێڵی
هەموو شتێ
نیشانەیە بۆ تەنهایی)(٤١)

لەم ڕووەوە شاعیر بەهیچ جۆرێک نایەوێت لە خۆشەویست بپچڕێت و هەمیشە هەوڵ ئەدات بۆ ئەوەی کە دەروازەکانی پەیوەندی هەردەم ئاوەڵا بن:

کە نیگا ئەگۆڕینەوە
چەپکێ خەمی
سەوز و شیرین گەورە ئەبێ





دە چاوەکانت دامەخە
دایان مەخە......)(٤٢)

هەروەها ئەیەوێت ڕاڕەوی چاو ئاوالا بێت، ئەیەوێت هەمیشە دەنگی تۆ هێڵی پەیوەندی نێوان (من/ تۆ) بێت:

(دە بدوێ با
گوێم لە ئاوازی دەنگت بێ)(٤٣)

دەروازەی پەیوەندی لە ئاستی ئەم دوو هەستەدا، (بینین و بیستن)ەوە ڕاناوەستێ و لە ئاستی هەستی دەست لێدان / لە یەککەوتن (اللمس)دا تا ڕادەی توانەوە و نەمان (مردن) لە خودی تۆی خۆشەویستدا خۆی ئەبینێتەوە:

(ئێستا دوورم
نە ئەتوانم
لە باوەشتا تێر بنووم هەتاکو ئەمرم)(٤٤)

لەبەر ئەوەی لاسەنگی نێوان خود و تۆ دیاردەیەکی ئاشکرایە لە سەرجەم دیوانەکاندا، ئەبینین هەر شاعیر دەستپێشخەرە و (تۆ) زیاتر بێ جووڵە و بێ دەنگە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم لاسەنگییە هۆنراوەی (ئێوارانێ وەک سێبەر شوێنم ئەکەوتی) دێتە کوڕ و (تۆ) ئەخاتە جووڵە. کردارەکان بەهاوبەشی هەردوو (خودی شاعیر و تۆ) ئەیکەن، لە سەرەتادا (تۆ) دەست پێکەرە و(٤٥) بەپێچەوانەی زۆربەی شوێنەکانی ترەوە:

(ئێوارانێ
وەک سێبەر شوێنم **ئەکەوتی**
**تۆش** وەکو من
ڕێبواری ڕێی
عەشقێکی گەورە و پیرۆز بووی
خەم خوێی لە چاوت کردبوو
نەئەسرەوتی)(٤٦)

هەرچەندە ئەم هۆنراوەیە ئەیەوێت چارەسەری لاسەنگی جووڵەی (تۆ) بکات بەڵام وێنەی (وەک سێبەر شوێنم ئەکەوتی) لاسەنگییەکی تر دروست ئەکات لە ڕادەی

خۆشەویستییە بوونییەکە دێنێتە خوارەوە. بەهەرحاڵ ئەم هۆنراوەیە هەتا دوا کۆپلە (تۆ) جـوڵاوە بەبێ وەسـتـان (نەئەسـرەوتی) و ئەوەی ئەم هۆنراوەیە جـیـا ئەکـاتەوە لە هۆنراوەکانی تر هاوبەشی جووڵەکانە، کە (٧) ڕاناوی هاوبەشی تێدایە:

(ئێوارانێ کە پێکەوە **دائەنیشتین**

خەم ئەبووە خەنجەرێک و

کۆرپەی ئاواتی **ئەکوشتین**

ئێوارانێ

وەک دوو مەلی

ئاوارەی بێ لانە و جێگا

**ئەبووینە** دوو

ڕێبواری ماندووی سەر ڕێگا

.........

ئای لە تەزووی سارد و گەرمی

یادگاری هەموو ژوانێک

یادگاری ئەو ڕێگایەی پێیدا **ڕۆیشتین**

یادگاری ئەو جێگایەی لێی **دانیشتین**

......

سوێندت ئەدەم

بەو ئاواتەی پێی **نەگەیشتین**

بەو فرمێسکە گەرم و گوڕەی

دەردی دووری پێی **ئەڕشتین**)(٤٧)

بێـجگە لەو وشـانەی واتای هاوبەشی ئەبەخـشن وەک (پێکەوە، دوو مـەلی، دوو ڕێبواری).

دوا بەدوای ئەم هۆنراوەیە – ئەگەر ڕاناوە هاوبەشەکان بکەینە پێوانە بۆ هاوسەنگی هەردوو لا – هۆنراوەی (ڕۆژان ئەڕوا...) دێت و بەدوایدا (تۆ ئەم شـەو لە چاوما نوستی) و (حەزێکی شێت)(٤٨).

وەک لەمەوبەر وترا شاعیر لە تێک ئاڵانی خودی خۆی و تۆی خۆشەویست و شیعر





لە ڕێگای ڕسـتـە داخوازییـەکانەوە کە زمـانی ویست و ئارەزووە ئەیەوێت خودی خـۆی بێنێـتـە دی لە ڕێگای چەسـپـاندنی خـۆشـەویسـتـیـیـەوە کـە ڕوویەکی نەگـۆڕ (ثابت) وەرئەگرێت لای خودی شاعیر، هەرچەندە بارودۆخی زەمەنی شاعیر و تۆ بگۆڕێت. بەم پێـیـە خۆشـەویسـتی ئەبێت بەخـود و بوونی شـاعـیـر و بارێکی نەگـۆڕ وەرئەگـرێت و ئەیەوێت بوونی خۆی بسەلمێنێت (تۆ هەر خۆشەویستی منی) بۆ سەلماندنی ئەم بوونە، سـەرجـەمی ڕووداوەکـان و وێنە شـیـعـرییـەکـان دوو جـەدەلی سـەرەکی لـەم (بوون/ هەبوون)ەدا پێک ئەهێنن:

١– گۆڕاو نەگۆڕ

٢– جوڵاو وەستاو.

## گۆڕاو/ نەگۆڕاو:

لەم جەدەلەدا، لە دەروازەی ئەو یەکێتییەی کە خودی شاعیر لە نێوان خۆی و تۆدا دروسـتی ئەکـات شـاعـیـر ئەیەوێت خـۆی بەنەگـۆڕ لە قـەڵەم بدات، دنیـای ئێسـتـای پەیوەسـتـێـتی وەکـو ئەوسـای، لە هەمـوو هەڵسـوکـەوتێکدا خـۆشـەویست/ تۆ لێی جیانابێتەوە و بووە بەپارچەیەک لە دڵ و دەروون و بیر و هۆشی، سەرجەم ئەو کۆپلە و وێنانەی کە لەمەوبەر باسیان لێوە کرا بەڵگەن بۆ ئەم بۆچوونە، لەگەڵ ئەم پەیوەندییەدا بەتۆی خـۆشـەویسـتـەوە جـار جـار لە چەند وێنەیەکی کـەمـدا گـازاندە و تووڕەیی و تاڕادەیەکیش بێزار بوونێک لە تۆی خۆشەویست دەرئەبڕێ بەناڕاستەوخۆیی:

(بۆ کوێ بڕۆی

ڕابوردوو وا بەشوێنتەوە

تارمایی خەمێکی گەورە

غەزەبی خوای شاعیرێکە

سێبەرە و لێت نابێتەوە)(٤٩)

وەک بڵـێی شاعـیـر هەست بەتاوانێک بـکات کـە بۆتە هـۆی جـیـابوونەوەیان لە پاڵ تاوانبارکردنی تۆ/خۆشەویستدا:

(تووڕە مەبە

خۆت زیز مەکە

خوا ئەتگرێ

کە بێ دەنگم

وا مەزانە تاوانبارم

چیم پێ ئەکرێ؟)(٥٠)

بەهەرحاڵ، ئەم جیابوونەوەیە واقیعێکە و نکوڵی لێ ناکرێ و ئەبێتە هۆی پێکهێنانی جەدەلی گۆڕاو و نەگۆڕ کە زەمەن ڕۆڵی تایبەتی خۆی تیا ئەبینێ و ئێستا و دوێنێ لە یەکتر ئەپچڕێن، ئێستا (تۆ) گوێ بۆ (من) ناگرێت:

(چیت بۆ بڵێم

کە گوێ نەگری و

لێم تێنەگەی...)(٥١)

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا شاعیر سوورە لەسەر خۆشەویستی خۆی و گوێ بەگۆڕانی (تۆ) نادات.

(گرنگ نییە

گوێم پێ بدەی یا پێ نەدەی

ئەی مامۆستای گەورەترین خۆشەویستی

خۆ تۆ خۆت فێری ماچت کردم

ئێستا بۆ بێ ماچم ئەکەی؟)(٥٢)

نەگۆڕی خودی شاعیر بەهەموو شێوەیەک هەوڵ ئەدات ئەم نەگۆڕییە بکاتە بەری (تۆ)ی گۆڕاو بیگێڕێتەوە بۆ حاڵەتێکی نەگۆڕ وەک ڕابووردوو:

(کە جێم هێشتی

خۆتت ئەکوشت

بەئاشکرا یا نهێنی

ئەی ئێستا بۆ؟

بۆ ناپرسی؟

چۆن لە ئاهی دڵ ناترسی؟)(٥٣)

کاتێ کە (تۆ/خۆشەویست) ئەم بەرگە نەگۆڕە لە واقیعدا لەبەر ناکات، خودی شاعیر (تۆ) لە شیعرەوە ئەئاڵێنێ و بەهۆی شیعرەوە ئەیەوێت بەرگی نەگۆڕی پێ ببەخشێت، لەم ڕووەوە و بێجگە لەوەی شیعر خۆی بۆ خۆی ئەبێت بە(تۆ) لە هۆنراوەی





(جۆلانە)دا:

(تۆ هۆنراوەی

هۆنراوە تۆی)(٥٤)

شیعر لە هەمان کاتدا ئەبێت بەگەرمی و ڕووناکی (تۆ):

(بۆ کوێ دەڕۆی

گەر سەرماتە ئەوە گڕی شیعرەکانم

گەرمی و ڕووناکیت دەداتێ)(٥٥)

شیعر ئەبێت بەپەرژین دڵنیایی بۆ (تۆ) دروست ئەکات و لە هەمان کاتدا ئەمانە هەموو لە پێناوی ڕاگرتنی (تۆ)دان کە نەڕوات و نەگۆڕێت:

(گەر دەترسی

شیعر دەکەم بەپەرژین و

هەر چوار لاتی پێ دەتەنم

تا دەستی کەست نەگاتێ)(٥٦)

یان جار بەجار بۆ بەدەست هێنانی ئەم نەگۆڕییە تۆی لە دەست چوو ئەخاتە وێنەی هەموو جوانێکەوە کە ئەبن بە(تۆ) و بوون و بەردەوامی و نەگۆڕانی (تۆ)ی خۆشەویست ئەگرنە خۆیان:

(هەرچی جوانە لە تۆ دەکا

عەشقت خوێنە

بەدڵما هاتوچۆ دەکا

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەورە دەبێ

سەوز دەبێ چرۆ دەکا...)(٥٧)

بەم شێوەیە (تۆ) ئەکەوێتە ململانێی جەدەلی گۆڕاو و نەگۆڕەوە لەسەر هەردوو جەمسەرەکەی ئەجوڵێت، لە لایەکەوە چەسپاوە بەجەمسەری خۆشەویستییەکی نەگۆڕەوە، لە خودی شاعیردا بارێکی نەگۆڕ وەرئەگرێت و لە لایەکی تریشەوە لەسەر جەمسەری واقیعی ژیان بەکێش کراوە بۆ جیابوونەوە لە خودی شاعیر و بۆ بارێکی گۆڕاو، ئەم ململانێیە بووە بەخولگەی زۆربەی وێنەی هۆنراوەکان[٥٨]، بەشێوەیەک هەتا دوا کۆپلە و دێری دیوانەکە خودی شاعیر بەتەمای ژیانەوەی خۆشەویستی و

گەڕانەوەی (تۆ)یە لە واقیعدا:

(تۆ کچی وڵاتی بەفری
هەر دێیتەوە کە دێیتەوە
بێگومانم
ئێستا لە جاران جوانتری...)(٥٩)

بۆ سەلماندنی نەگۆڕی خۆشەویستی و خودی (تۆ) لای خودی شاعیر ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێت کە خۆشەویستی تەنها هەستێکی هزری بێ جوولە نییە، یاخود سۆزێکی دەروونی پەتی (مجرد) نییە بەڵکو کردارێکی پڕ جووڵە و خرۆشە لە نێوان هەردوو لادا(٦٠)، ئەوا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی فەلسەفی (بوون و هەبوون) لە ململانێی گۆڕاو و نەگۆڕدا ئەبێ پەنا بەرینە بەر دووانەی (جولاو و وەستاو).

**جولاو و وەستاو:**

هەروەکو لە دەروازە و کەشی نووسیندا ئاماژە کرا بۆ وێنەی بەرگی دیوانەکە و بێ دەنگی تۆ/خۆشەویست، پێویستە دووپات بکرێتەوە کە (تۆ) لە زۆربەی ڕووداوەکانی ناوەوەی هۆنراوەکاندا بێ دەنگ و بێ جوولەیە، ئەوەی بکەری کردار و ڕووداوەکانە خودی شاعیرە، خۆ ئەگەر جوولەیەک لە (تۆ) بوەشێتەوە ئەوا یان ئەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو یان بەزۆر شاعیر ئەیهێنێتە جووڵە و دووان بەهۆی ڕستە مەرجییەکانەوە کە وەڵامەکانیان پابەندی مەرجەکانن و لە زۆربەی حاڵەتدا کاتی (زەمەن)ی کردارەکان بەرەو داهاتوو ئەچن و هیچ مەرج نییە ڕوو بدەن و لە کات ئەچنەدەر و نایەنە دی(٦١) بینای یەکەم هۆنراوەکە لە دوو کۆپلە پێکهاتووە بڕبڕەی پشتی هەر کۆپلەیەک ڕستەی داخوازی و مەرجێن ئەو کردارەی پەیوەندی بەخودی شاعیرەوە هەیە ڕووی داوە، ئەوەی پەیوەندی بە(تۆ)وە هەیە ڕووی نەداوە، زۆر ئاساییە کە ڕووش نەدات:

(تەنیا دیاریم هۆنراوێکە
**بۆم هێناوی، لێم وەرگرە**
ئەگەر هاتو وشەکانی
وەکو لێوت ناسک نەبوون
**سەریان بڕە**
...............
گۆرانی بۆ تۆ **ئەڵێم** و





**گوێم لێگرە**
گیانە ئەگەر ئاوازەکەی
وەک قاقای تۆ و گریانی من
بەجۆش نەبوو
نۆتەکانی **لەت و پەت کە**
**بیان دڕە**...)(٦٢)

نەوەرگرتن، نەسەربڕین، نەگوێ گرتن، نەلەت و پەت کردن و دڕین هیچ لەم کردارانە کە پەیوەستن بە(تۆ)وە نەهاتوونەتە دی و نەکراون، بەزۆر داخوازی شاعیر ئەیەوێت بە(تۆ)ی بکات.

ئەو سیستەمەی لەم هۆنراوەیەدا هەیە دەربارەی جووڵەی کەسایەتی خودی شاعیر و وەستاوی خودی (تۆ) ئەتوانرێت تا ڕادەیەکی زۆر لە سەرجەم هۆنراوەکاندا بەدی بکرێت، خۆ ئەگەر (تۆ) جووڵەیەکی هەبێت ئەوا ئاڕاستەی جووڵەکەی لەگەڵ جووڵەی خودی (من)دا یەک ناکەوێ، لە کاتێکدا ئەم بەرەو پێری بڕوات ئەو بۆ لایەکی تر ئەڕوات:




ئەو جولانەی کە تۆ هەیەتی ئەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، جووڵەی هەردوو (من/ تۆ) بەیەکەوە بووە




یان شان بەشانی یەک لەسەر یەک هێڵ بووە یەک ئاڕاستەی هەبووە: 

یەکەم هەنگاو هی خودی شاعیرە (بۆم هێناوی...)
یەکەم دەنگ هی (خود)ە (گۆرانی بۆ تۆ دەڵێم...)

بەڵام ئەو کردارانەی بە(تۆ) سپێرراون دەکەونە وەڵامی ڕستە داخوازی و مەرجییەکانەوە کە وەک وترا - مەرج نییە جێبەجێ بێن و پابەندی ویست و ئارەزووی (تۆ)ن، وەڵامی کرداری داخوازی یا مەرجەکە ئەگەر بەدڵی (تۆ) نەبێت هەر نایەتە دی،

هەرچەندە ئەگەر کردارەکانی ئەو دوو کۆپلەیەی باسیان لێ کرا ڕووش بدەن (سەریان بڕە، لەت و پەت کە، بیان دڕە) سلبی (نێگەتیف)ن.

لە بازنەی جوولاو و وەستاودا، چاوی (من) کراوە و زیتە، چاوی (تۆ) وەستاوە وەک ئاوێنە بێ جوولەیە و شتەکانی دەوروپشتی ئەجوولێن. و خۆ ئەگەر لە ناوەوە شتێکیش هەبێت ئەوا پەیوەستە بەخودی شاعیرەوە و (خود) خۆیی تێدا ئەبینێت:

(بۆیە لەو دیو
نیگای چاوەکانی تۆوە
ڕەنگی بەیانی ئەبینم
لە دەروونتا نەخشەی جیهانێکی تیایە
خەڵکەکەی هەموو شاعیرن
بۆ عیشق و جوانی ئەنووسن...)(٦٣)

جوولەی ناوەوەی دەروون هی خودە:

(شیعر ژانێکی بەسۆیە و
لەگەڵ خۆشەویستی تۆدا
لەناو سنگی منا ئەژین)(٦٤)

ئەوەی ئەسووتێ هەر خودە:

(بەعشقی تۆ بۆ نەسووتێم
چی لە عەشقت پیرۆزترە؟)(٦٥)

بەم شێوەیە جوولەی خودی شاعیر ئاڕاستە و پابەندی (تۆ)یە، (تۆ) ئەبێتە مەبەست و ڕاکێشەر، نە ترووکەی چاو نە ترپەی دڵ، نە هەنگاوی ڕێیان لێ ناترازێ، لە هەر کوێ بێت بەرەو پیری ئەڕۆن وەک کۆچەری جێنشین نەبوو خود بەدوا (تۆ)دا وێڵە:

(ئەی کچی وڵاتی بەفر
من ئامادەم بۆ کچێکی وەک تۆ پەری
هەوار... هەوار...
شوێن پێی کاروانت هەڵگرم
ببم بەکوڕە کۆچەری...)(٦٦)

دوا بەدوای جوولەی (خود)ی شاعیر ئەگەر ئاوڕێک لە جوولەی (تۆ/خۆشەویست)





بدەینەوە، ئەوا وەک لەمەوبەر وترا - جیاوازی هەیە لە نێوان جوولەی ئێستا و دوێنێدا، ئەگەر یەکەم جوولەی (تۆ) شان بەشانی جوولەی (من) بووبێت:

(تۆ هەر لە یەکەم ڕۆژەوە
منت خستە گۆمی حەزێکی ونەوە
ئەگەر زانیت
بۆچی ئەژین... بۆچی ئەمرین
ڕەنگە ئەو ساتە بزانی
بۆ شێتانە خۆشت ویستم
بۆ شێتانە خۆشم ویستی)(٦٧)

ئەم حەزە شێتە ئۆقرە و سرەوتی لە (تۆ) بڕیبوو شان بەشانی شاعیر:

(تۆش وەکو من
ڕێبواری ڕێی
عەشقێکی گەورە و پیرۆز بووی
خەم خوێی لە چاوت کردبوو
نەئەسرەوتی)(٦٨)

بەڵام ئێستا ڕادە و ئاڕاستەی ئەو جوولەیە گۆڕاوە و پشتی لە شاعیر کردووە، بەرەو خاڵێکی نادیار ئەچێت، خۆ ئەگەر جوولەیەک هەبێت بەئاڕاستەی (خود) ئەو جوولەیە داتاشراوی ئەندێشەی شاعیرە:

(تۆ ئەمشەو لە چاوما نووستی)(٦٩)

بێجگە لەوەی (نووستن) خۆی لە خۆیدا جوولەیەکە بەرەو وەستان ئەچێت، یان جوولەی (تۆ) خەیاڵ و ئاواتێکە نەهاتۆتە دی:

(هەر دێیتەوە
تۆ ڕاهاتووی ئاو و هەوای
ئەم کوێستانەی
هەر دێیتەوە و کە دێیتەوە
بێگومانم
ئێستا لە جاران جوانتری.)(٧٠)

بەم جۆرە ئێستا جوولەی (تۆ) وەرئەچەرخێ لە (خود) و ئاڕاستەکەی پێچەوانە دەبێتەوە

(بۆ کوێ دەڕۆی
گەر سەرماتە ئەوە گڕی شیعرەکانم)(٧١)

لەگەڵ ئەوەدا کە مەبەست و ئاڕاستەی جوولەی (تۆ) ئەبێتە خاڵێکی نادیار (بۆ کوێ دەڕۆی) خودی شاعیر دەسە و ئەژنۆیە و بەتەنها ئەکەوێ:

(کە جێم دێڵی
هەموو شتێک
نیشانەیە بۆ تەنهایی...)(٧٢)

لەسەر ئاستی جوولەی دەنگ (تۆ) ئەوەندە بێ دەم و دەنگە هەتا ئەم بێ دەنگییە چڕ ئەبێتەوە لای خودی شاعیر تا ئەبێت بەپەنهانییەک کە خود لێی بێزارە و ئەیەوێت (تۆ) دەم بکاتەوە و بیدرکێنێ:

(بۆ بێ دەنگی
کام نهێنی لەناو دڵتا حەشار ئەدەی
دە بدوێ با
گوێم لە ئاوازی دەنگت بێ...)(٧٣)

هەتا لە هۆنراوەی (ڕابردوو وا بەشوێنتەوە)دا، خودی شاعیر هیوابڕاو ئەبێت لە وەڵامدانەوەی (تۆ) و، تەنانەت هیوابڕاو ئەبێت لە گوێگرتنیش لە دەنگی شاعیر:

(چیت بۆ بڵێم
کە گوێ نەگری و
لێم تێنەگەی...)(٧٤)

ئاشکرایە لەم دوو لایەنەی لەمەوبەر باسیان لێوەکرا (گۆڕاو/ نەگۆڕ) و (جولاو/ وەستاو) کردارەکان ڕۆڵێکی باڵا ئەبینن لەبەر ئەوەی کردار خۆی لە خۆیدا کات لە ئامێزە و کاتیش ئالاوە بەشوێنەوە و لێی جیانابێتەوە بەواتایەک گۆڕانکارییەکان و جووڵە و وەستانەکان لەسەر تەختی کات و شوێن ڕوو ئەدەن، ئەم هۆیانە دوا بەشی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەرەو ئاستی (کات/ شوێن) کەمەندکێش ئەکەن.

**کات و شوێن:**





هەرچەندە کاتی هۆنراوەکان و زەمەنی ئەندێشەییان پەیوەستە بە(ئێستا)وە بەڵام ئێستا ونە و لە جێی نەبووانە، قووڵایی خۆی لە هەردوو قووڵایی زەمەنی ڕابردوو و داهاتوودا ئەبینێتەوە، وەک ئەم دوو قوڵاییە جێ پڕکەرەوەی نەبوونی ئێستا بن:

(تۆ خۆت فێری ماچت کردم
**ئێستا** بۆ بێ ماچم ئەکەی)(٧٥)

.........

(**ئێستا** دوورم
نەئەتوانم
لە باوەشتا تێر بنووم هەتاکو ئەمرم)(٧٦)

.........

(ئەی **ئێستا** بۆ؟
بۆ ناپرسی؟
چۆن لە ئاهی دڵ ناترسی؟)(٧٧)

ئەو کردارانەی ئەوسا ڕوویان ئەدا ئێستا ڕوو نادەن، لەبەر ئەم مۆڵەقی و جێگیرنەبوونە ئێستا ئەکەوێتە نێوان دوو باڵی ئەمسەر و ئەوسەری زەمەنەوە، خودی شاعیر ڕۆژانی زوو ئەجوێتەوە و دیمەنە شیرینەکانی بەیاد ئەکاتەوە و بەراوردیان ئەکات بەئێستای پڕ لە مەینەت و دووری لە تۆی خۆشەویست:

(بیرتە شەوان
ئەو شەوانەی
کە پێکەوە ڕێمان ئەبڕی
چیمان ئەوت؟
هەموو عومری گەنجێتی من
تەنیا ئەو یەک دوو شەوەیە...)(٧٨)

(ئێستا) لە تەمەنی شاعیر ئەچێتە دەر و تەنها ڕابردوو (ئەو یەک دوو شەوە) ئەبێت بەزەمەنی خود:

(ئای لە خۆشی ئەو کاتانەی
تۆ لانەم بووی

هەناسەم بووی
تۆ خەیاڵ و لێکدانەوەی
شەوانەم بووی
ئای لە تەزووی سارد و گەرمی
یادگاری هەموو ژوانێک
یادگاری ئەو ڕێگایەی پێیدا ڕۆیشتین
یادگاری ئەو جێگایەی لێی دانیشتین)(٧٩)

بەم جۆرە ڕووداوەکانی نێوان من/ تۆ جۆر و کاتیان پەیوەستی ئەو جێگایانە ئەبن کە لە کۆندا هەبوون، هەروەها ئەم ئاوڕدانەوەیە لە ڕابردوو لە ئاستی جێ لەق کردن بەئێستاوە ناوەستێتەوە بەڵکو درێژ ئەبێتەوە بۆ قووڵایی داهاتوو:

(بۆ کوێ بڕۆی
ڕابردوو وا بەشوێنتەوە
سێبەرە و لێت نابێتەوە)(٨٠)

ئێستای خودی شاعیر پابەندە بەڕابردووەوە، ئەیەوێت ئەم ڕابردووە لەسەر تەختی زەمەنی داهاتوو زیندوو دووبارە بکاتەوە، بەم جۆرە ڕابردوو داهاتوو، هەردوو جەمسەر، باز بەسەر ئێستادا ئەدەن و ئەکەونە جەدەل، و تێک ئاڵان لەگەڵ یەکتردا دروست ئەکەن، ڕابردوو ئەبێت بەداهاتوو و داهاتوو ئەبێت بەڕابردوو بۆ ئەم جەدەلە ڕستە داخوازییەکان ئەرکێکی گرنگ ئەگرنە ئەستۆی خۆیان و بەیارمەتی ئەندێشەیەکی خەون ئامێز وێنەی داهاتوویەک ئەکێشن کە تان و پۆکەی لە سێبەر و هێڵەکانی ڕابردوو چنراوە:

(دە بدوێ با
گوێم لە ئاوازی دەنگت بێ
لەسەر سنگی خۆت بمنوێنە
با سەری پڕ لە ئەندێشەم
فێری خەوی سەر سنگت بێ...)(٨١)

بەخەو و خەیاڵ خودی شاعیر (تۆ)ی ئاوارە ئەهێنێتەوە و فەرشی چاوی بۆ ڕائەخا و تێیدا ئەینوێنێ وەک شەوانی ڕابردوو:





(بۆیە وەکو
هەموو شەوانی ڕابردوو
تۆ ئەمشەو لە چاوما نووستی)(٨٢)

(ئێستا هەست بەنەبوونی خۆی ئەکات و داوای بەدیل ئەکات لە داهاتوودا:

(بەهیوای عومرێکی ترم
هیواکانمی تیا بێتە دی.)(٨٣)

ئەم خەوە شاعیر جێ ناهێڵێ و بوونی پابەند ئەکات بەبوونی (تۆ)ی خۆشەویستەوە و داهاتووی بەگەڕانەوەی ڕابردوویانەوە ئەبەستێتەوە. لەم ڕووەوە دوا کۆپلەی دیوانەکە پێڵوی چاوی لەسەر ئەم ئاواتە لێک ئەنێ:

(هەر دێیتەوە و کە دێیتەوە
بێگومان
ئێستا لە جاران جوانتری...)(٨٤)

لە نێوان ئەم سێ قووڵایەی زەمەندا (خود) جێ و کاتی لێ ئاڵۆزە، یان بڵێین وەک کات و شوێن لە دەستیی ڕایان کردبێت و بەون بوونی (تۆ) ئەوانیش ون بووبن، لەم کاتەدا (خود) جێیی پێ لەق ئەبێ و دوو کۆڵەکەی هەست بەبوونی (خود) کە (کات و شوێن)ن شلۆق ئەبن، بێجگە لە کۆڵەکەی سێهەم کە (تۆ)یە، لەبەر ئەمە هەموو هەوڵ و تەقەلای شاعیر ئەوەیە کە ئەم سێ کۆڵەکە بوونییە بەدەست بێنێتەوە و هەست کردن بەبوون بۆ خودی خۆی بگێڕێتەوە، وەک لەمەوبەر وترا لە کاتێکدا کە دابینکردنی ئەم مەبەستە مەحاڵە لە واقیعدا، کەشی هۆنراوە - وەک زەمەن و وەک شوێن -(٨٥) ئەبێ بەبریکار بۆ ئەم لایەنە ون بووانە، ئەم سێ لایەنە ون بووە (کات و شوێن و تۆ) لەگەڵ (خود)دا بەهاوکاری کەشی هۆنراوەکان - مەبەست ئەوەیە شیعریش ئەبێتە قووڵاییەکی تر لەگەڵ ئەو چوار لایەنەدا - دیالێکتیک و تێک ئاڵان دروست ئەکەن و جێگە ئەگۆڕنەوە، جارێک هۆنراوە ئەبێت بە(تۆ) و جارێک (تۆ) ئەبێت بەهۆنراوە:

(تۆ هۆنراوەی
هۆنراوە تۆی...)(٨٦)

جارێکی تر (تۆ) ئەبێت بەشوێن و کاتی (خود):

(ئای لە خۆشی ئەو کاتانەی
تۆ لانەم بووی

هەناسەم بووی

تۆ خەیاڵ و لێکدانەوەی شەوانم بووی.)(٨٧)

جارێک (خود) پارچە پارچە، ئەبێت بەشوێن بۆ (تۆ):

(بۆ کوێ دەڕۆی
چ دنیایەک
هێندەی سنگ و دەروونی من
فراوانە
لە دڵما بە گەر پرسیان
ئەڵێم دڵم جێی کیژێکی خان و مانە)(٨٨)

هەندێ جار جەدەلی ئەم جێ گۆڕکێیە ئەوەندە تێک ئەترنجێ لەگەڵ یەکدا هەردوو خۆشەویست (من/ تۆ) جێگەی سروشتی لە دەست ئەدەن و هەریەک ئەبێت بەجێگە بۆ ئەوەی تریان ئەم ئاڵوگۆڕکردنە لە نێوان ئەم لایەنانەدا زیاتر ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕائەکێشێ بۆ بەکارهێنانی توخمە شوێنییەکان لەم دیوانەدا، دوای سەرژمێری ئەو شوێنانەی لە فەرهەنگی شیعری دیوانەکەدا هاتوون وا دەرئەکەوێت بەشێوەیەکی گشتی – تارادەیەک ڕێژەیان کەمە، وەکو زۆربەی ڕووداوەکان تەنها لە زەمەندا ڕوو بدەن بەبێ تەختی جێگە، یان لە ڕاستیدا زۆر جار ئەندامەکانی لەش وەک شوێن مامەڵەیان لەگەڵ ئەکرێ و ئەبنە فەرشی ڕووداوەکان و کەلێنی کەمیی جێگە پڕ ئەکەنەوە وەک لە شیکردنەوەی ئەو وێنە شیعرییانەی ڕابردوودا دەرئەکەوێ و لە چەند وێنەیەکی تردا:

(دەسا چیتر نەمانی حەز
لە خاکی دڵما مەڕوێنە)(٨٩)

لێرەدا دڵ وەک زەوی هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەکرێ و نەمامی خۆشەویستی تیا ئەڕوێ.
ئەم دڵە جارێک لە قەوارەی خۆی تەواو ئەچێتە دەرەوە و سنووری فراوان ئەبێت:

(خۆشەویستی خۆی ئەزانێ
دڵی شاعیر چەند گەورەیە)(٩٠)

جارێکی تر بچووک ئەبێتەوە و جێگەی خۆشەویستی تیا نابێتەوە:

(خۆشەویستیت
خەمێکی هێجگار گەورەیە و





خۆشم ئەوێ
لە دڵما جێی نابێتەوە
ئەترسم دڵم بتەقێ)(٩١)

هەروەها چاو ئەبێتە جێگە و لانە:

(تۆ ئەم شەو لە چاوما نووستی
ئەوەندە لام خۆشەویست بووی
پێڵووی چاوم بۆ ڕاخستی...)(٩٢)

یان بەپێچەوانەوە، دەروونی (تۆ) ئەبێت بەجیهانێکی فراوان بۆ (خود)ی شاعیر:

(لە دەروونتا نەخشەی جیهانێکی تیایە
خەڵکەکەی هەموو شاعیرن...)(٩٣)

هەروەها باوەشی ئەبێت بەجێگە و لانەی شاعیر تارادەی ونبوون و نەمان لە خودی (تۆ)ی خۆشەویستدا:

(ئێستا دوورم
نەئەتوانم
لە باوەشتا تێر بنووم هەتاکو ئەمرم...)(٩٤)

ئەوەی تێبینی ئەکرێت دەربارەی بەکارهێنانی ئەندامەکانی لەش، شاعیر زۆربەیانی بەکارهێناوە(٩٥)، بێجگە لە (قاچ و پێ)، ئەگەر بتوانرێت هۆیەک بۆ ئەم بەکارهێنانە بدۆزێتەوە وا پێ ئەچێ لەبەر ئەوەی قاچ یان پێ ئەندامی ڕۆیشتنە، ڕەزا تاڵ بێت لە لای شاعیر چونکە بۆتە هۆی دوورکەوتنەوەی (تۆ)ی خۆشەویست بۆ شوێنێکی دوور و نەبینراو، لەبەر ئەمەش خودی شاعیر هەمیشە بەشوێنیدا هاوار ئەکات:

(بۆ کوێ ئەڕۆی
گەر سەرماتە ئەوە گڕی شیعرەکانم)(٩٦)

یان گازندە لە (تۆ)ی ڕۆیشتوو ئەکات:

(بۆ کوێ بڕۆی
ڕابردوو وا بەشوێنتەوە)(٩٧)

ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی ترەوە لەگەڵ ئەوەی کە شوێنەکان زیاتر ناوەکی و دەروونین، ئەو شوێنانەی بەرچاو ئەکەون زیاتر شوێنی گشتی دیاری نەکراون – بێجگە

لە ناوی چەند شوێنێکی دیاریکراو(٩٨) ئەو شوێنانە نین کە مرۆڤ جێنشینیانە و پەیوەستیانە، زیاتر شوێنەکان شلۆقن و (ئاسانە شوێنن)(٩٩) وەک (شەقام، ڕێ) یان گشتین وەک (جیهان، بیابان، ئاسمان، دنیا، جێگە، مەدار و وڵات)(١٠٠)

بێجگە لەم دیاردانە ئەوەی سەرنج ڕاکێشە، بەکارهێنانی وشەی (کوێ)یە کە پرسیار لە شوێنێکی نادیار ئەکات، کە ئەبێتە دیاردەیەکی ئاشکرا لە فەرهەنگی دیوانەکەدا، لە پاڵ ئەوەدا کە ئەم وشەیە ئەچێتە کەشی (ئاسانە شوێن)ەوە واتای نادیاری زیاتر مۆڵەقی ئەم جێگەیە خەست و چڕ ئەکاتەوە لەگەڵ شێوازی پرسیار کردنەکەدا هەموو ئاماژە بۆ بارێکی دەروونی نیگەران و ڕاڕا ئەکەن کە خود لەم بارەدا زیاتر هەست بەلەدەستدانی کات و جێگە و خۆشەویست ئەکات و ئەکەوێتە بازنەی ون بوونەوە:

(خورپەیەکیت بەناخی شاعیرێتیما
دێیت و دەچیت
بۆ **کوێ** دەڕۆی...)(١٠١)

***

(فێرم کە با بەهێزتر بم
لەو گێژاوەی
هەر ناشزانم بۆ **کوێم** ئەبات)(١٠٢)

***

(گەر شاعیرێکی وەکو من بناڵێنێ
ئاخۆ دەنگی تا **کوێ** بگات...)(١٠٣)

***

**ئەنجام:**

بەپێی تێڕوانینە زمانەوانی و ڕەخنەییەکانی ئەمڕۆ شێواز و مانا و کرۆکی ڕستە و دەستەواژەکان لێک جیا ناکرێنەوە و هەریەکەیان پابەندی ئەوانی ترن، لەم بوارەدا ئەوەی ئاشکرایە دیالێکتیکی (من/ تۆ) دیاردەیەکە ڕوون و زەقە لە فەرهەنگی شیعری (ڕۆژان ئەڕوا و تۆ هەر خۆشەویستی منی)دا لەبەر ئەمە ئەم دیاردەیە تەنها لەسەر ڕووی ڕستە و شێوازی ڕستە قەتیس نامێنێ بەڵکو پەلوپۆی خۆی ئەهاوێژێ بۆ مانا و واتا و وێنە شیعرییەکان و ئەو هزر و سۆزانەی ئەیانگرنە خۆیان، لە هەمان





کاتدا ئاماژە ئەکەن بۆ گۆشە نیگا و بۆچوونی شاعیر...

لەم بوارەدا دەربارەی شێوازی ڕستەکان ئەو واتا و هێمایانەی ئەیبەخشن، جۆری داخوازی (فرمان و پرسیار و بانگ) هەرسێکیان ئەتوانرێت بوترێت زمانی خودە (لغة الذات) و خود ئەیەوێت جارێک ویست و جارێک خودی خۆی بێنێتە دی، ئەم لایەنەش تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بەکرۆکی لێکۆڵینەوەکەوە، کە ئەیەوێت فەلسەفەی (بوون/ هەبوون) لە دەقەکەدا هەڵێنجێ.

لە ڕووی بەکارهێنانی شوێن و کاتەوە، هەردووکیان لە خودی شاعیر جیا نابنەوە زۆربەی کات و جێگەکان (خودی)ن، هەروەها جێگاکانیش وەک لە شوێنی تایبەتی خۆیاندا ڕۆشن کراونەتەوە، بێجگە لەوەی خودین، شوێن لە لەشی مرۆڤدا، لە بەکارهێناندا شوێنی جێگە پڕ ئەکەنەوە، ئەمەش بەپێی بۆچوونی نووسەر ئەتوانرێت زیاد بکرێت بۆ ئەو خاڵانەی لیریک لە باقی ڕەگەزە هونەرییەکان جیا ئەکەنەوە.

ئەگەر کرۆکی هۆنراوەکان - کە خۆشەویستییە - ببەستین بەو لایەنە ڕستە سازییانەوە کە باسمان کردن بۆ دیاریکردنی هەڵوێستی خودی شاعیر بەرامبەر بە(تۆ) لە ژێر سێبەری ئەو سێ جۆر خۆشەویستییەی کە هەیە (سێکسی و سۆزی و بوونی) ئەتوانرێت بوترێت (تۆ) دوو ڕەنگ ئەنوێنێت لەم پەیوەندییەدا، جارێک ئەبێتە ئامێر و هۆ بۆ چێژ و تەسەلای (خود)ی شاعیر و ئەکەوێتە بازنەی هەبوون (التملک TO HAVE)ەوە، جارێک لەگەڵ بوونی (خود)دا یەک ئەگرێتەوە و ئەبێتە قووڵاییەکی بوونی (خود) کە ناتوانرێ بەبێ بوونی (تۆ) بوونی هەبێت و خۆی بناسێ و خۆی بچەسپێنێ لەو ڕوانگەیەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەگاتە ئەو ئەنجامە کە بێجگە لەمەودای کات و شوێن، خود پێویستی بەمەودایەکی یان ناخێکی تر هەیە، بۆ بوونی خۆی ئەبێت لە قاڵبی خودی خۆی بێتە دەرەوە و پەیوەندی لەگەڵ توخمێکی مرۆیی یان چەند کەسانێکی تر ببەستێت(١٠٤) تا خۆی نەخواتەوە، بەم پێیە بوونی مرۆڤ دێتە دی بەبوونی چوار لا (خۆی، کات، شوێن، تۆ) نەبوونی هەر لایەک کەلێنێک ئەخاتە بوونی خودی شاعیرەوە یان مرۆڤەوە.

ئەگەر ئاوڕێک لە هەر سێ جۆرە خۆشەویستییەکە بدەینەوە، بوونی خۆشەویستی سێکسی و سۆزی بەتایبەتی سێکسی کە نزیکترە لە غەریزەوە مانای کەموکوڕی ناگەیەنێت بەڵکو نەبوونی هەر لایەنێک لەمانە نیشانەی ناسروشتییە(١٠٥) واتا هەر سێ جۆرەکە لە حاڵەت و کاتی جیاجیادا پێویستن و بارێکی سروشتی دروست ئەکەن.

## پەراوێز

(١) کەشی نووسین (فضاء النص/ الفضاء الکتابي) زاراوەیەکی ڕەخنەیی - تا ڕادەیەک - تازە بابەتە، لە شیکردنەوە ڕەخنەییەکاندا هەوڵ ئەدات چەند هێمایەک لە شێوەی نووسینی دەقەکاندا هەڵێنجێ، بۆ زیاتر سوود وەرگرتن بڕوانە: (اللغة في الادب الحديث- الحداثة والتجريب: چاکوب کورک، ت ليون يوسف و عزيز عمانوئيل: ٢٥٧ - ٤٦٨) و(الفضاء الروائي في الغربة، الاطار والنسق والدلالة: منيب محمد البوريمي) بەشێوەیەکی گشتی، و(ظاهرة الشعر العربي المعاصر في المغرب، مقاربة بنيوية: محمد بنيس: ٥٠)، هەروەها (البنيوية وعلم الاشارة: ترنس هوكز: ت مجيد الماشطة: ١٢٤ - ١٢٥).

(٢) بڕوانە: فن کتابة الرواية: ديان دوات فاير: ت عبدالستار جواد: ١٠٧-١٠٨ هەروەها (الاستهلال، فن البدايات في النص الادبي: ياسين النصير: ٩-٢٢، ١٩٧).

(٣) لێکچوونێک لە نێوان ناونیشانی ئەم دیوانە و دیوانی (کل عام وأت حبيبتي)ی شاعیری بەناوبانگی عەرەب (نزار قەبانی)دا هەیە، خۆ ئەگەر بشڵێین شاعیر ئەم ناونیشانەی لەوەوە وەرگرتووە، زیرەکانە وەری گرتووە و گۆڕانکارییەکی گرنگ بەدی ئەکرێت، ناونیشانەکە لە شێوەیەکی وەستاوەوە گۆڕاوە بۆ جووڵاو، ئەم گۆڕینەش دیالێکتیکێکی دروست کردووە کە لە لای نزار قەبانی نییە.

(٤) ڕۆژان ئەڕوا و تۆ هەر خۆشەویستی منی: فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: ٦١

(٥) ڕۆژان ئەڕوا و تۆ هەر خۆشەویستی منی: ٢٧

(٦) بڕوانە: اللغة واللون: د. احمد مختار عمر، بەشێوەیەکی گشتی، و بەتایبەتی لا: ١٦٥، ١٦٦، ١٨٤.

(٧) ئەو خاڵەی ئەم سیانە لە یەک ڕەنگدا کۆئەکاتەوە ڕەنگی ڕەشی قژی کیژی خۆشەویستە کە ئەبێت بەدیواری شوورەیەک شاعیر پابەند ئەکات و لە هەمان کاتدا ئەبێت بەدەنگی شیعر کە بەدەستی خۆشەویستی ئەو کیژەوە پابەند ئەبێت.

(٨) ڕۆژان ئەڕوا: ١٦، هەروەها بڕوانە: ٢٣، ٢٩، ٣١

(٩) بڕوانە تەواوی دیوانەکە.

(١٠) ڕۆژان ئەڕوا: ١٦

(١١) ناجي حياته وشعره: صالح جودت: ١١٥

(١٢) بڕوانە ڕۆژان: ١٠-١١، ٧-٩





(١٣) هۆنراوەکەی گۆران (لە درزی پەچەوەیە: دیوانی گۆران: ٣٤)

(١٤) بڕوانە: بەشی (بوون و هەبوون) لەم لێکۆڵینەوەیە.

(١٥) ڕۆژان: ١٤ - ١٧

(١٦) بۆ دڵنیایی لەم سەرنجە، بڕوانە: خشتەی (١) لە پاشکۆی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا.

(١٧) بوون و هەبوون (To Be, To Have الكينونة والتملك) بیرێکی فەلسەفییە و باس لە (خود)ی مرۆڤ ئەکات، لە حاڵەتی (بوون)دا (خود) خۆی لە بوونی خۆیدا ئەبینێ و خۆی دێنێتە دی، بەڵام لە (هەبوون)دا بوونی پابەندە بەو شتانەی کە هەیەتی لەبەر ئەمە وامان بەچاک زانی ئەم دوو زاراوەیە بەرامبەر ئەو دوو زاراوە عەرەبی و ئینگلیزییەی لە سەرەوە نووسراوە، بەکاربهێنین، هەرچەندە (بوون) لە ڕووی کاتەوە لە (ئێستا)دا ئەبێت بە(هەم) بەڵام لە هەمان کاتدا کە شتێکمان هەبێت ئەڵێین (هەمە) بوونی بزوێن (ە)، بوون لە هەبوون جیا ئەکاتەوە (لە ڕووی ڕستە سازییەوە بۆ ئەم لایەنە بڕوانە: ڕستە سازی ئەندازەیی: بوون و هەبوون: د. شێرکۆ بابان)، وە لە ڕووی هزرە فەلسەفەیەکەوە بڕوانە: الانسان بين الجوهر والمظهر: أريك فروم: ت سعد زاهران بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها بڕوانە (من الكائن الى الشخص: د. محمد عزيز الحبابي).

(١٨) بڕوانە: نەخشەی (١)

(١٩) بڕوانە الاسلوب والاسلوبية: گراهم هاف: ت كاظم سعدالدين: ٦١ - ٦٥

(٢٠) بڕوانە: نەخشەی (٢).

(٢١) بڕوانە في التركيب اللغوي...: مالك يوسف المطلبي: ٥٠

(٢٢) ڕۆژان: ٨ - ٧

(٢٣) بڕوانە سەرجەم واتای دڵ لەو وێنە شیعرییانەی لەو لاپەڕانەی نیشان کراون بەرامبەر وشەی (دڵ) لە نەخشەی (٣)دا.

(٢٤) دووجاری تر وشەی (حەز) بەکارهاتووە لە هۆنراوەی (حەزێکی شێت)دا لا: ٢٥.

(٢٥) ڕۆژان: ١٦

(٢٦) ڕۆژان: ٣٢

(٢٧) ڕۆژان: ٤٢

(٢٨) ڕۆژان: ١٦

(٢٩) ڕۆژان: ١٧

(٣٠) ڕۆژان: ٣٠ هەروەها بڕوانە: ٢٨

(٣١) ڕۆژان: ٣١

(٣٢) بەڕای من ئەگەر شاعیر بیتوانیایە لەم دێرەشدا ئەیوت (شیعرێ جوانتر بێت لە ڕەنگت) بەڵام ئەوەی ڕێگەی پێ نەداوە پەیوەست بوونێتی بە دوو وشەی (ڕەنگ)ەوە، لە دوو جێگەدا لە سەروادا و لە ناوەوەی دێرەکەدا بەتایبەتی ئەمەی دووهەمیان کە ناتوانرێت (تفاضل)ی لێ دروست بکرێت و پێویستە وشەیەکی کە بهێنرێت وەک بەکارمان هێنا (جوانتر)، وای بۆ ئەچم هزری شاعیر لەو کاتەدا بۆ ئەم وشەیە نەچووە بەهۆی پابەندبوونی بەڕەنگەوە، ئەگینا نازانم چۆن شاعیر تەنها ڕەنگی خۆشەویست ئەکات بەهاودەنگی شیعرەکانی و بەڵام چاوی و ناوی و دەنگی هاوشانی نین.

(٣٣) ڕۆژان:٤٢

(٣٤) ڕۆژان: ٥ – ٦

(٣٥) بوونی خاڵێکی شلۆق کە وشەی (لەو دیو)ەوەیە لەم دێرەدا هۆیەکە بۆ ئەوەی ئەم وێنەیە لە کۆتایی باس کردن لە هەبوونەوە بێت و لە هەمان کاتدا بمانگوازێتەوە بۆ (بوون) مەبەست لە شلۆقی ئەوەیە ئەگەر (لەو دیو نیگای چاوەکانی تۆوە) دەروونی (تۆ) خۆی بێت ئەوا ئەم وێنەیە ئەکەوێتە ئاسۆی (بوون)ەوە، خۆ ئەگەر (چاوەکان) تەنها دەروازەیەک بن بۆ ئەو دنیایە و (لەو دیو) پڕا و پڕ (مطابق) نەبێت لەگەڵ (دەروونتا) ئەوا ئەکەوێتە بازنەی (هەبوون)ەوە.

(٣٦) ڕۆژان:١٣

(٣٧) بڕوانە: دەروازە و کەشی نووسین.

(٣٨) بڕوانە: خشتەی (٣)، هەروەها ئەوەی پێویستە بوترێت بەم بۆنەیەوە، ئەم دیاردەیە لای شاعیر خاڵێکە لەو خاڵانەی لە نزار قەبانی جیا ئەکاتەوە، شاعیر ئافرەتی بەشێوەیەکی کۆ دەوێت، لە کاتێکدا نزار قەبانی ئافرەت شی ئەکاتەوە و پارچە پارچەی لەشی ئەوێت (بۆ ئەم پارچە پارچە کردنە: بڕوانە: إتجاهات الادب المعاصر: د. احسان عباس: ١٧٨)

(٣٩) ڕۆژان: ١٤ هەروەها بڕوانە ٤٩

(٤٠) ڕۆژان: ٥٥

(٤١) ڕۆژان:٢٢

(٤٢) ڕۆژان: ٢٤





(٤٣) ڕۆژان: ٢٨

(٤٤) ڕۆژان: ٤٣

(٤٥) خۆ ئەگەر ئەم لایەنە دروستکراوی خەیاڵی شاعیریش بێت و یادێکی ئەو ڕۆژانە بێت کە پەیوەندی نێوانیان نەپچڕاوە، ئەوا واتای هاوبەشی جووڵە و هەست و نەستی هەردوو لامان ئەداتێ.

(٤٦) ڕۆژان: ٤٧

(٤٧) ڕۆژان: ٤٨ – ٤٩

(٤٨) بڕوانە: بەکارهێنانی (من/ تۆ) لەو لاپەڕانەی لە نەخشەی (١)دا هاتووە.

(٤٩) ڕۆژان: ٤١

(٥٠) ڕۆژان: ٤٥

(٥١) ڕۆژان:٤٢

(٥٢) ڕۆژان: ٤٢ هەروەها: ٤٦

(٥٣) ڕۆژان: ٥٦

(٥٤) ڕۆژان: ١٦

(٥٥) ڕۆژان: ١٦

(٥٦) ڕۆژان: ١٦

(٥٧) ڕۆژان: ٣٠

(٥٨) بۆ نموونە بڕوانە لا: ٤١، ٤٧، ٤٩، ٥٣، ٥٦

(٥٩) ڕۆژان: ٦١

(٦٠) بڕوانە: الانسان بين الجوهر والمظهر: أريك فروم: ٦٥

(٦١) بڕوانە: في التركيب اللغوي: مالك يوسف المطلبي: ٤١٩ – ٤٢١

(٦٢) ڕۆژان: ٥ – ٦

(٦٣) ڕۆژان: ١٣ هەروەها بڕوانە: ١٥

(٦٤) ڕۆژان: ١٤ هەروەها بڕوانە: ١٦ – ٢٩

(٦٥) ڕۆژان: ٢٣ هەروەها بڕوانە: ٢٥

(٦٦) ڕۆژان: ٦٠

(٦٧) ڕۆژان: ٥٣ – ٥٤

(٦٨) ڕۆژان: ٤٧ هەروەها بڕوانە: ٢٤، ٣٢

(٦٩) ڕۆژان: ٥٢

(٧٠) ڕۆژان: ٦١

(٧١) ڕۆژان: ١٦ هەروەها بڕوانە: ٤١

(٧٢) ڕۆژان: ٢٢

(٧٣) ڕۆژان: ٢٧-٢٨

(٧٤) ڕۆژان: ٤٢

(٧٥) ڕۆژان: ٤٢

(٧٦) ڕۆژان: ٤٣

(٧٧) ڕۆژان: ٥٦ هەروەها بڕوانە: ٥٠

(٧٨) ڕۆژان: ٣٢

(٧٩) ڕۆژان: ٤٩ هەروەها بڕوانە ٤٧، ٤٨

(٨٠) ڕۆژان: ٤١

(٨١) ڕۆژان: ٢٨

(٨٢) ڕۆژان: ٥٥

(٨٣) ڕۆژان: ١٢

(٨٤) ڕۆژان: ٦١

(٨٥) ئاشکرایە شیعر خۆی لە خۆیدا ڕوویەکی زەمەنی هەیە.

(٨٦) ڕۆژان: ١٧

(٨٧) ڕۆژان: ٤٩ هەروەها بڕوانە: ١٣، ١٤

(٨٨) ڕۆژان: ١٧ هەروەها بڕوانە: ٥٢، ٥٥

(٨٩) ڕۆژان: ٨ هەروەها بڕوانە: خشتەی (٣) شوێنە مرۆییەکان

(٩٠) ڕۆژان: ١٢ هەروەها بڕوانە: ٤٣

(٩١) ڕۆژان: ٢٥

(٩٢) ڕۆژان: ٥٢ هەروەها بڕوانە: ٥٥

(٩٣) ڕۆژان: ١٣

(٩٤) ڕۆژان: ٤٣

(٩٥) بڕوانە خشتەی شوێنەکان (٣)

(٩٦) ڕۆژان: ١٦

(٩٧) ڕۆژان: ٤١

(٩٨) وەک شارەزوور، سیروان، تاڕادەیەکیش، لانە، کۆشک، جۆلانە.





(٩٩) مەبەست لە (ئاسانە شوێن) (مکان العتبة)ەیە کە شوێنێکی شلۆقە و مرۆڤ تێیدا ڕاڕایە و هەروەها زەمەنیش تێیدا شلۆقە (بۆ زیاتر سوود وەرگرتن بڕوانە: الفضاء الروائي: منیب محمد البوريمي) بەشێوەیەکی گشتی.

(١٠٠) بڕوانە: خشتەی (٣)

(١٠١) ڕۆژان: ١٦

(١٠٢) ڕۆژان: ٢٨

(١٠٣) ڕۆژان: ٤٤، هەروەها: ٩، ١٧، ٢٠، ٢٣، ٤١

(١٠٤) بڕوانە: الخوف من الحرية: أريك فروم: ٢٤

(١٠٥) بڕوانە: الابداع في الفن: قاسم حسين: ٣٧

**سەرچاوە:**

١- الابداع في الفن: قاسم حسين صالح: وزارة الثقافة والاعلام، العراق، ١٩٨١.

٢- اتجاهات الشعر العربي المعاصر: د. احسان عباس، عالم المعرفة، الكويت، شباط ١٩٧٨.

٣- الاستهلال، فن البديات في النص الادبي: ياسين النصير، ط، وزارة الثقافة بغداد ١٩٧٧.

٤- الاسلوب والاسلوبية: گراهم هاف: ت كاظم سعدالدين، وزارة الثقافة، العراق ١٩٨٥.

٥- ئەندازەی ڕستەسازی بوون و هەبوون: د. شێرکۆ بابان (پەراوێکی بلاونەکرایەوە بەئامێری چاپ نووسراوە).

٦- الانسان بين الجوهر والمظهر، نملك او نكون: اريك فروم، ت سعد زهران، عالم المعرفة، الكويت ١٩٨٩.

٧- البنيوية وعلم الاشارة: ترنس هوكز، ت مجيد الماشطة، بغداد ط١ ١٩٨٦.

٨- الخوف من الحرية: أريك فروم: ت مجاهد عبدالمنعم مجاهد، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت ط١، ١٩٧٩.

٩- دیوانی گۆران، سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم: گۆران: کۆکردنەوە و ئامادەکردنی محمدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بغداد ١٩٨٠.

١٠- ڕۆژان ئەڕوا و تۆ هەر خۆشەویستی منی: فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، چاپخانەی نەورەسی، سلێمانی ١٩٨٣.

١١- ظاهرة الشعر العربي المعاصر في المغرب، مقاربة بنيوية تكوينية: محمد بنيس، دار العودة بيروت ط١ ١٩٧٩.

١٢- الفضاء الروائي في الرواية المغربية الحديثة (الاطار والنسق والدلالة) منيب محمد البوريمي (رسالة جامعية) مقدمة الى جامعة محمد الخامس، كلية الاداب، العلوم الانسانية...

١٣- الفضاء الروائي في الغربة (الاطار والدلالة) منيب محمد البوريمي دار النشر المغربية، دار البيضاء، ١٩٨٤.

١٤- فن كتابة الرواية: ديان دوات فاير: ت عبدالستار جواد، دار الشؤون الثقافية، بغداد ١٩٨٨.





١٥- في التركيب اللغوي للشعر العراقي المعاصر: مالك يوسف المطلبي دار الرشيد، العراق ١٩٨١.

١٦- كل عام وأنت حبيبتي: نزار قباني، بيروت، لبنان ط٥ يناير ١٩٨٣.

١٧- اللغة في الادب الحديث، الحداثة والتجريب: جاكوب كورك: ت، ليون يوسف وعزيز عمانوئيل دار المأمون، وزارة الثقافة والاعلام، العراق ١٩٨٩.

١٨- اللغة واللون: د. أحمد مختار عمر، البحوث العلمية، الكويت ط١ ١٩٨٢.

١٩- من الكائن الى الشخص: محمد عزيز الحبابي، دار المعارف مصر ج١، ط٢ ١٩٨٩.

٢٠- ناجي حياته وشعره: صالح جودت، دار العودة، بيروت، ١٩٧٧.

## کلیلی خشتەکان:

### خشتەی (١)

١- ئەو هۆنراوانەی مێژووی نووسینیان دیاری نەکراوە لە خشتەکەدا لە دیوانەکەدا بەبێ مێژووی نووسین هاتوون.

٢- ئەگەر پاش و پێش کردنێک هەبێت لە مێژووی نووسیندا ئەوا زنجیرەی هاتنی هۆنراوەکان لە دیوانەکەدا وەها هاتووە.

٣- ئەو ژمارانەی خراونەتە سەر (+) بەکارهێنانی (من/ تۆ) مەبەست ئەوەیە بەکارهێنانی (من / تۆ) بەشێوەیەکی نادیار یان بانگ کردن یان ناڕاستەوخۆ هاتوون وەک لە تێبینیدا ڕوون کراوتەوە.

### خشتەی (٢)

ئەو ژمارانەی خراونەتە سەر (+) ڕستە داخوازییەکان بەپێی باری ڕەوانبێژی ڕستەکان لە بارێکەوە ئەگۆڕێن بۆ بارێکی تر وەک لە پرسیارەوە بۆ فەرمان یان بۆ نەفی وە لە تێبینیدا ڕوون کراوەتەوە.

١- خشتەکە کراوە بەدوو بەشەوە، بەشی یەکەم شوێنە سروشتی و دەسکردەکان ئەگرێتەوە، بەشی دووهەم ئەو ئەندامانە ئەگرێتەوە لە لەشی مرۆڤ کە زۆر جار شاعیر وەک شوێن مامەڵەی لەگەڵ کردوون.

٢- ژمارەی سەرەوەی هێڵ... ئاماژەیە بۆ دێری بەکارهێنانی وشەکە و ژمارەی خوارەوەی بۆ لاپەڕەی دیوانەکە.

٣- ژمارەی ناو کەوانە ( ) ئاماژە بۆ کۆی بەکارهێنانی وشەکە ئەکات.



### خشتەی (١) بەکارهێنانی (من/تۆ)

| ژ | هۆنراوەکان | مێژووی نووسین | سەرجەمی دێڕەکان | ژمارەی بەکارهێنانی (من) | ژمارەی بەکارهێنانی (تۆ) | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دیاری شاعیر | ١٩٧٧/٨/٤ | ١٢ | ٦ | ١٠ =١+٩ | (١) تۆ لە شێوی بانگکردندایە |
| ٢ | بەیادی گۆرانەوە | ١٩٧٧/٩/ | ٢١ | ٥ | ٢٥ =١+١+٢٣ | (١) لە شیوەی بانگردن (٢) بەشێوەی ناڕاستەوخۆ |
| ٣ | دوو دیمەن | ١٩٧٨/٢/١٥ | ١٤ | - | - | |
| ٤ | عاشق چاوی لە ئەودیوی شتەکانەو | - | ١٦ | ٨ =٤+٤ | ٢ | (٤) من بەشیوی ناڕاستەوخۆ |
| ٥ | نامەیەکی کراوە بۆ خاتووزین | - | ٢٣ | ١٥ | ٨ =٤+٤ | (٤) تۆ ناڕاستەوخۆ |
| ٦ | جۆلانە | ١٩٧٩/١/٢٢ | ١٩ | ٩ | ١٤ =١+١٣ | (١) تۆ ناڕاستەوخۆ |
| ٧ | ئەی ناسکتر لە شیعری جوان | -/١٩٧٩/٤ | ١٤ | ٦ =٤+٢ | ١٦ =١+١٥ | (٢) من ناڕاستەوخۆ (١) = نادیارە |
| ٨ | حەزێکی شێت | ١٩٧٩/٦/٨ | ٤٠ | ١٧ =١+١+١٥ | ١٩ =١+١+١٧ | (١) من هاوبەشە (١) من ناڕاستەوخۆ (٢) تۆ (١) من نادیارە |
| ٩ | کێ وەکو من خۆشیویستووی | ١٩٧٩/٧/٢٢ | ٢٧ | ١٦ =٣+١٣ | ١٩ | (٣) من ناڕاستەوخۆیە |
| ١٠ | تۆ | -/١٩٧٩/٨ | ٨ | ٢ | ٥ =١+٤ | (١) من ناڕاستەوخۆیە |
| ١١ | ڕۆژان ئەڕوا و تۆ هەر... | ١٩٧٩/١٢/٢٣ | ٢٤ | ١٥ =٤+١١ | ٢٣ =٢+٤+١٧ | ٤/ هاوبەشە / ٢ (تۆ) ناڕاستەوخۆیە |
| ١٢ | بۆ نەسووتێم | ١٩٨٨/١/٢٠ | ٥٧ | ٢٤ =١-٢+٢٣ | ٢٤=١+٨+١+١٤ | ٢ (من) ناڕاستەوخۆیە ١ هاوبەشە ١ (من) مەبەست تۆیە |
| ١٣ | ڕابردوو وا بەشوێنتەوە | ١٩٨٠/١/٢٠ | ١٣ | ٦ =١+٥ | ١٣ =١+١٢ | (١) من ناڕاستەوخۆیە (١) تۆ ناڕاستەوخۆیە |
| ١٤ | دووری | ١٩٨٠/٣/٥ | ١٥ | ١٠ =٢+٨ | ٤ | (٢) من ناڕاستەوخۆیە |
| ١٥ | شاعیر شەوانە گڕ ئەگری | ١٩٨٠/٣/٥ | ١٤ | ٨ =١+٧ | ٦ | (٢) من ناڕاستەوخۆیە |
| ١٦ | ئێوارانێ وەک سێبەر شوێنم ئەکەوتی | ١٩٨٠/٦/١٧ | ٤٢ | ٢٣ =٧+١٦ | ٢٢ =٧+١٥ | (٧) من هاوبەشە (٧) تۆ هاوبەشە |
| ١٧ | تۆ ئەمشەو لە چاوما نووستی | ١٩٧٩/٨/١٦ | ٢٥ | ١٣ =٢+١١ | ٢٠ =٢+١+١٧ | (٢) من هاوبەشە (٣) تۆ هاوبەشە (١) تۆ ناڕاستەوخۆ |
| ١٨ | چۆن لە ئاهی دڵ ناترسی | -/١٩٨٠/١١ | ١٣ | ٤ =١+٣ | ٨ | (١) من نادیارە |
| ١٩ | دە بانگم کە | پایزی ١٩٨٢ | ٥ | ٢ | ٢ | |
| ٢٠ | ئەی کچی وڵاتی بەفر | زستان ١٩٨٢ | ٢٦ | ٨ | ١٧ =٤+١٣ | (٤) ناڕاستەوخۆ |
| | کۆ | | ٤٤٨ | ١٩٨ | ٢٤٨ | |

## خشتەی (٢) ڕستە داخوازییەکان

| ژ | هۆنراوەکان | ڕستە داخوازییەکان: فرمان | ڕستە داخوازییەکان: پرسیار | ڕستە داخوازییەکان: بانگ | ڕستە مەرجییەکان | تێبینی دەربارەی ڕستە داخوازییەکان (فرمان و پرسیار) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دیاری شاعیر | ٥ | | ١ | ٢ | |
| ٢ | بەیادی گۆرانەوە | ١٠ | ٢ | ١ | ١ | |
| ٣ | دوو دیمەن | – | ١ | – | – | |
| ٤ | عاشق چاوی لە ئەودیوی شتەکانە | – | – | – | – | |
| ٥ | نامەیەکی کراوە بۆ خاتووزین | ٢ | – | ٢ | – | |
| ٦ | جۆلانە | ١+٢= ٣ | ٢-٢= سفر | – | ٣ | ٢ پرسیار ئەبێت بە فرمان<br>٣ پرسیار ئەبێت بە نفی |
| ٧ | ئەی ناسکتر لە شیعری جوان | ٢ | ١ | ١ | ١ | |
| ٨ | حەزێکی شێت | ٢+١= ٣ | ٧-١-٣= ٣ | ٢ | ٢ | ١ پرسیار ئەبێت بەفرمان<br>٣ پرسیار ئەبێت بە نفی |
| ٩ | کێ وەکو من خۆشی ویستووی | ٤+٥= ٩ | ٨-٥-٢= ١ | – | – | ٥ پرسیار ئەبێت بەفرمان<br>٣ پرسیار ئەبێت بە نفی |
| ١٠ | تۆ | ١ | – | ١ | – | |
| ١١ | ڕۆژان ئەڕوا و تۆ هەر خۆشەویستی منی | سفر+١= ١ | ٥ | ٢ | – | ١ پرسیار ئەبێت بەفرمان |
| ١٢ | بۆ نەسووتێم | – | ٩ | ١ | ٢ | |
| ١٣ | ڕابردوو وا بەشوێنتەوە | سفر+١= ١ | ٢-١= ١ | ١ | ٢ | ١ پرسیار ئەبێت بەفرمان |
| ١٤ | دووری | – | ٤-٣= ١ | – | ١ | ٣ پرسیار ئەبێت بەنفی |
| ١٥ | شاعیر شەوانە گڕ ئەگرێ | ٣ | ١-١= سفر | – | ٢ | ١ پرسیار نەبێت بەنفی |
| ١٦ | ئێوارنی وەک سێبەر شوێنم نەکەوتی | ٥ | – | – | – | |
| ١٧ | تۆ ئەمشەو لە چاوما نووستی | سفر+١= ١ | ١-١= سفر | ١ | ٢ | ١ پرسیار ئەبێت بەفرمان |
| ١٨ | چۆن لە ئاهی دڵ ناترسی | سفر+٣= ٣ | ٢-٢= سفر | – | ١ | ٣ پرسیار ئەبێت بەفرمان |
| ١٩ | دەبانگم کە | – | – | – | ٢ | |
| ٢٠ | ئەی کچی وڵاتی بەفر | سفر+١= ١ | ١-١= سفر | ٣ | ١ | ١ پرسیار ئەبێت بەفرمان |
| | کۆ | ٥٠ | ٢٣ | ١٧ | ٢٣ | |
| | کۆی ڕستە داخوازییەکان | ٥٠+٢٣+١٧= ٩٠ | | | | |



## خشتەی (٣) بەکارهێنانی شوێنەکان

| شوێنەکان: شوێن | شوێنەکان: بەکارهێنان | ئەندامەکانی لەش کە وەک شوێن مامەڵە کراون: ئەندامەکان | ئەندامەکانی لەش کە وەک شوێن مامەڵە کراون: بەکارهێنان |
|---|---|---|---|
| کوێ | (٩) ٤٤/٨,٤١/١,٣٧/٣,٢٨/١٠,٢٠/٥,١٧/١,١٦/٥,٩/٥ | دڵ | /٥,٢٥/١,٢٣/٢,١٧/٦,١٧/٥,١٢/٢,٨/١١,٧/٥<br>٩/٦,٣٥/٧,٣٥/٣,٢٩/٣,٢٩/٢,٢٧/٦,٢٥/٦,٢٥<br>(١٥) /٣٨/٧,٣ |
| ڕێ/ڕێگا | (٧) ٥٠/٩,٤٩/٨,٤٨/٤,٢٣/١٠,٢١/٨,٧/٤ | | |
| شەقام | (٤) ٩/١٠,٨/١٣,٧/٧,٧/٣ | | |
| | | چاو | ١,٤٧/٦,٤٥/٨,٣٨/٧,٢٦/٣,٢٤/٤,٢٤/٧,١٣/٤<br>(١٥) ٥٥/٨,٥٢/٤,٥٢/٣,٥٢/ |
| وڵات | (٤) ١١/٤,٦٠/٧,٥١/٦,٤٤/٦ | | |
| جێگا | (٣) ٤٩/٨,٤٨/٦,٢١/٨ | سنگ | (٤) ٢٨/٥,٢٨/٣,١٥/٦,١٤/٦ |
| دنیا | (٣) ٥٧/٥,٢٥/٧/١٧/٢ | باوەش | (٤) ٤٤/١,٤٣/٣,٣٤/٦,٣٤/٥ |
| لانە | (٢) ٤٩/٣,٤٨/٦ | گیان | (٢) ٢٥/٨,٢٥/٩ |
| هەوار | (٢) ٦٠/٩,٦٠/٩ | دەروون | (٢) ٢٧/٩,١٣/٦ |
| پەنجەرە | (١) ١٠/١ | سەر | (١) ٢٨/٧,٢٨/٤ |
| پەرژین | (١) ١٦/٩ | مێشک | (١) ٤٣/٥ |
| کۆشک | (١) ١١/٣ | دەم | (١) ٤٥/٨ |
| ئاسمان | (١) ١١/٥ | دەست | (١) ٤٥/٨ |
| جیهان | (١) ٣/٦ | قورگ | (١) ٤٥/٨ |
| بیابان | (١) ١٤/٩ | گوێ | (١) ٥٨/٣ |
| لا | (١) ١٦/١٠ | لێو | (١) ٥/٤ |
| مەدار | (١) ٢١/٤ | | |
| جۆلانە | (١) ١٧/٨ | | |
| کوێستان | (١) ٦١/٣ | | |
| سیروان | (١) ٥٦/٥ | | |
| شارەزوور | (١) ١٤/١١ | | |
| گۆم | (١) ٥٣/٧ | | |
| دێ | (١) ١٥/٣ | | |

**خولگەی سێیەم:**

# بەراوردێک لە نێوان ئیلیوت و پیرەمێردا (پەندی ئاگر) لە وێرانەخاک و (کزەی دەروون)

## -لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی بەراورد-

## پێشەکی

تان و پۆی ئەم لێکۆڵینەوە بەراوردکاریە لە کاریگەری هەر یەکێ لەم دوو شاعیرە (پیرەمێرد) و (ئیلیوت) لەسەر ئەوەی تریان نەچنراوە - کە بەپێی قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری فەرەنسی کۆن مەرجێکی پێویستە - بەڵکو ئەوەی ڕێ خۆشکەرە بۆ ئەم بەرواردکارییە بەدیکردنی لێکچوونی هەردوو شاعیرە لە بیروبۆچوون و هەڵوێست و چەند لایەنێکی هونەریدا لەم دوو دەقەدا (کزەی دەروون) کە زیاتر بە(دوو ئاوانەکە) ناسراوە، و بەشی سێهەم (پەندی ئاگر) لە هۆنراوەی بەناوبانگی ئیلیوت (وێرانە خاک)، ئەم لێکچوونە ئەشێ بکرێ بەبەردی بناغەی ئەدەبی بەراوردکاری بەپێی هەردوو قوتابخانەی بەراوردکاری ئەمەریکی و سۆڤیەتی(١).

هەرچەندە پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠)(٢) و ئیلیوت (١٨٨٨-١٩٦٥)(٣) سەردەمی ژیانیان لە یەکەوە نزیکە و لە بەشێکی چەرخی نۆزدە و نیوەی ئەم چەرخەی بیستەدا ژیاون، بەڵام هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە کە پیرەمێرد ئاگای لە ئیلیوت بووبێت - ئەوەش ئاشکرا نییە کاتێ کە پیرەمێرد لە تورکیا بووە ئایا هیچ بەرهەمێکی ئیلیوت گۆڕراوە بۆ زمانی تورکی یا نا؟ - ئاشکراشە کە ئیلیوت هیچ ئاگایەکی لە پیرەمێرد نەبووە.

دەربارەی دەقەکەی ئیلیوت کە پێویستە دەقێکی کوردی لەبەر دەستا بێت بۆ بەراوردکاریەکە، هەرچەندە کاک محمود زامدار لەساڵی **١٩٧٥**دا (وێرانە خاک)ی کردووە بەکوردی(٤)، بەپێویستم زانی بۆ زیاتر دڵنیا بوون و نزیک کەوتنەوە لە دەقەکە، کە بگەڕێمەوە بۆ سەرچاوەی ڕەسەنی دەقەکە لە پەڕاوی The Complete Poems and Plays of T.S Eliot

و بەبەراورد کردنی لەگەڵ دوو دەقی عەرەبیدا کە یەکێکیان گۆڕینی (یوسف سامی یوسف)(٥) و ئەوەی تریان هی (دکتۆر عەبدولواحد لؤلؤة)یە(٦)، هەروەها جار جاریش





ئاوڕم لە دەقەکەی کاک مەحمود زامدار داوەتەوە کە جێی پێزانین و سوپاسە، لە نێوان ئەمانەدا ئەو بەشەی پێویستە بۆ لێکۆڵینەوەکە سەرلەنوێ گۆڕیم بۆ سەر زمانی کوردی و لە پاشکۆی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەیخەمە ڕوو.

دەربارەی پەیکەری لێکۆڵینەوە کە دوا ڕەچاوکردنی دیاردە زەقەکان و چەقی قورسایی هەردوو دەقەکە، کە لە یەکیان نزیک ئەخاتەوە، ئەتوانین بڵێین ئەم چەقە ململانێی کۆن و نوێیە کە لەسەر تەختی ڕەوتی کات (الزمن) خۆی دەرئەخات و (کات) ئەبێت بەتاڵە بەنی سەرەکی چنینی سەرجەم ڕەگەزەکان لە هەردوو هۆنراوەکەدا، لەبەر ئەمەیە (کات) خۆی ئەخاتە ناو هەر سێ تەوەرەی پەیکەرەکەوە کە بریتین لە:

١- کات و جووڵە.

٢- کات و شوێن و ڕەگەزەکان (العناصر).

٣- کات و کەسایەتییەکان.

لە هەمان کاتدا ئەم سێ تەوەرەیە هەریەکەیان پابەندی دووانەکەی تریانە و لە یەک ناترازێن، و لێرەدا لە پێناو ڕێبازی ئەکادیمی جیا کراونەتەوە، ئەم سێ لایەنە پێکەوە لە وێنە شیعرییەکاندا خۆیان ئەنوێنن کە ئەمانیش بەدەوری خۆیان ئاوێنەی دەرخەری ئەو لێکچوون و جیاوازیانەن کە لە نێوان هەردوو دەقەکەدان و پێویستە لەسەر لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری دەستنیشانیان بکات.

دوا وشە هیوادارم ئەم لێکۆڵینەوە، ڕەخنە بەراوردکارییە، کەلێنێک لە ئەدەبی بەراوردکاری پڕ بکاتەوە.

## دەروازە:

ئەوەی ئەم دوو هۆنراوەیە لەیەک نزیک ئەخاتەوە و زەمینە خۆش ئەکات بۆ بەراوردکردنیان. یەک بۆچوون و هەڵوێستە لە هەردوو هۆنراوەکەدا، ئەم بۆچوون و هەڵوێستەش ڕادەی بیروڕای هەردوو شاعیرە، هەریەک لە لای خۆیەوە، ئەم خاڵەش پەیوەندی بەجۆری بیرکردنەوە و چۆنیەتی ژیانی هەردوو شاعیرەوە هەیە، لەم ڕووەوە ئەو خاڵانەی هەردوو شاعیر لە یەک نزیک ئەکاتەوە بۆ دروستبوونی ئەم هەڵوێستە لە لایان هزر و بیری ئیلیوت گرنگییەکی زۆری داوە بەفەلسەفە و خۆی دەرچووی بەشی فەلسەفەی زانکۆی (هارڤرد) بووە(٧) ئەم گرنگی دانە بەفەلسەفە وای لێکردووە زیاتر بیر لە شارستانی مرۆڤ بکاتەوە ژیان چۆن هاتووە و بەرەو کوێیە؟ سەرەتا و کۆتایی چییە؟ ئەم بیرکردنەوەیەش لە چەند ڕوویەکەوە خۆی لە باوەشی دیندا ئەبینێتەوە و

بەرەو ئەو ڕەوشت و سیستمە ئەڕوات کە ئایین ئەیەوێت کۆمەڵ پەیڕەوی بکات و ئەم لایەنە لای ئیلیوت گرنگ بووە[٨].

پیرەمێردیش لەم لایەنەدا هاوبەشە لەگەڵ ئیلیوتدا و خاوەنی هزر و بیرێکی فەلسەفی بووە و زۆربەی شیعرەکانی بەڵگەن بۆ ئەم لایەنە، بەتایبەتیش بەشی پەندەکانی[٩]، دەربارەی بایەخدان بەئاین پیرەمێردیش وەک ئیلیوت ئەم بۆچوونەی هەبووە، وەسیەت نامەکەی بەڵگەیەکی ئاشکرایە (...لە دین لا مەدەن، خوا و پێغەمبەری خۆتان بناسن و ڕەوشتان پاک و خاوێن بێ)[١٠].

ئەم بیروبۆچوونانە بوونەتە بایەخدانی هەردوو شاعیر بەکۆن و ڕەسەنایەتی و بەئاین، بەڵام ئەم بایەخدانە بەشێوەیەکی زانستانە بووە و نەبۆتە ڕێگری پێشکەوتن لە لای هەردووکیان بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئیلیوت زیاتر ویستوویەتی ئەو پەڵانەی بەمەسیحیەتەوە لکاوە بیسڕێتەوە ڕوویەکی نوێی بداتێ[١١]، هەروەها پیرەمێرد لەگەڵ بایەخدان بەکۆن و ڕەسەنایەتی و دین پێشکەوتووخواز بووە و دژی کۆنەپەرستی بووە[١٢]، باشترین بەڵگەش بۆ ئەم لایەنە هۆنراوەی (شەوێ لە گوێ شەتی بەغدا)[١٣] و هۆنراوەی (ئەی کچینە)یە[١٤].

بێگومان ئەو هەڵوێستانەی کە زادەی بیروبۆچوونی هەردوو شاعیرن پەلئەهاوێژنە ناو هۆنراوەکانیانەوە، وێنەی کێشراوی ناو ئەو هۆنراوانە، ئەم هەڵوێستانە ئەنوێنن... لەم ڕووەوە هەردوو شاعیر سەرنجیان ئاڕاستەی ڕەوتی (کات) ئەکەن...

ئیلیوت لەسەر ڕووباری (تایمز) ئەوەستێ و پیرەمێرد لەسەر دوو ئاوانەکە «سیروان + (زەڵم + تانجەڕۆ)»، ڕۆینی ئاوی ڕووبار سەر بەرەو خوار ئەکەنە هێما بۆ ڕەوتی زەمەن و ئەو گۆڕانکارییانەی بەدی ئەهێنێ لە ناخی مرۆڤ و لە باری کۆمەڵایەتی و شارستانییدا، لەم بازنەیەدا ململانێ و کێشەی هەردوو چمکی کات (ڕابردوو/ ئێستا) ئەکەونە گەڕ و تێکەڵ بەبیر و هەستی هەردوو شاعیر ئەبن. یا با بڵێین لە ڕاستیدا هەست و بیریان ئەهەژێنێت بەرەو یادگارە کۆنەکان، کە بینیویانە یان بیستوویانە و بەراوردیان ئەکەن بەبارودۆخی ئێستای ژیانی سەردەمیان. هەتا جووڵەی (کات) لەسەر دوو ئاست هێماکانی خۆی نیشان ئەدات: ئاستی یەکەم ئاستی دەروونییە و ئاستی دووهەم ئاستی کۆمەڵایەتی و شارستانییە...

لە گەڕانەوەی ئەندێشەی هەردوو شاعیر بۆ ڕابردوو لەگەڵ هێنانەوە بەرچاوی چەند وێنەیەکی شیرینی تۆماری کۆن، بێزار بوون لە ئێستا ئەبێتە بنەمای ئەم بەیاد کردنەوەیە، لە بواری ئەم کێشەیەدا لە نێوان (کۆن و نوێ) بەشێوەیەکی گشتی





ئەتوانرێت لە ڕووی دەروونییەوە سێ بۆچوون یان هەڵوێست دەستنیشان بکرێت:

١- خۆشەویستی و پیرۆزی کۆن و بێزار بوون لە ئێستا.

٢- ژیان لە ئێستادا و چێژ لێوەرگرتنی.

٣- هیوا و ئاوات و پشت بەستن بەداهاتوو بۆ چارەسەرکردنی بواری ناهەمواری ئێستا.

هەردوو شاعیر لەم بوارە دەروونییەدا وەک وترا لە خاڵی یەکەمدا ئەخولێنەوە و شەیدای کۆنن، حەسرەتی بۆ هەڵئەکێشن، لەبەر ئەوەی ئێستا بەئاڵۆز و شێواوی ئەبینن.

هەروەها بەرامبەر ئەم سێ خاڵە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و شارستانییەوە سێ جۆر ڕێباز بەدی ئەکرێت:

١- گەڕانەوە بۆ کۆن و کردنی بەبنەمای هەموو بارێکی کۆمەڵایەتی و بەچارەسەرکەری ناهەمواریەکانی ئێستا، هەروەها دەرچوون لە ڕەوتی کۆن لای ئەم ڕێبازە لادانە لە ڕاستی و لە ڕەسەنایەتی.

٢- بەپێچەوانەی خاڵی یەکەمەوە پەیوەست بوون بەکۆنەوە مانای دواکەوتن و ڕێگرتنە لە پێشکەوتن و پێویستە هەموو شتە کۆنەکان بخرێنە لاوە.

٣- هەوڵدان بۆ هاوسەنگی بەدیهێنان لە نێوان کۆن و نوێ و داهاتوودا.

جووڵە و کێشی ئەم لایەنانە بەتایبەتی لەسەر ئاستی (کات) - بەپێی بۆچوونی نووسەر - ئەبنە کرۆک و بابەتی هەردوو هۆنراوەکە، هەڵوێستی هەردوو شاعیر - کە شەیدا بوونی کۆنە - پەل ئەهاوێژێتە ناو وشە و دەستەواژە و واتا و هێما و وێنە شیعرییەکانی دوو توێی هەردوو هۆنراوەکە و ئەبێتە ڕەگی بنیاتی سەرەکی هەردوو دەقەکە، پەڕەکانی داهاتووی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ پەردە لادان لەسەر ئەم لایەنە.

## تەوەرەی یەکەم: کات و جووڵە

جووڵەی کات هێزێکی باڵا دەست و کاریگەرە بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی لە ژیانی مرۆڤ و شتەکانی دەوروپشتیدا ڕوو ئەدەن[١٥] کات خۆی لە خۆیدا ئەبێتە تۆمارێک ئەو گۆڕانکاریانە ئەگرێتە ڕووی خۆی... لەبەر ئەمە هۆش و بیری مرۆڤ لە میانەی ئەم جووڵە کاریگەرەدا لەو تافەی تێیدایە پابەندی هەردوو جەمسەری (ڕابردوو/ داهاتوو)

ئەبێت... ڕابردوو بۆتە مڵکی ژیانی و دیمەنەکانی تا دوورتر بن لە منداڵیی مرۆڤەوە نزیکتر ئەبن و شیرینتر ئەبن(١٦) داهاتوو نەناسراو و نەزانراوە، زیاتر مرۆڤ لە نەمان نزیک ئەکاتەوە... ئەمەش یەکێکە لەو نهێنییانەی کە سروشتی مرۆڤ زیاتر پابەندی کۆن ئەکات...

لەم ڕووەوە لە هەردوو هۆنراوەکەدا، (ڕازی دەروون) و (پەندی ئاگر) کێشەی (کۆن/ نوێ) ئەبێتە کرۆکی سەرەکییان و تەختی (کات) ئەبێتە بیلبیلەیەک کە سەرجەم ڕووداو و شوێن و ڕەگەز و کەسایەتی و وێنە و دیمەنەکان لە بینای ئەم بیلبیلەیەدا خۆیان ئەبیننەوە...

پیرەمێرد لەسەر ڕووباری سیروان (دوو ئاوانەکە...) ڕائەوەستێ،

ئیلیۆت لەسەر ڕووباری تایمز...

کات ئەکەوێتە جووڵە...

یەکەم جووڵەی (کزەی دەروون) – ئەگەر جووڵەی کرداری بانگکردن کە کردارێکی نادیارە بخەینە لاوە –، یەکەم جووڵە لە ئاوەوە دەست پێدەکات:

(دوو ئاوانەکەی شوێن ماڵە گەورە سەرەو خوار **ئەڕۆی** بەپێچ و دەورە)(١٧).

ڕووبار خۆی لە خۆیدا هێمای جووڵەی (کات)ە، کات لەم جووڵەیەدا بەردەوامە... جووڵاوە و تا ئێستاش لە جووڵەدایە (ئەڕۆی...) هەرچەندە لەسەر یەک وەتیرەی ڕاست نییە (بەپێچ و دەورە)یە و هەمە چەشن و جۆرە...

جووڵەی یەکەمی (پەندی ئاگر) لە دەرەوە (کەنار)ی ئاوەوە دەست پێدەکات:

ڕەشماڵی ڕووبارەکە ڕماوە، دوا پەنجەی

The river’s Tent is broken:
the last fingers of leaf

گەڵا گیر دەبێ و بەناخی زەوییە شێدارەکەدا دەچەقێ.

Clutch and sink into
the wet bank… (18)

هەردوو جووڵە لای پیرەمێرد و ئیلیوت ئاراستەیان، سەر بەرەو خوارە، جووڵەی (دوو ئاوانەکە):

(سەرەو خوار ئەڕۆی...) جووڵەی (ڕما) لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە، هەردوو جووڵە شوێنێک بەجێ ئەهێڵن و بۆ شوێنێکی کە ئەچن و ئەم دوو جووڵەیە واتایەکی نێگەتیڤ (سلبی) ئەبەخشن چونکە سەر بەرەو خوارن و بەرزایی بەجێ ئەهێڵن بەرەو نزمایی...





وێنەی بەرامبەر ڕۆیشتنی (سیروان) سەر بەرەو خوار کە بەشێوەکی ناڕاستەوخۆ واتای خێرایی ئەبەخشێت، لە لای ئیلیوت ڕاستەوخۆ ئەم خێراییە ئەبینرێ:

(ئەی تایمزی سازگار، هێواش بڕۆ، هەتا گۆرانییەکەم تەواو ئەکەم)

Sweet Thames, run softly till I end my song (19)

ئەم دوو جووڵەی (کات)ە ڕێخۆشکەرن بۆ ئاوڕدانەوە لە سەرەتای جووڵەکان لە کۆندا، ئەو ڕووداو و دیمانانەی ئەوسا هەبوون ئێستا نەماون. لێرەوە سەرنجی هەردوو شاعیر بەرەو ڕابردوو ئەکشێ و ئەیانەوێ دیمەنە کۆنەکان بجوونەوە، لەگەڵ ئەم گەڕانەوەیەدا لای پیرەمێرد جووڵەی کات وەرئەچەرخێ لە ئێستاوە بۆ ڕابردوو، بۆ بەدیهێنانی ئەم وەرچەخاندنە دەستەواژەی (بۆچ پێم نانوێنی؟) ئەرکی تەواوی خۆی ئەبینێ، کە داواکە لە ئێستادایە و گێڕانەوەی شتێکی کۆنی دەوێ.

(بۆچ **پێم نانوێنی** وێنەی فۆتۆگراف
**وێنەی شیرینی نازدارانی** جاف)(٢٠)

لێرەدا کات وەرئەچەرخێ و ئەو وێنانەی کە دێن لە دوا ئەم دێڕەوە سەراپا وێنەی کۆنن ، و ئەوسا (بوون) و ئێستا نەماون:

(نموونەی دەستی پەروەردگار **بوون**
بەدەوری تۆدا گوڵی بەهار **بوون**
بەشەدەی لار و کراسی کەتان
وەک مانگ (کەتان)ی جەرگیان **ئەسوتان**
وەک مانگ بەشەوی تاریکی دەیجور
برجی ڕەشماڵیان **پڕ ئەکرد** لە نوور
... ... ...
ئەو لەش و لارە بەشلپەی مەلە
دڵی دڵداریان **ئەخستە** پەلە
ماڵە بەگزادە و سیرەی سەماوەر
ڕووی ئەو ڕووبارەی **وا ئەگرتە بەر**
دەنگی نەگیسا و بەزمی خوسرەوی
لای مەحمود پاشا **ئەکەوتە** نەوی
... ... ...

ئەمانە هەمووی خوا **دابووی** بەجاف
حکومدارێک **بوون** بێ لاف و گەزاف
لەم دواییەدا خۆ (ناهدە خان)
شا خانمێک بوو بەلاو دیوەخان
شوێنی دوو پاشای **پڕکردبووەوە**
گەرەوی لە ڕۆحی چەرخ **بردبووەوە**)(٢١)

بەم پێیە وێنەکان دوانزە کرداری ڕابردوو ئەگرنە خۆیان، وشەی (بوون) زیاتر واتای ئەو گۆڕانکارییە چڕ ئەکاتەوە کە (کات) بەدی ئەهێنێ لە (بوون)ی کۆنەوە بۆ نەمانی ئێستا.

دوای ئەم دوانزە کردارە زەمەن ئەگەڕێتەوە بۆ ئێستا وەک دێری یەکەمی هۆنراوەکە.

بەڵام لای ئیلیوت – لەبەر جیاوازی تەکنیکی هۆنراوەکەی – ئەم شێوە ڕاستەوخۆیە لە وەرچەرخاندنی (کات)دا بەدی ناکرێت، بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە سێبەری گەڕانەوەی ڕووداوەکاندا – کە هۆنراوەکەی ئیلیوت چیرۆک ئامێزە – ئەتوانرێت بەدی بکرێت لە هێمای ئەو وشە و زاراوە و بڕگانەی کە وەری گرتوون لە هۆنراوە و هونەرە ئەدەبییەکانی تر بۆ نموونە:

... پەریەکان کۆچیان کرد    (…The nymphs are departed)(22)

ئاماژە بۆ (سروودی بووکێنی)ی دامۆند سپنسر (ساڵی ١٥٩٦)(٢٣) ئەکات کە ئەمەش جۆرێکە لە وەرچەرخاندن بەرەو دیمەنە کۆنەکان و ئەمە و چەند نموونەیەکی کەی وا دوو توێی هۆنراوەکەیان پڕ کردۆتەوە، بێگومان لەم وێنەیەشدا (پەریەکان) بەرامبەر (نازدارانی جاف) ئەوەستێت کە هەردووکیان چەقێکی گرنگی کەسایەتیەکانن کە لە تەوەری سێهەمدا زیاتر باسیان لێوە ئەکرێت...

## تەوەرەی دووهەم: کات و شوێن و ڕەگەزەکان

لە ململانێی ئەم دوو جەمسەرە (کۆن/ نوێ)دا گەڕانەوە بۆ ڕابردوو ئەبێتە توخمێکی زاڵ لە دیدەی هەردوو شاعیری شەیدای کۆن و ڕەسەنایەتیدا، کاتی ڕابردوو بەرەو پانتایی شوێن ئەکشێ، یا با بڵێین شوێن بەرەو خۆی ڕائەکێشێ و جوولە و ڕووداوەکان بەبێ تەختی شوێن ئەنجام نادرێن، لەو ڕووەوە ڕووبار لە کاتێکدا کە خۆی لە خۆیدا هێمای زەمەن و جوولەیەتی – وەک لەمەوبەر وترا – لە هەمان کاتدا بۆ خۆشی شوێنە





بەم پێیە ئەتوانرێ هەردوو قووڵایی (کات / شوێن) لە ڕووباردا کۆببێتەوە لە یەک کاتدا...

لای پیرەمێرد ڕووبار (دوو ئاوانەکە) لە ڕووی کاتەوە کە لە ئێستای هۆنراوەکەدا ماوە و بەردەوامە (سەرەوخوار **ئەڕۆی**) لە هەمان کاتدا پەیوەست ئەبێ بەشوێنێکی ڕابردوو (کۆن)ەوە کە (ماڵە گەورە)یە:

(دوو ئاوانەکەی **شوێن ماڵە گەورە**
سەرەوخوار ئەڕۆی بەپێچ و دەورە)(٢٤)

هەروەها بەرەو تەختی (ڕەشماڵ) ئەکشێ:

(وەک مانگ بەشەوی تاریکی دەیجور
برجی ڕەشماڵیان پڕ ئەکرد لە نوور)(٢٥)

وێنەی بەرامبەر ئەم وێنەیەی پیرەمێرد لای ئیلیوت ڕووبار هەر لە سەرەتاوە لکاوە بەشوێنەوە کە (ڕەشماڵ)ە وەک لای پیرەمێرد (هەرچەندە ڕەشماڵ لێرەدا ئاماژە بۆ دار و درەختی کەنار و ڕووبارەکە دەکات – وەک خوازەیەک–)

ڕەشماڵی ڕووبارەکە ڕما...    The river's tent is broken (26)

هەردوو ڕەشماڵ لای پیرەمێرد و ئیلیوت ئێستا ون و فەوتاون: بەم پێیە بەتێکەڵاوی قووڵایی (کات/ شوێن) ڕووداوەکان چەند دیمەنێک دروست ئەکەن – بێ لەو کەسایەتییانەی کە لە تەوەرەی داهاتوودا بەدرێژی باسی لێوەئەکرێ – چەند ڕەگەزێک (العناصر) بەشداری ئەم وێنە و دیمەنانە ئەکەن کە لە نێوان کۆن و نوێدا ئەخولێنەوە و جێگۆڕکێ ئەکەن. بۆ ئەم مەبەستە یادی هەردوو شاعیر ڕۆڵێکی تەواو ئەبینێت بەزیندوو کردنەوەی ئەو دیمەنانەی کە هۆگریان بوون لە کۆندا و ئێستا ڕەوتی کات کردوونی بەژێرەوە و لەبەر چاو ون بوون و فەوتاون...

ئەم دیمەنانە لای پیرمێرد ئەبینین:

– (... شەدەی لار و کراسی کەتان...
– (ماڵە بەگزادە و سیرەی سەمارەر...
– (دەنگی نەگیسا و بەزمی خوسرەوی...
– (ئاوازی سەقر و باز و باڵەبان...
– (حیلەی ماینی جنسی کەحیلان...)(٢٧)

ئێستا ئەم دیمەنانە نەماون، پیرەمێرد ئەیەوێت ڕەوتی کات پێچەوانە بێتەوە و بەرەو دوا (بۆ سەرچاوەکە) بگەڕێتەوە:

(توخـــوا ئاوەکـــەی بۆن گـــولاوەکـــە
بۆ ســـەرچاوەکـــە کـــەمێ لاوەکـــە
بڕوانم ئاخـــۆ جـــامی فـــۆتۆگـــراف
نیـــشـــانم نادات شـــێـــوەی ایلی جـــاف)(٢٨)

هەتا شاعیر دڵنیا ئەبێت ئەمانە هەموو بەسەرچوون و فەوتاون:

(نەء ئەو دبدبە و ســـەر ئەو ســـەر ئاوە
ئێـــستـــە ئەفـــسانە و نەخشی ســەر ئاوە)(٢٩)

بەرامبەر ئەم دیمەنانە لە لای ئیلیوت ئەبینین لەو ساتەوەی ڕەشماڵی ڕووبارەکە ڕماوە و پەریەکـان کـۆچیـان لێ کـردووە، سـەر ڕووی ڕووبار گـوڵ و گـەڵا لەگـەڵ خـۆیدا ناهێنێ(٣٠) ئەوسا ڕووبار پاکژ بوو:

(ڕووبار نە شوشەی بەتاڵ، نە کاغەزی سەندەویچ — The river bears no empty bottles, sandwich papers
نە دەسڕی ئاوریشم، نە پاکەتی مقەبا، نە قنگە جگەرە — silk hand kerchiefs, cardboard boxes, cigarett ends
یان پاشماوەی تری شەوانی هاوین ناهێنی... — Or other testimony of summer nights… (31)

ئەمانە ئێستا ڕووی ڕووباریان پیس و ناشرین کردووە ئەوسا نەبوون...

لە جیاتی دیمەنە کۆنەکان کە ڕەسەنایەتی و پاکێتی و مرۆڤایەتییان لێ ئەتکا، ئێستا:

بەڵام لە گەردەلوولێکی ساردا لە پشتمەوە — But at may back in coald blast I hear
The ratte of the bones, and chuchle spread from ear to ear.

خرمەی ئێسقان و قاقای پێکەنین لەم گوێوە بۆ ئەو گوێ نەبیەم
مشکێ بەئەسپایی لەناو گژوگیاکەوە هاتە دەرەوە و
(A rat crept softly sthrough the vegetation
بەپێستە چرچ و لۆچەکەی سکی، لەسەر کەنارەکە سکە خشێ ئەکات
Dragging its slimy belly on bank





White bodies dies naked on the low damp ground

چەند ئێسک و پڕوسکێکی سپی فڕێ دراو لە هەورە بانە بچووکە وشکە نزمەکەدا
تەنها پێی مشک ساڵ بەساڵ خشەی لێوە ئەهێنان)(٣٢)
Ratted by the rat's foot only, year to year.

ئەمانە لای ئیلیوت بەرامبەر قەل و دڕک و داڵەکەی پیرەمێرد ئەوەستن، کە هەردوو وێنەکە ئاماژە بۆ وشک بوونەوە و مردن ئەکەن لە ئێستادا...

ئەو شـوێن و ڕەگـەزانەی کـات کـۆیان ئەکـاتەوە لە بازنەی وێنە ئایینیـیەکـاندا لای پیـرەمـێـرد دیمەنە ئایینیـیـەکـان گـۆڕاوەوە و شـوێنی بەچەند کـردەوەیەکی نـابەجێ وەک (قومار) پڕ بۆتەوە:

لە شـــوێـن ســـەر مـــەلا و الله اکـــبـــر
(کـــاری) کـــار ئەکـــا و (ســـتـــرێت بەجـــۆکـــەر)(٣٣)

وێنەی کۆنی ئایینی بەرامبەر ئەو وێنەیەی پیرەمێرد ئەبینن لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان لای ئیلیوت:

(کلێسەی (ماگنیس)ی شەهید — Of magnus Martyr hold
جوانیەکی بێهاوتایی سپی ئاڵتونی ئەیونی گرتبووە خۆ)
Inexplicable splendour of lonian white and gold

ئێستا لە جێگەی ئەم جوانیە ڕۆحییە:

(ڕووبارەکە — The river sweats
نەوت و قیری لێ ئەتکێ)(٣٤) — Oil and tar…

ئەو جیـاوازییـانەی بەدی ئەکرێن لە نێـوان هەردوو هۆنراوەکەدا – وەک ئاماژە کرا بۆ جەنجاڵی هۆنراوەکەی ئیلیوت – شوێنەکان لای ئیلیوت زۆرن (تایمز، لیمان، جۆگەیەکی بۆگـەن، ئۆتێلێکی شـەقـامی کـانون، سـتـریـۆل، ئاسـمـان، کـورسی، ئۆتـۆمـۆبیـل، مـاڵ، پەنجەرە، تیبە، قادرمە، ژوور، ستراند، شەقامی ڤیکتۆریا، مەیخانە، شـەقامی تایمزی خـواروو، کـلـێـسـەی مـاکنس، ڕووبـار، بەلەم، کەشـتی، گرنج، دۆج، هایبری، ڕیچمـۆند، کـیـو، مـورگـرێت، قـرتاجنە...) لە چاو شـوێنەکـانی هۆنراوەی پیـرەمـێـردا، هەروەها دەربارەی ڕەگەزەکان.(٣٥)

## تەوەرەی سێهەم: کات و کەسایەتییەکان

ئەگەرچی کات خۆی ڕەگەزێکی جولاوە، بەڵام ئەوەی ئەم جولەیە ئەبینێ و ئەبێتە بکەری ڕووداوەکان، بەهاوبەشی کات لە دەقە ئەدەبییەکاندا، کەسایەتییەکانە – وەک لەمەوبەر ئاماژە کرا – بەتێکەڵ بوونی هەموو ئەم لایەنانە، وێنە و دیمانەکان دروست ئەبن، لەم ئاستەدا ئەو دیمەنە لێکچووانەی لە هەردوو دەقەکەدا ئەبینرێ:

یەکەم کەسایەتی کۆن لای پیرەمێرد (نازدارانی جاف)ە کە ڕەگەزی ئافرەتە:

(بۆچ پێم نانوێنی وێنەی فۆتۆغراف وێنەی شیرینی نازدارانی جاف)(٣٦)

بەرامبەر ئەم وێنەیە لای ئیلیوت وێنەی (پەریەکان)ە:

(پەریەکان کۆچیان کرد The nymphs are departed...(٣٧)

ڕەگەزی ئەم وێنەیەش وەک لای پیرەمێرد ئافرەتە، خۆشەویست و جوانە... هەردوو (نازدارانی جاف/ پەریەکان) نەماون و کۆچیان کردووە...

پیرەمێرد بۆ نەمانیان حەسرەت هەڵئەکێشێ:

(ئای بۆ (پەری خان) نازداری جاف
ئاهۆی زەریا هۆی عەنبەر کلاڤان)(٣٨)

هەمان چەشن ئیلیوت بەدوای کۆچ کردنی پەریاندا ئەناڵێنێ و فرمێسکیان بۆ هەڵئەڕێژێ:

(کۆچیان کرد بێ ئەوەی ناونیشان بەجێ بهێڵن
Departed have left no addrsses
لەسەر کەناری (لیمان) دانیشتم و گریام)
By the waters of leman I sat down and wept…) (39)

لەبەر ئەوەی ئەم کەسایەتییە هاوبەشە ڕەگەزێکی مێیینەیە بمانەوێ و نەمانەوێ مل ئەنێ بەرەو لایەنی (سێکسی)...

لە لای پیرەمێرد ئەم لایەنە پاک بووەوە، خۆشەویستی، یان پەیوەندی ژن و مێردایەتی بووەوە بەڕێگەیەکی پاک جێبەجێ کراوە لە ژێر پەردەی ڕەوشت و ئایندا:

(شەوی مانگەشەو ئاوایی خەوتن
لە دوای سرەوتن کاتی تێکەوتن
ئەو لەش و لارە بەشڵپەی مەلە
دڵی دڵداران ئەخستە پەلە)(٤٠)





بەرامبەر ئەم وێنەیە دەربارەی پەیوەندی نێر و مێ، ئیلیوت کاتێ باسی کۆچی پەریەکان ئەکات ئاماژە بۆ (گۆرانی بووکێنی) سپنسر ئەکات کە باس لە خۆشەویستییەکی پاک ئەکات، ئەمە لە کۆندا بووە و ئێستا تیاترۆخانەی (مسز پورتر)ی هاوچەرخ جێگەی ئەم پەیوەندییە پاکەی گرتۆتەوە:

«دەنگی دەهۆڵ و ئەو ماشێنانە نەبیەم
The sound of horns and motors, which shall bring
کە لە بەهاردا (سوینی) ئەگەیاندە (پورتر) خانم»
Sweeney to Mrs. porter in the spring) (41)

ئەم دیمەنانە لە تەک خشەخشی پێی ئەو مشکانەدا دێت کە بەسەر ئێسک و پروسکە فڕێ دراوەکاندا ئەڕۆن...

بەڵام لە ڕووی جێگرتنەوەی پەیوەندی دڵداری و ژن و مێردایەتی کە دوو ڕووی پاکن پیرەمێرد هیچ ئاماژەیەک بۆ پەیوەندی نابەجێ ناکات، تەنیا جێگری ئەم دیمەنە جوانانە لەسەر کەناری دوو ئاوانەکە، کردەوەی نابەجێی قومارە کە لەمەوبەر خراوەتە ڕوو...

ئەگەر بمانەوێت هەموو کەسایەتییەکانی هەردوو هۆنراوەکە دیاری بکەین، بەر لە هەموو شت کەسایەتییەکانی (ڕازی دەروون) لای پیرەمێرد، کەم و سادەن لە واقیع وەرگیراون...

بەڵام کەسایەتییەکانی (پەندی ئاگر)ی ئیلیوت زۆرتر و ئاڵۆزترن زۆربەیان کەسایەتی هونەرین لە شیعر و چیرۆک و دراماکانەوە وەرگیراون... (٤٢)، بێجگە لەوەی تەکنیکی پەندی ئاگر جیاوازە و چیرۆک ئامێزە، بێگومان تەکنیکی چیرۆک زۆر زیاتر پەیوەستی ڕووداوو کەسایەتییە لە چاو تەکنیکی لیریکدا...

ئەو کەسایەتیانەی لە ڕازی دەرووندا هەن بێجگە لە نازدارانی جاف – ئەگەر بەشێوەیەکی فراوانی لە قەڵەم بدەین، کە هەر مەبەستی کچە بەگزادەکان نەبێت؛ بەڵکو مەبەستی کچانی هەموو خێڵەکە بێت – زۆربەیان لە چینێکی ئۆرستقراتین و پاشا و شازادەن، «پەری خان، مەحمود پاشا، ناهیدە خان، دوو پاشا (مەحمود پاشا و وەسمان پاشا)» ئەمانە هەموو لە یەک خێزانن و ئەو خێزانەش پاشای خێڵی جافە...

بەڵام وەک ئاماژەمان کرد کەسایەتیەکانی (پەندی ئاگر) جەنجاڵن و هەموو چینەکان ئەگرنەوە – بێ لەوەی وتمان هەندێکیان هونەرین و لە شیعر و چیرۆک و دراما وەرگیراون (سوینی، مسز پورتر، نیریو، ئیگنیندر، تاپریسیاس، کیژێکی چاپکەر، لاوێکی دومەلاوی، ماندۆلین، الیزابیس، لیستر) زۆربەی ئەم کەسایەتیانە پابەندی

(کات)ن دژایەتی (کۆن و نوێ) ئەگرنە خۆیان و کەسایەتیە کۆنەکان پاکن و جێ نشینەکانیان نابووت و نابەجێن، خۆ ئەگەر ڕاستەوخۆش ئیلیوت بەراوردیان نەکات بەیەک ئەوا بەپێی تەکنیکی هێما، هێنانەوەی لایەکیان ئاماژەیە بۆ لایەکەی دژی[٤٣].

لە دوا وێنەدا – ئەگەر هەردوو شاعیر بەکەسایەتیەکی ناوەوەی هۆنراوەکان دابنێین وەک گێڕەرەوەیەک (الراوي) ئەبینین هەردوو شاعیر لە وێنەیەکی لێکچوودا ئەسووتێن...

پیرەمێرد لەگەڵ سووتانی کەسایەتیەکانی هۆنراوەکەیدا کە نازدارانی جافن، ئەسووتێ:

(لە تاوی جەوری چەرخی چەپگەردا ئەوان **ئەسوتێن منیش** لە هەردا)[٤٤]

هەمان شێوە (پەندی ئاگر) بەسووتانی گێڕەرەوە (الراوي) پێلوی چاوی لێک ئەنێت:

پاشان هاتم بۆ قەرتاجنە To Carthage then I came

بەسووتاوی، بەسووتاوی، بەسووتاوی، بەسووتاوی
Burning burning burning burning burning(45)

ئەی پەروەردگار تۆی رزگارکەرم Olord Thou pluckest me out

سووتاوم burning

## ئەنجام

کۆکردنەوەی هەردوو هۆنراوە لە دوو تای بەراوردکاریدا هەڵقوڵاوی درامای (کات)ە لای هەردوو شاعیر، (کۆن/ ڕابردوو) ئەبێتە هێزێکی باڵادەست و ئێستا دائەپۆشێ و کاریگەری خۆی لەسەر ڕووی کەسایەتی و ڕەگەز و وێنە و دیمەنەکان بەجێ ئەهێڵێ[٤٦]، هەرچەندە لە چەند ڕوویەکەوە هەردوو هۆنراوەکە لە یەک جیاوازن، (کزەی دەروون) لیریکە و (وێرانە خاک) کە (پەندی ئاگر) بەشی سێهەمیەتی شەقڵی چیرۆک و وێنە کێشانی پێوە دیارە، بەڵام یەک هەڵوێست و دید کۆیان ئەکاتەوە کە بێزار بوونە لە ئێستا و هەناسە هەڵکێشانە بەدوا نەمانی ڕابردوو، و دیمەنە شیرینەکانیدا، لەم بارەیەوە ئەشێ جەنگی جیهانی یەکەم کاریگەری هەبوو بێت بۆ ئەم دیدە ڕەشبینە، چونکە مێژووی نووسینی (وێرانە خاک) ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٢٢)[٤٧]، هەروەها جەنگی جیهانی دووەم کاریگەری هەبوو بێت لەسەر دیدی





پیرەمێرد کە ڕازی دەروونی لە ساڵی (١٩٤٤)دا نووسیوە[٤٨]، بێجگە لەو خاڵانە و لەو وێنە شیعریانەی لە لێکۆڵینەوەکەدا شی کراونەتەوە، کە ئەم دوو دەقە لە یەک نزیک ئەخەنەوە.

لە بارەی دەست پێکردن و کۆتایی هەردوو هۆنراوەکەوە پیرەمێرد بە(خود) دەست پێدەکات و بانگ لە دوو ئاوانەکە ئەکات و بەدەرەوە (الخارج/الموضوع) کۆتایی بەهۆنراوەکە ئەهێنێ (کوا سەر ئێڵ کۆچی لێ خوڕێ بۆ **کوێستان**) بەڵام ئیلیوت بەدەرەوە دەست پێئەکات (**ڕەشماڵی** ڕووبارەکە ڕما...) و بە(خود) کۆتایی پێ ئەهێنێ (... **سووتاوم**).

## پەراوێز

١- بڕوانە: نحو منهج عربي للادب المقارن: د. جميل نصيف التكريتي: ٨٤، آفاق عربية ع٢ سنة ١٩٨٥.
٢- بڕوانە: پیرەمێردی نەمر، نووسینی محمد ڕەسول (هاوار): ١٢ - ١٩
٣- بۆ ژیانی ئیلیوت بڕوانە: ت. س. اليوت: يوسف سامي اليوسف: ٩ - ١٧
٤- بڕوانە: وێرانە خاک: مەحمود زامدار.
٥- بڕوانە: ت. س. اليوت: يوسف سامي اليوسف: ١٠٣ - ١٠٩
٦- بڕوانە: ت. س. اليوت: الارض اليباب، د. عبدالواحد لؤلؤة: ٤٣ - ٤٩
٧- بڕوانە: ت. س. اليوت: يوسف سامي: ١٠، پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین بێجگە لە خوێندنی فەلسەفە لە زانکۆی (هارفرد) سێ ساڵ، بۆ ماوەی ساڵێک فەلسەفەی لە (سۆربۆن) خوێندووە و گوێی لە وانەکانی فەیلەسوفی بەناوبانگ (برجسون) گرتووە (بڕوانە هەمان سەرچاوە و لاپەڕە).
٨- ئیلیوت دەربارەی گرنگی بایەخدان بەئاین ئەڵێت: (ئەوەی حەز ئەکەم دانی لێ داگرم ئەوەیە کە ئەدەبی نوێ دنیا پەرستی پەرپووتی کردووە، کە قەت ناتوانێ تێبگات کە بایەخی میتافیزیک لەسەرو بایەخی فیزیکەوەیە، ئەم خاڵەش پێویستە یەکەم شت بێت لە بیرکردنەوەماندا...) (خمسة مداخل الى النقد الادبي: ويلبرس. سكوت ترجمة د. عناد غزوان وجعفر الخليلي:٥٧)
٩- بەگشتی بڕوانە: پەندەکانی پیرەمێرد: کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، کاکەی فەلاح.
١٠- پیرەمێردی نەمر: ٢١
١١- بڕوانە: مدار الكلمة: امين البرت الريحاني: ١٧٩
١٢- بڕوانە: الحداثة ج١: مالكم برادبري و جيمس ماكفارلن: ترجمة مؤيد حسن فوزي: ١٥٩، هەروەها (اللغة والادب الحديث: جاكوب كورك ترجمة: ليون يوسف وعزيز عمانوئيل: ٢٣.
١٣- بڕوانە: پیرەمێردی نەمر: ٢٦، ٣١
١٤- بڕوانە: سەرجەمی هۆنراوەکە لە (پیرەمێردی نەمر)دا: ٨٧-٩١
١٥- بڕوانە: سەرجەمی هۆنراوەکە لە (پیرەمێردی نەمر)دا: ٢٧-٢٨
١٦- عباس محمود العقاد دەربارەی (کات) لە مێژووی بیری مرۆڤدا کە هێزێکی باڵا بووە و پەیوەست بووە بەخوداوەندەکانەوە ئەڵێت: (ئاگر پەرستەکان باوەڕیان وا بوو کە ئەهرومزدا و ئەهریمەن کوڕی خوداوەندێکی کۆنن کە ناوی (زۆران) بووە کە





درکەی (کات)ە (بەمانای کات دێت) «المجموعة الكاملة لمؤلفات الاستاذ عباس محمود العقاد (الفلسفة الاسلامية): ٩٧».
١٧- بڕوانە: حدس اللحظة فاستون باشلار: ترجمة رضا عزوز وعبدالعزيز زمزم: ٢٠
١٨- پیرەمێردی نەمر: ١٢٤
١٩- The complete poemes and plays of T. S Eliot,
٢٠- The complete poemes and plays of T. S Eliot,
٢١- پیرەمێردی نەمر: ١٢٤
٢٢- پیرەمێردی نەمر: ١٢٤ - ١٢٥
٢٣- The complete poemes and plays of T. S Eliot,
٢٤- بڕوانە: ت س. اليوت: د. عبدالواحد لؤلؤة: ١١٨
٢٥- پیرەمێردی نەمر: ١٢٤
٢٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٢٧- The complete poemes and plays of T. S Eliot,
٢٨- پیرەمێردی نەمر: ١٢٤-١٢٥
٢٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٣٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٣١- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٣٢- بڕوانە: ت س. اليوت: يوسف سامي اليوسف:١٢
٣٣- The complete poemes and plays of T. S Eliot,
٣٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٣٥- پیرەمێردی نەمر: ١٢٦
٣٦- The complete poemes and plays of T. S Eliot,
٣٧- لەبەر زۆری ئەم ڕەگەزانە لای ئیلیوت وە پابەند بوونی لێکۆڵینەوەکە بەچەند پەڕەیەکی دیاریکراوەوە بەپێی ڕاگەیاندنی پرۆگرامی میهرەجانی زانستی، نەمانویست درێژە بەم لایەنە بدەین.
٣٨- پیرەمێردی نەمر: ١٢٤
٣٩- The complete poemes and plays of T. S Eliot,
٤٠- پیرەمێردی نەمر: ١٢٤
٤١- The complete poemes and plays of T. S Eliot,

٤٢- پیرەمێردی نەمر: ١٢٤

٤٣- The complete poemes and plays of T. S Eliot, هەروەها وێنەی کـیـژە چاپکەرەکـە و لاوە دومـەڵاوییـەکـە لەم وێنەیە ئەچێ (لاوەکـە هەوڵ ئەدات دەستبازی لەگەڵدا بکات کیژیش حەزی لێ نییە و بەرەنگاریشی ناکات کاتێ لاو ئەهەژێ، قەرار ئەدا و، بەهەڵپە هێرشی بۆ ئەبات...) هەمان سەرچاوە.

٤٤- بڕوانە: ت. س. الیوت: عبدالواحد لؤلؤة: ١١٩-١٣٢

٤٥- کۆی دێرەکانی ڕازی دەروون (٢١) دێرە و کۆی پەندی ئاگر (١٣٩) دێرە.

٤٦- بڕوانە: التجربة الخلاقة: بروفیسور. س. م. بورا . ت سلافة حجاوي: ١٩١ هەروەها بڕوانە: دراسات في النقد: الن تیب: ت. عبدالرحمن یاغي: ٦٤- ٧٠

٤٧- پیرەمێردی نەمر: ١٢٦

٤٨- The complete poemes and plays of T. S Eliot,

٤٩- دەربارەی دەسەڵاتی ڕابردوو (باشلار) ئاماژە بۆ کاریگەری کۆن ئەکات و ئەڵێت: (ڕابردوو کـاریگەری و شـوێنەواری خـۆی لەسـەر تەن (المادة) بەجێ ئەهێنێ و سێبەری خۆی ئەکێشێ بەسەر (ئێستا)دا و کۆن ئەبێت بەزیندوویەکی هەمیشەیی لەلایەنی تەنەوە...) (حدس اللحظة: ١٦) هەروەها وا دەرئەکەوێت ئیلیوت ئەم بۆچوونەی لا پەسەندە و ئەویش بەهەمان شێوە ئەڵێت: (ئێستای بەئاگا ئەوەیە لە ڕابردوو تێگەیشـتـبێ) (صناعـة الاداب...: و. أ. سکوت جیـمس: ت. هاشم الهنداوی: ٣١٤).

٥٠- بۆ کاریگەری جەنگی جیـهـانی یەکەم لەسەر ئیلیوت لەم هۆنراوەیەدا بڕوانە: الکتابة لحظة وعي: محمد أبو شحیط: ١٢١

٥١- بڕوانە: پیرەمێردی نەمر: ١٢٣





## سەرچاوە

١- پەندەکانی پیرەمێرد: کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی کاکەی فەلاح. بەرگی یەکەم، چاپی دووهەم: چاپخانەی کاکەی فەلاح: ١٩٨٢.

٢- پیـرەمێردی نەمـر: نووسینی محـمـد رسول (هاوار): چاپخـانەی (العـاني) بغـداد ساڵی ١٩٧٠.

٣- التـجربـة الخـلاقـة: بروفـیـسـور س. م بورا: ترجمـة سلافـة حجـاوي، الجـمـهـوریة العراقیة، وزارة الاعلام ١٩٧٧.

٤- ت. س. الیوت: یوسف سامي الیوسف: عمان، الاردن الطبعة الاولی: ١٩٨٦.

٥- ت. س. الیـوت، الشـاعـر والقـصـیـدة. د. عـبدالواحـد لؤلؤة المؤسـسـة العـربیـة للدراسات والنشر، بیروت الطبعة الاولی ١٤٠٠هـ- ١٩٨٠م.

٦- The complete poemes and plays of T. S Eliot faber and faber 24 Russell Square, London 1967.

٧- الحداثة: تحریر مالکم برادبري وجیمس مـاکفارلن. ت. مؤید حسن فوزي، وزارة الثقافة والاعلام. بغداد ١٩٨٧.

٨- حدس اللحظة: فاسـتون باشلار: ت. رضـا عـزوز وعبدالعزیز زمزم، دار الشـؤون الثقافیة العامة، بغداد ودار التونسیة للنشر، بلا.

٩- خمسة مـداخل الی النقد الادبي: ویلبریس، سکوت: ت. د. عدنان غزوان وجعفر خلیلي دار الرشید للنشر: ١٩٨١.

١٠- دراسـات في النقـد: الن تـبت: ت. د. عـبدالرحـمن یاغي، مکتـبـة المعـارف، بیروت ١٩٦١.

١١- صناعة الادب: ر. أ. سلوت جیمس: ت. هاشم الهنداوي، دار الشؤون الثقافیة بغداد، بلا.

١٢- الکتـابة لحظة وعي: مـحـمـد بو شـحـیط: المؤسـسـة الوطنیـة لکتاب الجـزائر: ١٩٨٤.

١٣- اللغة في الادب الحدیث، الحداثة والتجریب: جاکوب کورك: ت لیـون یوسف وعمانوئیل عزیز دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد ١٩٨٩.

١٤- المجموعـة الکاملة لمؤلفات الاسـتـاذ عـباس مـحـمـود العـقـاد. م ٩ (الفـلسـفـة الاسلامیة، دار الکتاب اللبناني، بیروت ط١ سنة ١٩٧٨).

١٥- مدار الکلمة دراسات نقدیة: امین البرت الریحاني، دار الکتـاب اللبناني، دار

الكتاب المصري ط١ ١٩٨٠.

١٦- نحو منهج عربي للادب المقارن: د. جميل نصيف التكريتي: آفاق عربية ع٢، ١٩٨٥.

١٧- ویرانە خاک: محمود زامدار: دیاری ژمارە (٤١)ی ڕۆشنبیری نوێیە لە لایەن (بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری کوردی)یەوە دەرئەچێ: ١٩٧٥





## کزەی دەروون (دوو ئاوانەکە)

دوو ئاوانەکەی شوێن ماڵە گەورە
سەرەو خوار ئەڕۆی بەپێچ و دەورە
تۆ بەڕووناکی وێنەی بلووری
ئاوی زیندەگی گشت شارەزووری
ئەناڵم ئەڵێم تۆ وەک ئاوێنەی
بۆ شوێن دەستکردی کردگار وێنەی
بۆچ پێم نانوێنی وێنەی فۆتۆغراف
وێنەی شیرینی نازدارانی جاف
نمونەی دەستی پەروەردگار بوون
بەدەوری تۆدا گوڵی بەهار بوون
بەشەدەی لار و کراسی کەتان
وەک مانگ (کەتان)ی جەرگیان ئەسووتان
وەک مانگ بەشەدەی تاریکی دەیجوور
بورجی ڕەشماڵیان پڕ ئەکرد لە نوور
شەوی مانگە شەو ئاوایی خەوتن
لە دوای سرەوتن کاتی تێکەوتن
ئەو لەش و لارە بەشڵەپەی مەلە
دڵی دڵداریان ئەخستە پەلە
ئای بۆ (پەری خان) نازداری جافان
ئاهوی زەڕ باهوی عەنبەر کلافان
ماڵە بەگزادە و سیرەی سەماوەر
ڕووی ئەو ڕووبارەی وا ئەگرتە بەر
دەنگی نەکیسا و بەزمی خوسرەوی
لای محمود پاشا ئەکەوتە نەوی
ئاوازی سەقر و باز و باڵەبان

حیلەی ماینی جنسی کەحیلان
ئەمانە هەمووی خوا دابووی بەجاف
حکومدارێک بوون بێ لاف و گەزاف
لەم دواییەدا خۆ (ناهیدە خان)
شا خانمێک بوو بەلاو دیوەخان
شوێنی دوو (پاشا)ی پڕ کردبووەوە
گەرەوی لە ڕۆحی چەرخ بردبووەوە
توخوا ئاوەکە بۆن گوڵاوەکە
بۆ سەرچاوەکە کەمێ لاوەکە
بڕوانم ئاخۆ جامی فۆتۆغراف
نیشانم نادات شێوەی أیلی جاف
نەء ئەو دەبدەبە و سەر ئەو سەر ئاوە
ایستە ئەفسانە و نەخشی سەر ئاوە
ئەم دڕک و داڵە ئەم قەل و داڵە
مانەوە لە شوێن ئەو گەورە ماڵە
نازداران بوونە ماسی دواوان
بەبۆمبای ڕاوکەر کەوتنە سەر ئاوان
لە تاوی جەوری چەرخی چەپگردا
ئەوان ئەسوتێن منیش لە هەردا
وێڵ و ئاوارەی ایلی مرادیم
نزیک لە مەرگم دوریش لە شادیم
بۆ بازی مراد هەر (قەیسەر قوومە)
بەختم شوومە و باز کەوتە وەیشوومە
من بۆ ایل ئەگریم مات و دڵ خەستە
رستی خێوەتی بەگزادە (ڕیستە)
لە شوێن سەر مەلا و الله اکبر





(کاری) کار ئەکا و (ستیرت بەجۆکەر)
ایستاکە ڕێی کۆچ گوشادە و ئاسان
کوا سەر ایل کۆچی لێ خوڕی بۆ کوێستان

## وێرانە خاک (پەندی ئاگر)

ڕەشماڵی ڕووبارەکە ڕماوە دوا پەنجەی گەڵا
گیر دەبێ و بەناخی زەوییە شێدارەکەدا دەچەقێ (با)
بەبێ دەنگی تێپەڕی بەسەر زەویە کەوەڵەیەکەدا ،
پەریەکان کۆچیان کرد
ئەی تایمزی سازگار هێواش برۆ، هەتا گۆرانییەکەم
تەواو ئەکەم
ڕووبار نە شووشەی بەتاڵ نە کاغەزی سەندەویچ
نە دەسڕی ئاوریشم، نە پاکەتی مقەبا، نە قنگە
جگەرە
نە پاشماوەیەکی شەوانی هاوین ناهێنی... پەرییەکان کۆچیان کرد
هەروەها هاوڕێ جێ نشینەکان، جێ نشینانی
سەرمایەدارەکان
ڕۆیشتن بێ ئەوەی ناونیشان بەجێ بهێڵن
لەسەر کەناری (لیمان) دانیشتم و گریام
ئەی تایمزی سازگار، لەسەرخۆ برۆ، هەتا
گۆرانییەکەم تەواو ئەکەم
تایمزی سازگار لەسەرخۆبە، من دەنگ بەرز
ناکەمەوە و درێژەی پێ نادەم
هەرچەندە لە پشتمەوە، لە گەردەلولێکی ساردا
خرمەی ئێسقان و قاقای پێکەنین لەم گوێوە بۆ
ئەو گوێ ئەبیەم
مشکێ بەئاسپایی لەناو گژوگیاکەوە هاتە
دەرەوە
بەپێستە چرچ و لۆچەکەی سکی لەسەر
کەنارەکە سکە خشێ ئەکات





کاتێ لە جۆگە بۆگەنەکەدا ڕاوم ئەکرد
لە ئێوارەیەکی زستاندا لە پشتی کارگەی گازەکەوە
بیرم لە تێکشکانی کەشتێکەی برای پاشام
ئەکردەوە و لە مردنی باوکی پاشام پێش ئەو
چەند لەشێکی سپی ڕووت لەسەر زەویە نزمە شێدارەکە
چەند ئێسک و پروسکێکی فڕێدراو لە هەورەبانە
بچووکە وشکە نزمەکەدا
تەنها پێی مشک ساڵ بەساڵ خشەی لێوە ئەهینان
بەڵام سات نا ساتێ لە پشتمەوە
دەنگی هۆڕن و ئەو ماشینانە
کە لە بەهاردا (سوینی) ئەگەیاندە (پورتر) خانم
ئای تریفەی مانگ هەڵهات لەسەر (پورتر) خانم
و لەسەر کچەکەی
ئەوان قاچیان بەئاوی سۆدا ئەشۆن
ئای لە چریکەی منداڵەکان لە ژێر قوبەکەدا
تویت تویت تویت
چک چک چک
ئاوا، بەزۆرداری (تیریو)
فڕێندرا
شارێکی درۆینەیە
لەژێر تەمومژێکی نیوەڕۆیەکی زستاندا
(ئیگندز) ئاغا، ئەو بازرگانە ئەزمیرییە،
ڕیشنە، بەگیرفانی پڕ مێوژەوە
کرێ و تەئمینی بەلاش بۆ لەندەن، کۆمپیالەکە یەکسەر
دوا بینین حەقیان ئەدرێ
بەفەرەنسییەکی میللی، بانگی کردم

بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ لە ئوتێلی شەقامی (کانون)
پاشان بۆ ڕابواردنی پشووی هەفتە لە (میترپۆل)
کاتێ ئاسۆ سۆر هەڵئەگەڕێ، لەو کاتەی چاو ئەڕوانێ
بۆ ئاسمان و
پشت کورسی بەجێ ئەهێڵێ، و ماشینی مرۆڤ
بەبێ هودە وەک ئۆتۆمبیلی کرێ چاوەڕوان ئەکات
منی (تایرسیاس) لەگەڵ کوێریمدا، ڕاڕام لە نێوان دوو
ژیاندا
پیاوێکی پیر بەدوو مەمکی فشەڵی ژنانەوە لەگەڵ
کوێریشدا ئەتوانم کاتێ ئاسۆ سور هەڵ ئەگەڕێ
خۆرئاوا ڕێ ئەبڕێ بەرەو ماڵەوە
کەشتیوان لە ماڵەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە
کیژە چاپکەرەکە بۆ چا خواردن ئەگەڕێتەوە بۆ
ماڵەوە
تا پاشماوەی نانخواردنی بەیانی پاکاتەوە و زۆپاکەی
داگیرسێنێ و خۆراکی قوتو بخوات
لەو دیو پەنجەرەی ژوورەکەیەوە بێ شەرمانە
جلە هەڵخراوەکانی ژێرەوەی خەریکە وشک ئەبێتەوە
لەگەڵ دوا تیشکی ڕۆژدا
لەسەر کورسیەکەی کە جێگەی نوستنی شەوێتی
گۆرەوی و پاپوج و کراس و سوخمەی مەمک کۆمەڵ
کراوە
منی (تایرسیاس) پیاوێکی پیری خاوەن دوو مەمکی
فشەڵ
ئەم دیمەنەم بینی و تەواوکەرەکەی تێگەیشتم منیش
هەستم بەمیوانی چاوەڕوان کراو کرد هاکا گەیشتە جێ،





ئەو لاوە دومەڵاوییەی کە نووسەرە لای خاوەن
ملکێکی بچکۆلە لە ڕوانیندا سڵ ناکاتەوە
بڕوا کردنی خەڵک پێی لەسەری نیشتۆتەوە
وەک شەپقەی سەر سەری ملیۆنێرێک
کاتێ هات وەک ئەو دای نابوو
نان خورا و، کیژەکە ماندوو و پەستە
لاوەکە هەوڵ ئەدات دەستبازی لەگەڵدا بکات
کیژیش حەزی لێ نییە و، بەرەنگاریش ناکات
کاتێ لاو ئەهەژێ، قەرار ئەدا و بەهەڵپە هێرشی بۆ
ئەبات
دەست ئەکوتێ، وە بەرهەڵستی نابینێ
ئەوەندە لە خۆ ڕازیە چاوەڕوانی وەڵامی بەرامبەر
ناکات
کەمتەرخەمی کیژەکە بەپێخۆشحاڵی ئەداتە قەڵەم
منی (تایرسیاس) لە پێشتر ئەمانەم زانی و بینی
کە لەسەر ئەم کورسییە یان ئەو جێیە ڕوو ئەدات
من ئەو کەسەم کە دانیشتم لە (تیبە) لە ژێر سێبەری
دیوارەکەیدا
ڕۆیشتم بەناو بێ نرخترین مرودواندا
لاوەکە دوا ماچ ئەکات و
ڕێگەی چوونە دەرەوە ئەگرێتە بەر، ئەبینێ قادرمەکان
تاریکن
کیژ ئەگەڕێتەوە، تاوێک سەیری ئاوێنە ئەکات
هەروەکو ئەشزانێت خۆشەویستەکەی ڕۆیشتووە
مێشکی ڕێگە بەبیرێکی نیوە ناچل ئەدات کە گۆزەرکات
(باشە، ئێستا ئەوەی ڕوویدا ڕوویدا، دڵخۆشم کە

تێپەڕێ)
کاتێ جوانێک ئەکەوێتە گەوجییەکەوە
دووبارە تەنیا دێت و دەچێت بەژوورەکەیدا، بەدەستێکی
ئامێری
قژی دائەهێنێ و
شریتێ ئەخاتە سەر تۆمارکەرەکە
(ئەم ئاوازانە لە دەورم بوون لەسەر ڕووبارەکە
بەدرێژای (ستراند) هەتا شەقامی (فکتوریا)
ئای شارەکە... شار!! جار جار
لە پاڵ مەیخانەیەکی شەقامی تایمزی خوارەوە
خەریکە گوێم لە نرکە نرکی (ماندۆلین)ی پڕ ئازار بێت
هەروەها لە تەقە تەق و قاوقیژێک لە ناوەوە
کە ڕاوکەرانی ماسی، بەنیوەڕوان تێیدا ڕائەکشان لەوێ
کە دیواری
کڵێسەی (ماگنس)ی شەهید
جوانییەکی وەسف نەکراوی سپی و ئاڵتونی ئەیۆنی
گرتبووە خۆ...
ڕووبارەکە نەوت و قیری
لێ ئەتکێ
بەلەمەکان ڕێز ئەبوون
لەگەڵ شەپۆلی گەڕاوەدا
چارۆکە سورە
پانەکان...
بەرامبەر با لەسەر کەشتییە قورسەکە ئەشنانەوە
کەشتیەکان بەڕێ بوون
کۆمەڵە داری ئاوبردو





ئەگەنە کەناری (گرینج)
پاش دورگەی (دۆچ)
ویلا لا... لا
ویلا لا... لا لا
(ئیلیزابیت) و (لیستر)
سەوڵەکان ئەخەنە تەقە تەق
سنگی بەلەمەکە سەدەفێکی
داپۆشراو بەسور و زەرکەفتییە
شەپۆڵ بەچالاکی
هەردوو کەنارەکە دێنێتە جۆش
بای باشووری ڕۆژئاوایی
لەگەڵ ڕەوەتی ئاودا
زرەی زەنگی بورجە سپییەکان دێنێت
ویلا لا... لا
ویلا لا... لا لا
شەمەندەفەر و دار و درەختە تەپ و تۆزاویەکان
(هایبری) هینامیە دی، و (ڕیچموند) و (کێو)
لەناویان بردم، بەرەو ڕیچموند ئەژنۆم هەڵناوە
بەپاڵ کەوتنەوە لەناو بەلەمێکی تەسکدا
پێم لە (مۆرگرێت)ە و دڵم
لە ژێر پێمدایە، پاش ڕووداو
ئەو گریا و پەیمانی (سەرەتایەکی نوێی)دا
من هیچ تانەیەک نادەم... چی پێویستە ڕەخنەی لێ
بگرم؟!
لەسەر لمی (مارگریت)
ئەتوانم چی ببەستمەوە

بەچییەوە؟!!

نینۆکی شکاوی دەستە پیسەکان

خێڵەکەم خێڵێکی هەژارە و

چاوەڕانی هیچ ناکات

لا... لا

پاشان هاتم بۆ (قرتاجنە)

بەسووتاوی، بەسووتاوی، بەسووتاوی، بەسووتاوی

ئەی پەرەرودگار تۆی ڕزگارکەرم

ئەی پەروەردگار تۆی ڕزگارکەر

سووتاوم...

And walked among the lowest of the dead.)
Bestows one final patronising kiss,
And gropes his way, finding the stairs unlit..

She turns and looks a moment in the glass,
Hardly aware of her departed lover;
Her brain allows one half-formed thought to pass:
‘Well now that’s done: an I’m glad it’s over.’
When lovely woman stoops to folly and
paces about her room again, alone,
She smoothes her hail with automatic hand,
And puts a record on the gramophone.

‘This music crept by me upon the waters’
And along the Strand, up Queen Victoria Street
O City city, I can sometimes hear
Beside a public bar in Lower Thames Street,
The pleasant whining of a mandoline
And a clatter and a chatter from within
Where fishmen lounge at noon: where the walls
Of Magnus Martyr hold
Inexplicable splendour of Ionian white and gold.

The river sweats
Oil and tar
The barges drift
With the turning tide
Red sails
Wide
To leeward, swing on the heavy spar
The barges wash
Drifting logs
Down Greenwich reach
Past the Isle of Dogs.
Weialala leia
Wailalala leialala
Elizabeth and Leicester
Beating oars
The stern was fromed
A gilded shell
Red and gold
The brisk swell
Rippled both shores





Southwest wind
Carried down stream
The peal of bells
White towers

Weialala leia
Wallala leialala

‘Trams and dusty trees.
Highbury bore me. Richmond and Kew
Undid me. By Richmond I raised my knees
Supine on the floor of a narrow canoe.’

‘My feet are at Moorgate, and my heart
Under my feet. After the event
He wept. He promised “a new start”.
I made no comment. What should I resent?’

‘On Margrate sands.
I can connect
Nothing with nothing.
The broken fingernails of dirty hands.
My people humble people who expect
Nothing.’
la la
To Carthage then I came.

Burning burning burning burning
O Lord Thou pluckest me out
O Lord Thou pluckest

burning

# THE WASTE LAND
## III. THE FIRE SERMON

The rivers tent is broken: the last fingers of leaf
Clucth and sink into the wet bank. the wind
Crosses the brown land unheard. The nymphs are departed.
Sweet Thames, run softly, till I end my song.
The river bears no empty bottles. sandwich papers,
Silk handkerechiefs, cardboard boxes, cigarette ends.
Or other testimony of summer nights. The nymphs are departed.
And their friends, the loitering heirs of city directors--
Departed, have left no addresses.
By the waters of Leman I sat down and wept…
Sweet Thames, run softly till I end my song,
Sweet Thames, run softly for I speak not loud or long.
But at my back in a cold blast I hear
The rattle of the bones. and chuckle spread from ear to ear.
A rat crept softly through the vegetation
Dragging its slimy belly on the bank
While I was fishing in the dull canal
On a winter evening round behind the gashouse
Musing upon the king my brother's wreck
And on the king my father's death before him
White bodies naked on the low damp ground
And bones cast in a litte low dry garret,
Rattled by the rat's foot only, year to year
But at my back from time to time to I hear.
The sound of horns and motors, which shall bring
Sweeney to Mrs. Porter in the spring
O the moon shone bright on Mrs. Porter
And on her daughter
They wash their feet in soda water
*Et O ces voix d'enfants. chantnt dans la coupole!*
*Twit twit twit*
*Jug jug jug jug jug jug*
*So rudely forc' d*





***Tereu***

Unreal City
Under the brown fog of a winter noon
Mr. Eugenides, the Smyrna merchant
Unshaven, with a pocket full of currants
C.i.f. London: documents at sight
Asked me in demotic French
To luncheon at the Cannon Street Hotel
Followed by a weekend at the Metropole.

At the violet hour, when the eyes and back
Turn upward from the desk, when the human engine waits.
Like a taxi throbbing waiting,
I Tiresias, though blind, throbbing between two lives,
Old man with wrinkled female breasts, can see
At the violet hour, the evening hour that strives
Homeward, and brings the sailor hom from sea
The typist home at teatime, clears her breakfast, lights
Her stove, and lays out food in tins.
Out of the window perilously spread
Her drying combinations touched by the sun's last rays,
On the divan are piled (at night her bed)
Stockings, slippers, camisoles, and stays.
I Tiresias, old man with wrinkled dugs
Periceived the scene, and foretold the rest--
I too awaited the expected guest.
He, the young man carbuncular, arrives,
A small house agent's clerk. with one bold stare,
One of the low on whom assurance sits
As a silk hat on a Bradford millionaire
The time is now propitious, as he guesses,
The meal is ended, she is bored and tired,
Endeavours to engage her in caresses
Which still are unreproved, if undesired
Flushed and decided, he assaults at once;
Exploring hands encounter no defence;
His vanitry requires no responce,
And makes a welcome of indifference.
(And I Tiresias have foresuffered all
Enacted on this same divan or bed;
I who have sat by Thebes below the wall

# ناوەڕۆک

پێشەکی ..... 5

**خولگەی یەکەم:** دیالێکتیکی وردیلەیی و قەبەیی لە هۆنراوەی (جوانی بێ ناو)ی گۆڕاندا ..... 7

- دەروازە ..... 7
- تەوەرەی یەکەم: ڕستی ڕەنگ (کاڵ/ تۆخ) ..... 10
- تەوەرەی دووەم: ڕستی دەنگ (نزم/ بەرز) ..... 11
- تەوەرەی سێیەم: ڕستی چەندێتی (کەم/ زۆر) ..... 13
- تەوەرەی چوارەم: ڕستی ڕواڵەت و پایە (ساکار/ ڕازاوە و پایەدار ..... 14
- تەوەرەی پێنجەم: ڕستی کات و جووڵە ..... 16
- تەوەرەی شەشەم: ڕستی (وردیلە/ قەبە) ..... 19
- ئەنجام ..... 22
- پەراوێز ..... 25
- سەرچاوە ..... 27
- هاوپێچ (هۆنراوەی "جوانی بێ ناو") ..... 30

**خولگەی دووەم:** من و تۆ لە نێوان بوون و هەبووندا لە دیوانی (ڕۆژان ئەڕوا و تۆ هەر خۆشەویستی منی) فەرەیدون عەبدول بەرزنجی دا ..... 32

- پێشەکی ..... 32
- دەروازە و کەشی نووسین ..... 33
- من و تۆ و بوون/ هەبوون ..... 38
- گۆڕاو/ نەگۆڕ ..... 50
- جووڵاو/ وەستاو ..... 53
- کات/ شوێن ..... 57
- ئەنجام ..... 63
- پەراوێز ..... 65
- سەرچاوە ..... 71



کلیلی خشتەکان: (١)، (٢)، (٣) ..... 73

خشتەی (١) بەکارهێنانی (من/ تۆ) ..... 74

خشتەی (٢) ڕستە داخوازییەکان ..... 75

خشتەی (٣) بەکارهێنانی شوێنەکان ..... 76

**خولگەی سێیەم:** بەراوردێک لە نێوان ئیلیۆت و پیرەمێرددا (پەندی ئاگر) – بەشی سێیەمی وێرانە خاک – و (کزەی دەروون) – لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی بەراوردکاری ..... 77

- پێشەکی ..... 77
- دەروازە ..... 78
- تەوەرەی یەکەم: کات و جووڵە ..... 80
- تەوەرەی دووهەم: کات و شوێن و ڕەگەزەکان ..... 83
- تەوەرەی سێهەم: کات و کەسایەتییەکان ..... 86
- ئەنجام ..... 89
- پەراوێز ..... 91
- سەرچاوە ..... 94
- هاوپێچ (هۆنراوەی "کزەی دەروون" – دوو ئاوانەکە) ..... 96
- هاوپێچ (پەندی ئاگر) لە وێرانە خاک ..... 110